

چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کۆیە

مام هەژار

2011

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی كۆیە

نوسینی مام هەژار

كۆیە

٢٠١١

✓ ناوی کتێب: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کۆیە
✓ نوسینی: مام هەژار
✓ تیراژ: ٥٠٠ دانە
✓ سالی چاپ: ٢٠١٠
✓ دیزاین: سەنتەری لێکۆلینەوە و پەخشی کۆیە

چاپ کردنی
کۆمەلگەی چاپەمەنی شەهاب – هەولێر

لەسەر ئەرکی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە چاپ کراوە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (٥١٩) سالی ٢٠١١ ی پێدراوە

پێشکەشە بە :

گیانی پاکی باوکم و دایکم.

حاجی و دڵداری نەمر.

پێشەکی

ئەم کتێبە کۆمەڵێك ووتاری نوسەرێکە کە زۆر بە سەلیقەو وردەکارییەوە وەك باس و لێکۆلینەوەی لەسەر شاری کۆیەو بە تایبەتی لە سەدەی رابردوو نوسیوەو باسەکان هەمەلایەنە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو شارستانیو کەلتوریو فەرهەنگی کۆیە نوسراونو بونەتە بڕوانامەی زۆر چاكو پوخت بۆ هەرکەسێك بێت خەریکی دیراسەتی راستی مێژووی ئەم شارە بێت وە رووە شارستانیەکەی تێدا نیشان کراوە.

گەر بە وو‌ردی بە باسەکاندا بڕۆیت دەسەلمێندرێ کە کۆیە بنکەیەکی شارستانی کوردستان بووە وە رەسەنایەتی تایبەتی خۆی هەیە دەوری لە گەشەکردنو پێشکەوتنی کوردستان بووە لە رووی زانستو ئەدەبو هونەری گۆرانیو مۆسیقا ئاوێتە بوونێکی شارستانی تێدا خولقاوە.. هەر ئەوەش وای کردووە کە خۆڕاگر بێت لەبەردەمی زریانی زەمانەی ناحەزانیو هەڵگری مەشخەڵی کوردایەتیو سیاسەتو پێشکەوتن خوازی بێت.

دەست خۆشی لە مام هەژاری نوسەر دەکەین کە بەراستی باسەکانی بە پێزو دەوڵەمەندن وە ئەم هەوڵە زۆرمەسەلەو روداوی مێژووی پاراستووە پێش ئەوەی بچێتە دنیای لەبیرچوونەوەو فەوتان بە تێپەڕبوونی زەمانو نەمانی ئەوانەی لە بیریان بووە.. دیارەو ئاشکرایە سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە کاری سەرەکی ئەم جۆرە باسانەیە.. بۆیە بە سوپاسەوە بڕیارماندا ئەم کتێبە چاپ بکەین، ئومێدوارین کاکە هەژار بەرهەمی بە بریشتو دەوڵەمەندیتر ببەخشێتە گەلەکەی..

خوا چەپارەمان بدات لەسەر خزمەتی نەتەوەکەمانو شارەکەمان..

صلاح شێخ شرف

لێپرسراوی سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی

کۆیــــــــە

جولەکەکانی کوردستان

چەند تابلۆیەکی خەماوی لە مێژوویێکی دوور

پیشکەشە بەو جولەکە کوردەی کە دوای نیو سەدە دابڕان لە زێدی خۆی شنەی ئازادی کوردستان هێنایەوە سەر خانووە شەق و شڕەکەی جارانی و لەبەردەم میحرابەکەیدا خاک و خۆڵەکەی ماچکرد..

ڕۆژهەڵات لانکەی سەرهەڵدانی ئاینەکانە.. بۆیە دەبینین ڕۆژهەڵاتیەکان لەسەر یەك ئایین نین.. تەنانەت لە ناو ئاینێکیشدا چەندین ئاینزار لێکدانەوەی جۆر بە جۆر بەدی دەکرێت.. ئایینی جولەکە یەکێکە لە ئایینە هەرە کۆنەکانە.

گەلی جولەکە بە درێژایی مێژوو ڕوو بە ڕووی چەندین کارەسات و نەهامەتی هاتووە.. مەگەر مێژووی گەلی کورد، ئەگینا مێژووی هیچ گەلێکیتر بە قەد مێژووی ئەوان خوێناوی نییە.. لە سەرەتادا گەلی جولەکە نەیانتوانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنن، ئەوان لە چەندین هۆزو تیرە پێکهاتوون.. هیچ سەرۆك خێلێك ملی بۆ ئەوانیتر کەچ نەدەکرد، بەڵام لە ئەنجامی مەترسی دەرەکی. هەر دوانزە تیرەکەیان لە ساڵی(١٠٢٥) شائولی کوڕە جوتیاریان بە سەرۆکی یەکەم دەوڵەتی خۆیان هەڵبژارد.

لە سەدەی حەوتەمی(پ. ز) ئاشوریەکان پەلاماری خاکی(کەنان) یان داو سەدان جولەکەیان قەتل و عام کرد.. هەزارانیشیان بە دیل

گرتو دەربەدەریان کردن.. تەورات بەم شێوەیە باس لە جوەکان دەکات (لە سەدەی حەوتەم.. پاشای ئاشوور سامیرەی گرت، ئیسرائیلیەکانی بۆ ئاشور راگواست، لە هەلاو سەرو خابوورو روباری گوزانو چیاکانی میدیا نیشتەجێی کردن).

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، کتێبێك بە ناونیشانی(دەولەتی جولەکە) لە لایەن دکتۆرێکی جولەکەی شاری ڤییەننا بە ناوی(تیۆدۆر هیرتزل) نووسرا.. ئەم کتێبە تا هەنوکە بە تەوراتی دووەمی بزوتنەوەی زایۆنی دەژمێردرێت.. (هیرتزلو حاییم وایزمن) رۆلی گرنگیان لە دامەزراندنی دەولەتی جولەکە بینی.

لە سالی(١٩٤٨) جولەکەکانی هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە لە کۆچێکی بە کۆمەلدا، تا سالی(١٩٥١) نزیکەی(٦٥٨) هەزار کەسیان بەرەو ئیسرائیل خاکی بەلێن پێدراو(أرض الميعاد) کۆچ پێکرد.

گەلێکی زیندوو

بەشی هەرە زۆری جولەکەکانی کوردستان نیشتەجێی شارەکانی زاخۆو ئامێدیو ئاکرێو دهۆكو هەولێرو سلێمانی بوون.. جگە لەوە ژمارەیەکیشیان لە شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان بڵاو بونەوە..

کۆیە یەکێکە لەو شارانەی هەر لە زووەوە کەمینەیەکی ئایینی جولەکەی تێدا ژیاوە.. ئەوان بە زۆری لە کۆنە قەڵاتی گەڕەکی هەواو بوون، هەر لەوێش(کەنیشتە)یان هەبوو، پێش سەدو پەنجا ساڵێکیش لەمەوبەر، چەند ماڵێکیان گواستەوە گەڕەکی بەفری قەندی دەوروپشتی مزگەوتی(حەتكو گەرموك).. پێیان دەگوت گەڕەکی جولەکان، بە هەمان شێوە لەوێش(کەنیشتە)یان هەبوو.

زمانی جولەکەکان زاراوەیەکی رۆژهەڵاتی ئارامیە.. واتا بە هەمان زمانی ئاشوریو کلدانی دەدوان، جگە لەوزەمانە جولەکەکان زمانی کوردیشیان زانیوە، بەڵام هەرگیز لە بۆتەی فەرهەنگی کوردیدا نەتوارنەتەوە.. بە دەگمەن نەبێ ئەگینا هیچ جولەکەیەك خاوەنی زەویو زار نەبووە، ئەوان هەمیشە خۆیان بە میوان زانیوە، چونکە ئاینەکەیان بەڵێنی گەڕانەوەی خاکی ئیسرائیلی پێداون.

جولەکە لە سەر ئاستی دونیادا بە زیرەكو دەست رەنگین ناسراون.. دەیان(زاناو فەیلەسوفو بیریار)یان لێ هەڵکەوتووە، لە کوردستانیش

ئیش‌و کاری زەڕەنگەری‌و دارتاشی‌و خەمچێتی‌و وەستای خانوو بەرەیان قۆرخکردبوو.. هەر بە هۆی شارەزایی‌و دڵسۆزیان لە کارەکانیاندا هەمیشە بازاڕیان لە هەڕمێن دابوو.. جگە لەو کارانەی سەرەوە بازرگانی توتن‌و خوری‌و مازوو و کەتیرەو وەنەوشە لە نێوان کۆیەو شارەکانی وەك..(موسل‌و بەغدا) لە لایەن ئەوانەوە دەکرا.. پێم وایە ئەو سەردەمەی کە کۆیە ناوەندێکی بازرگانی مەزن بووە لە ناوچەکە، هۆیەکەی بۆ چوست‌و چالاکی ئەو دوکاندارو بازرگانە جولەکانە دەگەڕێتەوە.

جولەکەکان لە نێوان خۆیاندا زۆر کۆك‌و تەبا بوون.. حەسودیان بە یەکتر نەبردوە، دەستی یارمەتیان بۆ یەکتر درێژ کردووە.. نەمان بیستووە خیانەت لە یەکتر بکەن، لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە جولەکەی زیاتر لە(١٥٠) وڵات پێکهاتووەو بە(٨٥) زمان‌و زاراوەی جیا جیا دەدوێن، لەگەڵ ئەوەش دا بە یەکێك لە وڵاتە هەرە بەهێزو پتەوەکانی ئەم جیهانە دێنە ئەژمار.. پێدەچێ پەیوەندی جولەکەکان لەگەڵ هەر یەك لە موسڵمان‌و دیانەکان باش نەبووبێت، بە شێوەیەکی گشتی، بە هۆی ئەو دەمار گیریە ئاینیەی موسڵمانانەوە بە چاوی سووك‌و نا دۆستانە سەیر دەکران، لە هەندێ شوێن توندو تیژیان بەرامبەر کراوە، هەتا دوێنێ هەندێ دەستەواژەو دەربڕینی ئەو زەمانە لە ئارادابوو، کە باسی لە پێگەی جووەکان دەکرد.. وەکوو (هێندەی جوێك لێی پاڕامەوە)

یا خود (دەڵێی جولەکەیە) یا خود (لە ناو جوان بخۆو لە ناو دیاڵان بخەوە).

جلو بەرگی ژنو پیاوی جوو، هەرگیز لەگەڵ پۆشاکی کوردەواری ئەو سەردەمە جیاوازی نەبوو.. ژیانیان خۆشو شارستانیانە بوو، پاکو خاوێنو رەوشتیان بەرز بوون.. لە گۆشت فرۆشە موسڵمانەکان گۆشتیان نەکڕیوە، بەڵکوو(مالم) خۆی سەرپەرشتی کوشتاری کردووە.. بواری کوشتاری نەخۆشو بریننداری نەداوە..(موشیو ئیسحاقو نەسیم) لە ماڵە جووەکانی ساڵانی چلەکانی کۆیە بوون.

لە کاتی مردنی یەکێکیان خواردنی ساڵێکی مردووەکە دەدرایە ماڵە هەژارێکی خۆیان.. جووەکان بە گشتی ژمارەیەك جەژنو بۆنەی جیا جیایان هەبوو وەکو، جەژنەکانی نەورۆزو فەتیرەو سەللی حوتیو کەپرەشینە.. جەژنی کەپرە شینە یەکێك بوو لە جەژنە بایەخدارەکانیان، لەم جەژنەدا کەپرێکیان دروست دەکردو بە مورتك رازاندویانەتەوە، جۆرها میوەی وەرزی پاییزیان پێدا شۆڕ کردۆتەوەو خواردنو خواردنەوەیان ئامادە کردووە، ئەو کەپرەشیان تا یەکەم بارانی پاییز هێشتۆتەوە.. لای ئێمەو مانیش بە هەوڵ بارانی پاییزان دەڵێن..(کەپرەشینە) کەواتا بارانی پەرە ئەم رێو رەسمە بە بۆنەی رزگار بوونی حەزرەتی (موسا)یە لە دەستی فیرعەونو خۆشاردنەوەی لە ناو مورتکان.

وەرزێکی تووڕە

چەند برینێکی بە سوێیە، خەمێکی تاڵو قورسە، کەسێك هەموو تەمەنی خۆیو بابو باپیرانی بە خۆشیو خەمەکانییەوە، رەنجو عارەقەو ئەوینی لەگەڵ بۆنی خاکێك ئاوێتە بووبێ لە چرکەیەکدا هەموو هیواو خۆزگەکانت، یادەوەریو خەونەکانت بخەنە کۆڵو راپێچت کەن، بەروە کۆچێکی سوورو یەکجارەکی.

بەشێکی زۆری جولەکەکانی کوردستان، کە خۆیان لە(٣٠-٤٠) هەزار کەسێك دەدا.. لە ساڵی(١٩٤٩) تا ساڵی(١٩٥١) بە چەندین کۆچی بە کۆمەڵ بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد، جگە لەو جولەکانەی کە بە هۆی ژنو ژنخوازییەوە مانەوە، یا خود ئەوانەی برِوایان بە ئیسلام هێنا.. تا ئەمرِۆش بەم خەڵکانە دەڵێن(بن جور).. جووەکانیتر هەموویان لە رێگەی تورکیا، یا خود لە رێگەی ئێرانەوە بە یەکجاری کوردستانیان بەجێهێشت.. بە رۆیشتنی جووەکان بۆشاییەکی گەورە لە چالاکیەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو بازرگانیو هونەری لە کوردستانی عێراق دروست بوو..

ئیبراهیم پاشای بابان کاتێ بناغەی سلێمانی داناوەو لە قەڵا چوالانەوە هاتۆتە ئەوێ.. بۆ رێکخستنو گەشەکردنی ئەمارەتەکەی دەیانو سەدان خێزانی جولەکەی لە ناوچەی قەرەداغەوە هێنایە

سلێمانی، چونکە دەیزانی جولەکەکان لە بواری بازرگانیدا زۆر شارەزاو زیرەکن.. لە کاتی کۆچکردنیان هەرچی زێڕو زیوو موڵك‌و سامانیان هەبوو هەرزان فرۆشیان کرد، دەسەڵاتداران دەستیان بەسەر زۆربەی پێداویستیەکانیاندا گرت.. لە گەرمەی ئەو دەست بەسەراگرتن‌و هەرزان فرۆشیەدا، بە ئیسلامەکانیان گوتووە: ئەمڕۆ ئێوە ماڵی ئێمە بە تالان دەبەن، دەبێ سبەی کێ ماڵ‌و حاڵی ئێوە ببات؟ ئێستا هەموو ئەوجوە کوردانەی لە کوردستانەوە کۆچیان بۆ ئیسرائیل کرد، کە خۆیان لە(٣٠) هەزار کەس دەدا، لە چەندین ئۆردوگا(مستوطنات) دا دەژین، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا تاوڕیان لێدەدرێتەوە.. بەشی هەرە زۆریان داب‌و نەریتی کوردەوارییان پاراستووە.. لە هەندێ ماڵەکاندا گوێ لە گۆرانی‌و موزیکی کوردی دەگرن و لەناو خۆشیاندا بەهەمان شێوازی جاران دەدوێن، لەدوای راپەرینیش ژمارەیەکیان بەسەردان گەرانەوە کوردستان.

تێڕوانینێکی خێرا له ستاتیکی مۆسیقا

زانیاریـه‌کانی مـرۆڤ ده‌ربـاره‌ی مۆسـیقا بـۆ نوسـینی فه‌یله‌سـوفه یۆنانیه‌کان ده‌گه‌ڕێتـه‌وه، ئه‌گـه‌ر چـی لـه‌و نوسـینانه‌دا ڕه‌سـه‌نایه‌تی‌و میتۆدی زانستی که‌متر به‌دی ده‌کرێ.. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش ئه‌م نوسـینانه بـه سه‌ره‌تایه‌کی چاك‌و سه‌رچاوه‌یه‌کی ده‌وڵه‌مه‌ند ده‌ژمێردرێت بۆ که‌سانێك، که بیانه‌وێ لێکۆلینه‌وه‌و شاره‌زایی له‌و بواره‌دا به ده‌ست بێنن.

کاهین‌و پیـاوه ئاینیـه‌کانی میـسر، هـه‌مان بـڕوای یۆنانیـه‌کانیان هه‌بووه، جگه له‌وه ئه‌و ته‌رزه بیرو بۆچونه له ڕۆژهه‌لاتیش هه‌بووه.. به‌لام چاکه‌ی یۆنانیه‌کان له‌وه‌دا بووه، که تیوره‌کانی مۆسـیقای پـێش خۆیـان ڕێکخستووه..له‌و سه‌رده‌مـه‌دا به شێوه‌یه‌کی نیمچه ئه‌فـسانه‌یی سـه‌یری مۆسیقا ده‌کرا به‌و پێیه‌ی مۆسیقا جۆره هونه‌رێکه خوای جوانی(موزی) دایهێناوه.

هۆمیرۆس له ئۆدیسه‌دا ده‌ڵێ:

((گۆرانی بێژه‌کان نزیکترین که‌سن له دڵ‌و ده‌روونی خوداوه‌نـده‌کان، خوا به‌هره‌ی ده‌نگ خۆشی پێبه‌خشیون، نه‌ك به‌تـه‌نها بـۆ ئـه‌وه‌ی دڵـی خه‌ڵکی پێ خـۆش بکـه‌ن، بـه‌ڵکو بـۆ گـۆڕین‌و چـاککردنی ڕه‌وشـتی خه‌ڵکیش)) گۆرانی‌و مۆسیقا وه‌کو هه‌موو بابه‌ته‌کانی دیکه‌ی هونـه‌ر له‌سه‌رده‌مـی ئه‌فلاتوندا گه‌شه‌ی کردبوو، چونکه ئه‌و له‌هه‌موو که‌سـێك

زیاتر درکی بەرۆڵی کۆمەلآیەتی ئەو ژانرە کردبوو، بۆیە وەزیفەیەکی ئەخلآقیشی خستبووە ئەستۆی هونەرمەندان، وەکو لەهەندێ سەرچاوە مێژوویەکانەوە هاتووە، لەهەندێ هەرێم و ناوچەی یۆنان، یاسای بەزۆر فێرکردنی مۆسیقا تا تەمەنی (٣٠) ساڵ هاولآتیانی دەگرتەوە .. ئەفلاتوون سەرەرای ئەوەی خزمەتێکی گەورەی بە ئەبستمۆلۆجیای مرۆڤایەتی کرد، لەهەمان کاتدا هەوڵو نووسینەکانی بۆ پێشخستنی هونەر، چی لەو کەمتر نەبووە، بۆیە لەهەر نووسین و توێژینەوەیەکی فەلسەفەی (جوان ناسی/ ستاتیك) ، بەوپەری بایەخەوە سەیری هەوڵەکانی ئەو مرۆڤە مەزنە دەکرێ ، پەیدابوون و ئەرکی کۆمەلآیەتی مۆسیقا و گۆرانی لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ سەریان هەڵداوە . سەرەتا لە ئامێزی سروشتەوە نەشونمای کردووە و تەعبیری لەترس و سەرسورمان و هەڵچونەکانی مرۆڤ کردووە، هەروەکو چۆن شارستانیەت ، بەهەوڵ و رەنجی هەموو گەلانی دونیا هاتۆتە دی، هونەریش بەگشتی بەری رەنجی هەموو میللەتانی دنیایە، هەرنەتەوەیەك بەپێی گونجانی باری ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەلآیەتی خۆی، کەم تا زۆر لەو بوارە مێژووییەدا بەشداری کردووە .دیالۆگ و نزیکبونەوەی شارستانیەتە جۆراوجۆرەکان، نۆتەی مۆسیقای هێناکایەوە، داهێنانی چەندین ئامێری مۆسیقی وەك قانون و گیتار و عوود و سازی لێکەوتەوە.. کەنیسەی مەسیحی چەندین ئامێری تری وەك ئۆرگ و پیانۆی هێنابەرهەم . مێژوو نووس و

زانایان پێیان وایه ، تێکرای گەلان مۆسیقایان لا پیرۆز بووه.. هەموو ئایینەکانیش سروودو ئاوازیان لەپەرستگاوە بۆ خواوەندەکان داناوه .

مۆسیقا وەکو (وایت وایتمان) باسی لێوەکردووه، ئەوەیە کە ئامێرەکان لەناختا بەئاگای دێنن، مۆسیقا تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانەی خەڵکه، سەدای هیواو ململانێی ئازارەکانی مرۆڤه، بەراستی هونەرێکی سیحر ئامێزه، توانای شۆربوونەوەی ناو قوڵایی جەستەو دەروونی مرۆڤی هەیه، تەنانەت دەسەڵاتیشی بەسەریا دەشکێ، ئاوازێکە لەچوارچێوەیەکی گونجاو و بەپێی کێشێکی دیاریکراو دارێژراوه، کە هەموو هەست و سۆزی تێدا بەرجەستە دەبێ، وەکو بن جۆسۆن دەڵێ : هونەر دوژمنێکی هەیە ئەویش نەزانینە، ئەو پەیڤە پرشنگدارە زیاتر لەسەر هونەری مۆسیقا پراکتیزە دەکرێ وەك، لە بوارەکانی تری هونەرە جوانەکاندا، چونکە ئەو هەست بەخۆشی کردنو چێژو کارلێکە سایکۆلۆجیەی تریەکانی مۆسیقا لە دڵو دەروندا جێی دێڵن هیچ جۆرە هونەرێکی تر، ئەوخۆشی، جوانیەمان پێنابەخشن.. هەر ئەو هەستو سۆزە خاوێنەیە وای لەفەیلەسوفو پیاوانی ئایینی و سیاسەتمەداران کردووه، بەگومانو نیگەرانیەوە سەیری رۆڵی مۆسیقاو داهێنەرانی بکەن .

چاڵە بەفرەکانی کۆیە

هەموو شتێك لەم جیهانە لە گۆڕان دایەی‌و دەجوڵێ‌و بەرو پێش دەچێ.. تاقیکردنەوەی رۆژانەو پێشکەوتنی زانست‌و دیالکتیکی مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە هیچ شتێك‌و دیاردەیەك بەدەر نییە لە یاساکانی گۆڕان‌و گەشەسەندن.. با هۆزی ئەم پێشکەوتنە بە تایبەتی لەم سەدەیەی دواییدا هەژمونی بەسەر هەموو گۆشەو کەنارێکی ئەم جیهانەدا هەبووە.

بە شێوەیەك ئەمڕۆ جیهان بۆتە گوندێکی بچووك بە هۆی تەکنەلۆجیاو ئامێرەکانی پەیوەندی کردنەوە.. بێگومان ئەم گۆڕانکاری‌و ئاڵوگۆڕانە کەم تا زۆر هەموو کۆمەڵگەکانی گرتۆتەوە.. جا ئەو کۆمەڵگەیە لە جەنگەڵستانی ئەفریقیا یا خود لە دۆڵەکانی(هیمالایا) بێت..! گەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەم شارۆچکەیە هەڵبدەینەوە، یا خود گوێ بۆ خەڵکانی بەساڵا چوو شل بکەین.. بەراوردیان بکەین لەگەڵ واقیعی ئێستای کۆیە هیچ گومانێکمان لا نامێنێ کە گۆڕان‌و پێشکەوتنیکی ئاسۆیی‌و ستونی هەموو شارەکەی گرتۆتەوە.. بە تایبەتی لە ماوەی حوکمڕانی خۆماڵیدا.. پێش ئەوەی وزەی کارەبا بگاتە ئەم شارە دانیشتووانەکەی تەنها ئاوی کانیاوەکانی حەمامۆکیان بۆ خواردنەوە بەکار دەهێنا، هەڵبەتە ئەم ئاوەش وەکو

ئاوی کانیاوەکانی کوێستان ساردو زوڵاڵ نەبوون، بۆیە دانیشتووانی کۆیە بیریان لەوە کردووە.. کە زستانان بەفری چیاکان لە چاڵان گل بدەنەوە تا وەرزی گەرما بیپارێزن.. ئەم کۆکردنەوەی بەفری زستانان گۆشەیەکی بچووکی ژیانی شارەکە پێکدێنێ، با بەیەکەوە زوومی چاومان بخەینە سەر تابلۆیەکی بە رەنج و ئارەقە نەخشێنراوی سەردەمێکی زووی کۆیە.

پێش بەفر بارین

لە وەرزی پاییزەوە خاوەنی چاڵە بەفرەکان سەرقاڵی خاوێن کردنـەوەو ئاوەدانکردنەوەی چاڵەکان دەبوون.. هەر کە بەفر دەباری ئیتر ئەوە وەکوو سعاتی سفر وابوو بۆ خاوەنی چاڵە بەفرەکان بۆ دەست بەکاربوون.

سەرەتا لە ناو شـار بانگـەوازیان بـڵاو دەکـردەوە بـۆ بـەکرێگرتنی کرێکار، وەکوو زانراویشە هەر چاڵە بەفرێك پێویستی بە سـی تـا چـل کرێکار هەبووە.. جگە لەوە نانی نیوەڕۆیـان کـە پێکهـاتبوو لـە نـان‌و دۆشاوو خورما لەسەر خاوەن کار بوو.. هەندێك لەو چاڵە بەفرانە تاکوو ئەم ڕۆژگارەش نیشانەیان بەسەر لوتکەو سنگی باواجی هەر دیارن، کە دەکەونە رووکاری ئەو دیوی چـیاوە.. واتـا دەڕواننـە نارچـەی دڵـڕفێنی خۆشناوەتی چونکە ئەم رووکارە بە درێژایی رۆژانی وەرزی زستان کـەمتر هەتاو دەیگرێتـەوە... بـەناوبانگترین خـاوەن چـاڵە بـەفرەکان ئەمانـەی خوارەوە بوون:

١- حەماغای کۆیە.

٢- صالح ئاغای ئۆمەر ئاغا.

٣- رەفیق ئاغا.

٤- ئەسعەد حاجی محێدین.

٥- مستەفا خدر باوەکری.

٦- رەزای مام یەحیا.

وەکوو دەگێڕنەوە بەفری(صالح ئاغا) لە هەمووان زیاتر هەرمێنی لەسەر بووە، چونکە بەفرەکەی لە کاو کۆت خاوێن دەکردەوە.. کرێی ڕۆژانەی کرێکارەکانیش وەکوو یەك نەبوو، ئەو کارگەرەی بە بێڵ بەفری دەخستە ناو چاڵەوە ڕۆژانەکەی سی تا چل فلس بوو.. وەلێ ئەوانەی بەفریان بە کۆڵ دەکێشایە ناو چاڵەوە ڕۆژانەیان پەنجا فلس بوو، جگە لەو کرێکارانەی بە بێڵو بە کۆڵ بەفریان دەخستە ناو چاڵەوە هەمیشە هەشت تا دە کرێکار بەفری ناو چاڵەکەیان دەپەستایەوە.. گەر بەفر زۆر بباریبوایە چاڵەکە بە دوو ڕۆژ تەژی دەبوو بەفر کەم بباریبوایە ئەوا بە سێ ڕۆژ پڕ دەبۆوە. دوای ئەوەی چاڵەکە پڕ دەبوو لە بەفرو دەپەسترایەوە، ئینجا نۆرەی داپۆشینی دەهات.. سەرەتا سێ تا چوار تەنەکە خوێیان لەسەر بەفرەکە بڵاو دەکردەوە.. پاشان چینێك چرۆیان لەسەر رادەخست، لەسەرەوەش بە ئەستوورایی نیو مەتر بە خۆڵ دادەپۆشرا بۆ ئەوەی هەناسە نەداتو ببێتە هۆی تواندنەوەی بەفرەکە.. بەلای خوارەوەی چاڵەکەوە جۆگەیەکی باریك دروست دەکرا تا ئەو بەفراوەی لە چاڵەکە دەهاتە خوارەوە شۆڕبێتەوە.. ئەمەش کاروانچیو ڕاوچییەکان سوودیان لێدەبینی.

بەفری سپیو سارد بۆ ڕۆژی گەرم

زۆربەمان لەسەر ئەوە یەك دەنگین کە بەفری سروشتی تەندروست تـرە لە سەهۆڵی کارگەکانو بەفری ناو سـەلاجەکانی مـاڵان.. لەگـەڵ دەسـت پێکردنی وەرزی گەرما، خاوەن چاڵە بەفرەکان لەگەڵ بانگی بەیاندا دەبور لەسەر چیا بونایە بۆ ئەوەی بەفرەکـە بـە فێنکـی بگەیەننـە شـار.. دوای ئەوەی خۆڵو چرۆی سەر چاڵەکانیان لادەدا، لە لای خوارەوەی چـاڵەکە بـە مشار بەفرەکەیان لەسەرشێوەی قالبی بەفرەکانی کارگەی ئەمرۆدەبریەوە ، ئینجا دەیان گواستەوە سەرپشتی ولآغان ، کەهەر یەکێکیان چوار قـالبی لێبار دەکرا، دوای ئەوەی چاڵەکانیان دادەپۆشیەوە کاروانی ولآغـان بـەرەو شار شۆر دەبۆوە، خەڵکیش کە دەیانزانی بەفر گەیشتۆتە بازار ، هەریەکە بەپێی پێویـستی خـۆی بـایی فلـسێك تـا عانەیـەك بـەفریان دەکـری و دەیانبردەوە مـاڵ . لەماڵەوەش ئەو بەفرە خاوێن و جوانەیان بـەکار دەهێنـا لـەناو دۆو ماسـتاو شـەربەتی مێـوژ وهـەناری بێفێڵـەوە... جگـە لـە دانیشتوانی کۆیە کە لەو سەردەمەدا بەژمارە کەم بوون ، چونکە هەر لـە چوار گەرەکە کۆنەکەی کۆیە پێکهاتبوو، خەڵکی دێهاتەکانی فـەقێیان و کێلـەخوارەو تـۆبزاوا و هەرمۆتـە و شـیلەش ئـەو بـەفرەیان دەکـری . دروستکردنی سەهۆڵ لەوچاڵە بەفرانەدا ماوەیەکی دوور و درێژی خایانـد ، تا ئـەو ڕۆژەی بـەهۆی کارەبـاوە کارگـەی سـەهۆڵ ، یـاخود لەرێگـەی سەلاجەی ماڵانەوە بەفری دەستکرد پەیـدا بـوو ، ئیـدی وورده وورده ئـەو دیاردە جوانە پاشەکشەی کرد لەبەردەم جیهانگیری و تەکنەلۆجیادا خـۆی ڕانەگرت و نەما .

سەرنج

چەند قسەیەك لەسەر وانەی تایبەتی

هەرکەسێك سەرنجی دابێ لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەم چەندساڵەی دوایدا، بەبێ سێ و دوو کۆمەڵێك رووداو و دیاردەی نێگەتیڤ لەبەر دەمیدا راست دەبنەوە ،لەپێش هەموویانەوە دابەزینی ئاستی زانستی مامۆستایان و خوێندکاران‌و شێواندنی شێوازەکانی پرۆگرام و کایەکانی پەروەردە و بڵاوبونەوەی (قۆپیە) کردن لەناو خوێندکاراندا بەشێوازی جۆراوجۆر و تەشەنەکردنی پەتای (وانەی تایبەتی) . ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە دیاردەی (وانەی تایبەتی) یە ، چونکە هەر بە تەنیا پەیوەندی بەخوێندکارانەوە نییە ، بەڵکو سەرئێشەیەکی گەورەشی بۆ کەس وکاریان دروستکردووە ،جاران وانەی تایبەتی هەبوو ، بەلاّم نەك وەکو ئەوەی کە ئێستا هەیەو بارگرانیەکی قورسی خستۆتە ئەستۆی ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان وانەی تایبەتیان پێ دەوترێتەوە . ئێستا وانەی تایبەت بۆتە لاساییکردنەوەو دروست بوونی تەنگژەی ئابووری لەناو خێزانەکاندا کەلە بنەڕەتدا ئەو خێزانانە بەدەست دەردی نەبوونیەوە دەناڵێنن . پشووی هاوین بۆ ئەوەیە خوێندکار لەو وەرزەدا بحەسێتەوە دوای ئەوەی ساڵێکی پڕ لە کۆشش و

ماندوویەتی بەرێدەکات و نەك لەو گەرمایەداو بێ حەسانەوە بچێتە ناو ساڵێکی نوێی خوێندنەوە . بەداخەوە ئێستا ئەو (وانە تایبەتیانە) بۆ هەندێ لەو مامۆستایانە بووتە کاریکی بازرگانی ، تەنانەت رێگەیەکیش بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن لەسەر حسابی توێژی خوێندکاران، کە خوێندکار خۆی مشەخۆرە لەسەر خێزانەکان ، بەداخەوە ئێستا هەندێ لەو مامۆستایانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە بەشانازیەوە باس لەوە دەکەن ، کەبەو پارەیە سەیارەیان کریووە ، من ئەمساڵ منداڵێکم لەپۆلی شەش دەخوێنێ ، داوای ئەوەم لێدەکات مامۆستای تایبەتی لە (سێ) وانە بۆ بگرم ، واتە دەبێ (٩٠٠) هەزار دینار بۆ ئەو سێ وانەیە پەیدا بکەم ، بۆ زانیاریتان هەندێ لەو مامۆستایانە ، گوایە پسپۆرترن لەچاو مامۆستای تر ، داوای (٥٠٠) هەزار دینار دەکەن بۆ هەر وانەیەك ، جاوەرە فەرمانبەرێکی نەگبەت چۆن دەتوانێ ئەو برە پارەیە پەیدا بکات؟ . بۆیە لێرەدا کۆتایی بەسەرنج و تێبینیەکانم دەهێنم . بەو ئومێدەی وەزارەتی پەروەردە بریارێك دەربکات بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە .

جوانی وهەڵوێست لەتیپی هونەری چەوساوەکان

ئەوکاتــەی شۆڕشــی نــوێی گەلەکــەمان بەرابەرایــەتی یــەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵگیرسا، هــەر بەتــەنیا شۆڕشــێکی چــەکداری نــەبوو ، کــە دروشمــی بەدەســتهێنانی هەنــدێ ئامــانجی کــوردی بــەرز کردبێتەوە ، بەڵکو ئـەو بزوتنەوەیــە لــە ڕووی جیهــان بینــی و ڕێبــازو ئامانجــەوە جیــاوازی لەگــەڵ هــەموو ڕاپــەڕین و شۆڕشــەکانی تــری گەلەکەمان هەبوو ، لەهەمانکاتدا بنچینەی ڕێنسانسێکی نەتەوەیشی لەکۆمەڵگــەی کــوردەواری دارێــژا....! کاتێــك یەکــەم مانیفێــستی سەرهەڵدانی خــەباتی چــەکداری لەســاڵی (١٩٧٦) بــڵاو بــۆوە ، ئــەو پەیامە وەکو چرایەك وابوو ، کە شــەوی دەیجــوری کوردســتانی ڕوونــاك کردەوە ، سەرەرای ئەوەی دامەزراندنی (ی.ن.ك) وەڵامێکی لــۆژیکی و پڕبەپێستی ڕۆژگاری دوای هەرەس بوو ، قوتابخانەیەکی مەزنی هۆشــیار کردنەوەو پێگەیاندنی مرۆڤی کورد بوو بەباوەڕی پێــشکەوتن خــوازی و دیموکراسی ، ئــیتر پــەیتا پــەیتا خــەڵك ڕووە و باوەشــی گــەرمی چــیا سەرکەشــەکانی کوردســتان ڕێگایــان گرتەبــەر . لەســاڵانی یەکــەمی شۆڕشەوە دەیان هونەرمەنــد و ڕونــاکبیر و ئەنــدازیار و هتــد.. چــوونە ڕیزەکانی شۆڕشەوە . هەریەك لەوانەش لە ئاستی خۆیان و لەو کــەش و هەوایــە ئازادیــەی شۆڕشــدا بــە چــالاکی و نوســینەکانیان گــوڵزاری شۆڕشــیان ڕازاوەتــر کــرد . هــەمووشمان دەزانــین یــەکێتی نیــشتمانی

لەسەرەتای شۆرشەوە بایەخێکی گەورەی بەلایەنی هونەری و روناکبیری دابوو، لەسەردەمی خەباتی شاخدا تەنیا زمانی گوللە و ئاگر زاڵ نەبوو، بەڵکو بایەخێکی زۆریش بەلایەنی هزری دەدرا ، لەچاپخانەکانی شەهید جەعفەر و شەهید ئیبراهیم عەزۆدا خونچەی بەرهەمی دەیان نوسەر و ئەدیب گەشانەوە ... لە چیاکانی کوردستانەوە چەند تیپێکی موزیك چاویان هەڵهێنا ، کەبە قورگ و پەنجەکانی دەستی ژمارەیەك هونەرمەندی بە هەڵوێست ، گۆرانی و ئاواز و سرودەکانیان دەکردە دیاری بۆ جەماوەر و پێشمەرگە لە پێناو رامالینی پەیکەری دیکتاتۆریەت ... بەپێی ئەوەی لەو ساڵانەدا پێشمەرگەی تیپی (٩٣) ی کۆیە بووم ، سەرەرای ئەوە هاوکارێکی نزیکی تیپی هونەری چەوساوەکانیش بووم ، بۆیە لێرەدا بەپێی بیرەوەری و زانیاریەکانی خۆم تیشکێك دەخەمە سەر تیپی هونەری چەوساوەکانی سەریەتیپی (٩٣) ی کۆیە .

تیپی (٩٣) ی گۆیه

یەکێك لە تیپە کاراکانی (ی.ن.ك) بوو ، کە رۆڵێکی گەورەی بینی لەبەر بەرەکانێی رژێمی بەعس . شەهید شەماڵ کە بووە لێپرسراوی ئەم تیپە ، سەرلەنوێ تیپەکەی بەشێوەیەکی رێکوپێك رێکخستەوە، رۆڵێکی گەورەی لەتوندوتۆڵکردنی پەیوەندی هێزی پێشمەرگە بە جەماوەرەوە بینی . کاك شەماڵ جگە لەوەی کادیرێکی هەرە باشی بواری سەربازی و جەماوەری بوو ، هاوکات پیاوێکی هونەر دۆست و خۆشەویستی پێشمەرگەو جەماوەر بوو ، لەبەر ئەوە تیپی هونەری چەوساوەکان بەبێ هیچ گرفت و کۆسپێك چالاکیەکانی خۆی دەنواند .

چۆن تیپەکە پێکهات ؟

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢ دەستەیەك پێشمەرگەی هونەرمەندو هونەردۆست رێککەوتن لەسەر دامەزراندنی تیپێکی هونەری (موزیك وشانۆ) کاتێك بیرۆکەکەمان خستە پێش چاوی کاك شەماڵ ، زۆر بەسنگ فراوانی قبوڵی کردو بەڵێنی پشتیوانیکردنیشیدا . لێرەدا جێی خۆیەتی باسی ئەو راستیە بکەم ، کەلالۆ رەنجدەر بزوێنەری تیپەکەو هەوێنی زۆربەی بەرهەمەکانی بوو .لەراستیدا لالۆ کۆمەڵێك بەهرەی وەکو ، شیعر نوسین، وتاربێژی تێدابوو، کەجیای دەکردەوە لە دەوروبەرەکەی خۆی .... بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەندامانی تیپەکە هەڤاڵی کۆمەڵەی رەنجدەران بوون، بۆیە بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی مۆرکێکی چینایەتی پێوە بوو، ئاشکرایە ئەو تیپە لە زروفێکی سەخت و دژواردا ئیشی دەکرد. هەرچەندە ستۆدیۆ و شانۆی نەبوو، بەلاّم لە رووبەرێکی فراوانی خاکی کوردستان نمایشی شانۆیی پێشکەش دەکرد، چەندین بەرهەمی سروود و موزیکی تۆمار کرد لەبەر زروفی شەر و ململانێ ، پێشمەرگە هەمیشەلەجموجۆڵدا بوو بۆیە جار هەبووە کاری شانۆیی لەناو مزگەوتدا پێشکەش بە پێشمەرگە و جەماوەر کراوە، تەنانەت لەناو پاشکۆی (عەرەبانەی) تراکتۆر چالاکی کراوە، جارێکیان لە گوندی (مێوژەی) بناری کۆسرەت ، خەریکی تۆمار کردنی کاسێتێك بووین ، بەلاّم لەبەر زەرینی گوێدرێژ

و وەرپینــی ســەگ کارەکــەمان بــۆ تــەواو نــەکرا ... وەکــو لەبەراییــەوە ئاماژەمان پێدا ، چالاکیەکانی تیپی هونەری چەوساوەکان لــە ســنووری تیپی (٩٣) ی کۆیە قەتیس نەکرابوو ، بەڵکو بەرهەمی هونەری خــۆی پێــشکەش بــە جوتیــاران و پێــشمەرگەکانی ناوچــەکانی مەرگــە و خۆشنارەتی و قەڵاسێوکە و ناوچەی جافایــەتی دەکــرد . ئاهەنگــەکانی گوندی چیوە و بۆگد و سەرگەڵو و شارستێن و بالیــسان لــە ئاهەنگــە سەرکەوتووەکانی ئەم تیپە بوون ، جێــی خۆیــەتی لێــرەدا یــەکێك لــە بیرەوەریەکانی ئاهەنگی جەژنی نــەورۆزی ســاڵی (١٩٨٣) بگێرمــەوە ، تیپی هونــەری چەوســاوەکان بــە بۆنــەی چــەژنی نــەورۆزەوە نمایــشێکی شانۆیی لە مزگەوتی گوندی (چــیوە) ســازدا ، کــە ژمارەیــەکی زۆری پێشمەرگە و دانیشتوانی گوندەکە ئامادەی بوون، لە یــەکێك لەدیمەنــە کۆمیدیەکەی ئەو رۆژە ، بێژەری ئاهەنگەکە (عریف الحفل) ، هەڤاڵ (هەڵۆ سەعید) بوو . (هــەڵۆ) دەســتی بــە خوێندنــەوەی بەرنامــەی ئاهەنگەکە کرد ، لەپر یــەکێك لــەناو قــەرەباڵغی ئــەو خەڵکــەوە ، کــە هونەرمەند (نەهرۆ سەلیم سەیدۆك) بــوو ، بــەدەنگی بــەرز ویــستی قسەکانی (هەڵۆ سەعید) بپچرێنێ . ئەم بگرە و بەردەیە درێژەی کێشا ، یەکێك لە لێپرسراوانی پێشمەرگە چەندی کــرد کەشــی ئاهەنگەکــە هێمن کاتەوە بەڵام بێسورد بور ، (نــەهرۆ) وازی نــەهێنا . ئــەوە بــور چەند کەســێك پــەلاماری (نــەهرۆ) یــان داو بــووە چــەك راکێــشان، بەشــێوەیەك هەرکەســە دەیویــست دەرپــەرێ و خــۆی دەربــاز بکــات.

لەگەرمەی ئـەو مقـۆ مقۆیـە (نـەهرۆ) مەمۆڵەیـەکی خـستە زاری (هەڵۆ) وە و ئەملا و ئەولای یەکتریان مـاچ کـرد ئیـدی خەڵکەکـە لەئاست ئەم دیمەنەدا حەپەسان و بووە پێکەنین و خۆشی ....

ئەندامانی تیپی هونەری چەوساوەکان

- لالۆ رەنجدەر .
- نەهرۆ سەلیم سەیدۆک .
- مشیر مستەفا ، شەهید بوو .
- جەعفەر حەمە دەروێش ، شەهید بوو .
- زرار مستەفا ، بێسەرو شوێنە .
- سەعید میرخان .
- سەفین عومەر .
- دلزار محمد.
- شۆرش حمید
- هەلۆ سەعید
- مەلا دلشاد
- محمد دارەوان .
- محمد رەنجە .
- سیار بامەرنی .
- هەژار حەمە صالح .

دیاردەی حیجاب‌و توندو تیژی دژ بە رەگەزی مێینە

پەچە یاخود نیقاب دیاردەیەکی باوی ئەمڕۆیە، کـە ڕێژەیـەکی زۆر لـە ئافرەتـان دەیپۆشـن.. گومانیـشی تێـدا نییـە پۆشـینی حیجـاب کەسایەتی ئافەرەت لاواز دەکـات.. ڕاڕایـیو نیگـەرانی لـە دەروونیـدا دەڕوێنێ.. هەستێکی ئەوتۆ لە لای دروست دەکات، کە خـۆی لـە خـوار پیاوەوە ببینیێ.. مرۆڤێك چەندین ساڵ لە بەندیخانـەی حیجـاب ژیـانی بەسەربردبێ، هەرگیز ناتوانێ بە ئاسانی لـە ئاسـاوارە نێگەتیڤـەکانی دەرباز بێ.

کەسایەتی زادەی هەلو مەرجو ڕەوشێکی تایبەتی کۆمەڵگەیـە بـە تێکـەڵاو بـوونو کرانـەوە پێـدەگاتو بـەهێز دەبێـت.. بـە لـێکترازانو جیاکردنەوە لاواز دەبێت.. مرۆڤێك ناچار کرابێت دوورە پەرێزو لاتـەریك بوبێ لە کۆمەڵو دەوروبەرەکەی، لە ئاکامدا ئەو مرۆڤە کەسـایەتیەکی لاوازو ڕاڕای لـێ دەردەچـێت.. گـەر بـەراوردێك لـە نێـوانی ئافـەرەتی موحەجەبەو سفوریکەین دەبینین ئافرەتی سفور چەند وریـاو چوسـتو چالاكو هۆشیارە بەرامبەربەکۆمەڵو دەوروبەرەکـەی.. لـە بەرامبـەر دا موحەجەبە هەمیشە شەرمنو ڕاڕایە.. سڵ لە دەوروبەرەکەی دەکاتـەوە.. هەرچی نازو سـیحری جوانیـشی هەیـە لـە ژێـر دێـوە زمـەی لەچـك شاردویەتیەوە، جگە لەوە ئافرەتی موحەجەبە چونکە سەرقاڵی مەسەلە میسالیەکانە.. بۆیە زۆربەی جاران کزو ڕەنگ شێواو سیما تەڵخە...!

هەموومان دەزانین دیاردەی توندو تیژی دژ بە ئافرەتان تەنیا لە وولاتی ئێمەدا پەیڕەو ناکرێت، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە لە کۆمەڵگەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.. فراوانی دیاردەی توندو تیژی دژ بە ئافرەتان، هەر لە کوشتن و ئازاردانی ئافەرتانەوە تا دەگاتە سوکایەتی پێکردن و ئازار دانی دەروونی، کە لە لایەن کەس و کاری ئەو ئافرەتانەوە پەیڕەو دەکرێت.

جۆرەکانی توندو تیژی:-

- توندو تیژی جەستەیی(کوشتن و لێدان و لووت و گوێچکە بڕین.
- توندو تیژی ئابوری(بێبەش کردنی ئافرەت لە موڵک و پارەو وەرەسە هتد...).
- یاسای(هەڕەشەی ژن بەسەر داهێنان و تەڵاق دان و هتد...).
- توندو تیژی سایکۆلۆجی(ئازاردانی دەروونی و سوکایەتی پێکردن و هەڕەشەو چاو سوور کردنەوە).
- توندو تیژی سێکسی.

لەگەڵ ئەوەی توندو تیژی بە شێوەیەکی بەر فراوان ئەنجام دەدرێت دژی ئافەرتان بە تایبەتی لە لادێ و گەڕەکە میللیەکاندا.. بەڵام بەرپەرچدانەوەیەکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە لە لایەن ئافرەتانەوە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە.. لەوانە:

- ئافرەتی کورد هەمیشە بە داب و نەریتی ملکەچی و گوێڕایەڵی و رازی بوون پەروەردە کراون.

- هەندێك لە ژنان پێیان وایە، ئەو توندو تیژییە كاریكی سروشتیو ئاساییە.
- لە پێناو بەرژەوەندی منداڵەكانیو ترسی جیابوونەوە.
- ترسی لە كۆمەڵو دەوروبەرەكەی خۆی هەیە.
- بڕوای بە یاساو دادگا نییە، پێیان وایە لە بەرژەوەندی پیاوان دان.
- بڕوای بە خۆی لاوازە، خۆی بە مرۆڤێكی بچووكتر لە پیاو دادەنێت.
- نیگەرانو ترساوە لە گەیشتنی كێشەكانی بۆ بەردەم دادگاو پۆلیس.

هەڵبەتە ئەنجامدانی كاری توندو تیژی بۆ كۆمەڵێك فاكتەری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە، لە پێش هەموویانەوە دواكەوتووی باری ئابوریو رۆشنبیریو كۆمەلایەتی.. هەروەها زاڵبوونی عەقلیەتی دەرەبەگایەتیو ئایینیو بلاوبوونەوەی دابو نەریتی كۆنەپەرستی.. لە بەرامبەر توندو تیژی دژی ئافرەتان.

توندو تیژی روێكی دیكەشی هەیە.. ئەویش توندو تیژی ژنانە بەرامبەر پیاوان، بەلام ئەم جۆرەیان حاڵەتێكی گشتی نییە، كە خۆی لە تورە بوونو رەقی بەرامبەر پیاوو رێز نەگرتنیو هتد... دەگرێتەوە.

خوشکە فریشتە

((ئاواتە خوازم ڕێکخراوە پەرتەوازەکانی ژنان لـە یـەك ڕێکخـراوی سەرتاسەریدا ببینم))

﴿خوشکە فریشتە﴾

پێم وا نییە کەسێك هەبێت لـە نـەوەی کـۆنی ئـەم شـارە خوشـکە فریشتە نەناسێ.. چونکە ئەو بە هۆی زیاتر لە نیو سەدە تێکۆشـان لـە بـواری رامیـاریو کۆمـەڵایـەتیو داکـۆکیکردن لـە بەدەسـت هێنـانی مافەکانی ژنان جێ پەنجەی لەسەر ئەم بوارانەدا بەجێهێشتووە.

لە خێزانێکی ڕۆشنبیرو نیشتمان پەروەر چاوی بە ژیـان هـەڵێناوە، هەر لە تەمەنی هەرزەکاریەوە تێکەڵاوی جیهانی سیاسـەتو ئـەدەبیات بووە.. کە لـە ئەنجامـدا دەیـان سـاڵ تەمـەنی خـۆی لـە گرتووخانـەو دەربەدەری بەسەر بردووە.. شیعرەکانیـشی کردۆتـە مـۆمی داگیرسـاوی ڕێگە تاریكو سەختەکانی ژنانی ستەم دیدەی گەلەکەی.

هەر لەبەر ئـەم چوسـتو چـالاکی و هۆشـیاریەی پێـی ناسـراوە، لەساڵی (١٩٥٩) ئەو لەگەڵ کچێکی دیکەی کورد، کەناوی (ناجیـە خان) ی خوشکی شەهیدی نەمر خاڵە شـەهاب بـوو، بەنوێنەرایـەتی ژنانی کورد بۆ کۆنگرەی دەیەمی جیهـان لـە کۆمـاری چـینی میللـی

هەڵبژاردران . بۆ زیاتر ئاشنابوون لە هەندێك لایەنی ئەو ژنە تێکۆشەرە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا .

پرسیار/ بالەسەرەتاوە بەم پرسیارە تەقلیدیە دەست پێبکەین لەقۆناغی منداڵیت چیت لەیاد ماوە ؟

و/ بەهۆی ئەوەی لەبنەماڵەیەکی روناکبیر چاوم هەڵێناوە ، بۆیە لەقۆناغێکی زووەوە تێکەڵاوی رۆژنامەو گۆڤار و کتێب بووم ، بەڵام نەمتوانیوە پلەکانی خوێندن ببڕم ، چونکە کەش و هەوای سیاسی خێزانەکەمان و بارو زرووفی سەختی ئەو رۆژگارەی کۆیە بواری پێنەدام بچمە قوتابخانە ، وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا ، من لە فەزایەکی رۆشنبیری گەورە بووم ، کەئەوە ئاسۆیەکی باشی لەبەر دەمم کردەوە بۆ بەدەستهێنانی رۆشنبیریەکی گشتی ، ئیدی لەو رۆژەوە تیشکی بیری کوردایەتی مێشك و دڵمی روناك کردەوە ، تا دەگاتە ئەمرۆ کەتەمەنم لەهەشتا ساڵی نزیك بۆتەوە ، بۆ ساتێکیش دەست بەرداری کێشەی رەوای گەلەکەم و خواستەکانی ژنان نەبوومەتەوە لەساڵی (١٩٥٢) لەگەڵ چەند کچێکی دیکە داوایەکمان دا بەمیری بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ئێواران ، زۆری پێنەچوو ئاواتەکەمان هاتەدی و قوتابخانەی ئێواران کرایەوە . یەکەم جار نەوەدو پێنج کەس لە کچان و ژنانی کۆیە بەشداریان تێداکرد ، هەندێك لەبەشداربووان درێژەیان بە خوێندن داو بوون بە مامۆستا ، مامۆستاکانیش ئەمانە بوون : (ست خانەی حاجی سمایل ، ست زەکیە محمد و ست ناجیە)

پرسیار / چ رووداوێك کاریگەری زۆری بەسەرتەوە هەبوو ؟

و/ کاتێك کۆماری مهاباد دامەزرا ، لاوێکی گەرمی ئەم شارە بووم، بەهەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان ، خونچەی هیواکانم گەشایەوە ، ئەودەم بیر و هۆشم لەلای ئەو کۆمارە ساوایە بوو . رۆژنامە و وێنەی پێشەوامان بە نهێنی بەسەر خەڵکدا بڵاو دەکردەوە و هانی جەماوەرمان دەدا ، تا پشتیوانی لێبکەن ، بەڵام کە کۆماری مهاباد هەرەسی هێنا ، پێشەوا و هاورێیانی لە سێدارە دران ، ئێمەی کچانی شار بەو بۆنەیەوە پرسەمان دانا ، ئەمما پرسەکەمان بەشێوەیەکی تر بوو کە تێیدا بیر و رای ئافرەتانمان بەسەر کەوتن بەهێز کرد لەرێگەی خوێندنەوەی ووتار و شیعر و پەخشان و سروودی نیشتمانی .

پرسیار / سەردانی چەند وڵاتت کردوە و چالاکیتان چۆن بوو ؟

و/ لەژیانمدا سەردانی چەندین وڵاتم کردووە ، لەهەموو سەردانەکانیشم دا هەوڵم داوە کێشەی رەوای گەلەکەم و ژنان بگەیەنمە ئەو وڵاتانە ، بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی جیهانی ژنان لە ساڵی (١٩٥٩) چوومە وڵاتی چین ،بەجلو بەرگی کوردیەوە ، ووتاری ژنانی عێراق و کوردم خوێندەوە ، کە بووە مایەی سەرنجی ئامادەبووان ، هەربۆ مەبەستی بەرگریکردن لە پرسی ژنانی وڵاتەکەم سەردانی وڵاتانی ئێران و پاکستان و هیند و کۆریا و ڤێتنام و ئەڵمانیا و سۆڤیەتی جاران و تورکیا و یۆنان و رۆمانیا و بولگارستانم کردووە .

پرسیار / بزووتنەوەی ژنان لەم شارە ، هەنگاوی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە ، بەرای ئێوە پێشەنگەکانی ئەو بزووتنەوەیە کێ بوون ؟

و/ لای زۆربەی خەڵك ئاشکرایە ، کە شاری کۆیە لە پێشەوەی کاروانی کوردایەتی بووە ، ژنانی شارەکەش شان بەشانی پیاوان لەو رێبازەدا هەرگیز درێغیان لە تێکۆشان و قوربانیدان نەکردووە ، بەلاّم لە نێوان ئەو ژنانەدا چەند کەسێکیان هەمیشە وەکو ئەستێرەی پرشنگدار دەدرەوشانەوە ، لەوانە : (عەیشێ قالە رەواندزی) و (بەسێ ی حەمەد) و (جەمیلە مستەفا) و (عیفەت کاکە مەلا) و (کاترینا ئیبراهیم) و (شەهید عائیشە گوڵ) و (عاسمە بەهجەت).

پرسیار / چۆن رۆڵی ژنان لە خەباتی شاخ و هەڵدەسەنگێنێ ؟

و/ هەڵبەتە جیاوازیەکی بەرین لە نێوان هەلو مەرجی خەباتی ئەوسا و ئێستا هەیە ، ئەودەم وولاّتەکەمان لە زروفێکی سەخت و دژوار دابوو ، دیکتاتۆریەت بواری بەهیچ دەنگێکی ئازاد نەدەدا لەگەڵ ئەوەشدا ژنی کورد نەخشی دیاری لەکایەی تێکۆشانی سیاسی و رێکخراوەییدا هەبووە ، هەواڵ و چالاکیەکانی شۆرشیان دەگەیاندە شاران ، لە شاریشەوە داوودەرمان و پێداویستی تر و دەنگ و باس و جموجۆڵی رژێمیان بە شۆرش دەگەیاند ، لەو ژنانەی رۆڵی مەزنیان لەو سەردەمەدا بینیوە (هێرۆخانی ئیبراهیم ئەحمەد) بوو لەم رۆژگارەشدا کە کوردستان لە دۆخێکی ئازاد و دیموکراتدا دەژیێ ، هەلێکی چاك لەبەردەم ژناندا رەخساوە بۆ بەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانیان، هەڤاڵ (مام جەلال) یش هەمیشە پالپشتێکی گەورەی بزووتنەوەی ژنانی کوردستان بووە .

ڕۆڵی چایخانە لەژیانی هونەری و ڕۆشنبیری و سیاسی کۆیە

کۆیە هەمیشە لە بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری و زانستی و ئایینی و سیاسیدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە، تەنانەت هەندێك پێیان وایە ڕۆژگارێك مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەولێر بووە.. ئێمە لێرەدا لەبەر ڕۆڵی مێژوویی چایخانەکان بەرلە پەیدابوونی تەلەفزیۆنو گەیاندنی کارەبا بۆ کۆیە هەڵوەستە دەکەین و تیشك دەخەینە سەر پەیدا بوونو بڵاو بونەوە و کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی شارەکە .

تاڵ و شیرنی پێکەوە نەمدیوە ، چابێ چانەبێ

هەرکەسێکی هەمنشینی چانەبێ پێت چانابێ

وای بۆ دەچم کەسێك نازانێ کێ یەکەم چاخانەی لەم شارە کردەوە..؟ هەڵبەتە ئاشکرایە پەیدابوونی چا زۆر لە بڵاو کردنەوەی چاخانە کۆنترە..! پێش قاوەخانەو چایخانە، ئاغاو دەوڵەمەندەکانی کۆیە، بۆ هەیبەتو سەلماندنی کەسایەتی خۆیان دیوەخانیان داناوە .

دیوەخانەکەی (ئەمین ئاغای ئەختەر) کە پیاوێکی ناسراوی سەردەمەکەی بوو ، جیاوازی لەگەڵ دیوەخانی ئاغاکانی تردا هەبوو، چونکە ئەو دیوەخانەیە وەکو یانەیەکی ئەدەبیو قوتابخانەیەکی هونەری وابوو، واتە ناوەندێکی ڕۆشنبیری بوو

وەك دەگێرنەوە یەکەم کەس کە چایخانەی لەکۆیە کردبێتەوە ، پیاوێکی عەجەم بوو، چایخانەکەشی لەسەر گۆمی (حەمەد بەگ) داناوە، لەدوای ئەو پەیتا پەیتا خەڵکی دیکە چایخانەیان کردەوە، وەك (

عەبەی چایچیو قالە چاوشین و سەعدی ئاغا) ئەو سەعدی ئاغایە چایخانەیەکی خۆشو بەهەرمێنی هەبووە، چونکە ئەو یەکەم کەسێك بووە لە دەرەوەی کۆیەوە گۆیندەی بۆ کۆیە هێناوە، بەو هۆیەوە چایخانەکەی ناوبانگی دەرکردووە .

دوای ئەوەی(کاوێس ئاغا) ئاهەنگی لە چایخانەکەی سەعدی ئاغا سازدا، لە ئەنجامدا چایخانەکەی(حەکیمی چایچیو سمایلی سەرمابردی) هونەرمەندانی وەکو(عەزیز ئاغاو حەمەی ناسرو لۆغسلوو مەلا سابیر کەرکوکلی و شەهابەی هەولێری) داوەت بکەن بۆ ئاهەنگ گێران لەچایخانەکاندا .

شایانی نووسینە، هەندێك لەو خاوەن چایخانانە، خۆیان دەنگیان خۆش بووە، وەکو(تۆفیقە درێژو عەبەی چاپچی) ئەوەی دواییان چایخانەکەی لەمەیدانی خوارێ بوو، سەماوەرێکی لە ئێرانەوە بۆ هاتبوو، کاتێك سەماوەرەکە جۆشی دەدا لەبەرامبەری دادەنیشێتو گۆرانی دەگووت، هەروەها لەچایخانەکەی(حەمەشینو شێخ محێدینو حەمەگەمکانو فەتاح حەکیم) ناوەناوە هونەرمەندان(مەلا ئەسعەدو سێوەو دەروێش سمایلو حەمەدەمین عەباس و وەستا باقی حەلاق) بە دەنگە بەسۆزەکانیان کۆڕی ئەو چایخانانەیان دەرازاندەوە ...

لەشەوانیشدا کاتێك خەڵك لە نوێژی شێوان دەبوونەوە زۆربەیان روویان لەو چایخانانە دەکرد بەتایبەتی چایخانەی (حەمە گەمکان و فەتاح حەکیم) ئامادەبوانیش بەدەم یاری سینی و زەلفانێ تا کازیوە بەدەم یاریەوە، گوێیان بۆ دەنگ و سەدای (کاوێس ئاغا) شل دەکرد

له قه‌وانه‌وه بۆ ئه‌نته‌رنێت

پـێش ئـه‌وه‌ی رادیـۆ په‌یـدا بێـت (گرامـافۆن) هـه‌بوو، کـه سندوقیـشیان پێـده‌گووت، گرامـافۆن دوو جـۆری هـه‌بوو، یـه‌کێکیان له‌شێوه‌ی جانتا بوو، که له‌مالآن بـه‌کار ده‌هـات جـۆری دووه‌م بۆرییـه‌ی هه‌بوو، ئه‌وه‌یان زیـاتر لـه چـایخانه و دیوه‌خانـه‌کان ده‌بینـرا، ئه‌وانـه‌ی گوزه‌رانیان باش بوو ئه‌و ئامێره‌یان هه‌بوو، وه‌کو مالّی (حاجی مه‌جید) که یه‌که‌مجار ئه‌و گرامافۆنی هێنایه کۆیه، دواتر مالّی (کاکه زیـاد و عوسمان عه‌ونی) هێنایان .

له‌دوای کردنه‌وه‌ی به‌شی عه‌ره‌بی رادیۆی به‌غـدا لـه ١٩٣٦/٦/١ رادیـۆ له‌کۆیـه نـه‌بوو، بـه‌لاّم دوای ئـه‌و رووداوه ده‌ولّـه‌تی عێـراق به‌مه‌به‌ستی پرۆپاگه‌نـده بـۆ سیاسـه‌ته‌کانی خـۆی ژماره‌یـه‌ك رادیـۆی له‌شاره‌کانی عێراق دانا، له‌وانه له‌کۆیه ئه‌و رادیۆیانه‌ی لـه شـوێنێکی له‌بار دانا، تا خه‌لّك له‌رێگه‌ی ئه‌و رادیۆیانه‌وه گوێبیستی هه‌والّـه‌کانی جیهان و عێـراق بـبن . به‌شـه کوردیه‌کـه‌ی ئێزگـه‌ی به‌غـدا له‌سـالّی (١٩٣٩) کرایه‌وه ، له‌سه‌ره‌تادا هه‌ندێك که‌س پێیان وابوو ئه‌وه سـیحره یاخوا هه‌ر بروایان نـه‌ده‌کرد، کـه ئـه‌و سـندوقه دارینـه قـسه‌بکات (عه‌ولاّی که‌بابچی‌و مام به‌هجه‌ت‌و حاجی محه‌مه‌دی کالّـه‌ك دروو) لـه‌و

کەسانە بوون بروایان نەدەکرد.. تەنانەت چەند کەسێکی گەرەکی (هەواو) دەیانگوت پیاوێك خۆی شاردۆتەوەو قسان دەکات.

لەساڵی ١٩٤٥ هونەرمەند (تایەر تۆفیق) بۆ یەکەمین جار چەند گۆرانیەکی لە رادیۆی کوردی بەغدا کە بەشێوەی راستەوخۆ بوو چڕی، لە رۆژی پەخشی ئەو گۆرانیانەدا خەڵکێکی زۆر لە چایخانەی خوالێخۆشبوو(حەمە گەمحان) بۆ بیستنی ئەو گۆرانیانە کۆببوونەوە ئەو چەپکە گۆرانیە بە مەقامی لە(گوڵێ لە سورە گوڵێ و بەستەی کراس زەردێ) دەستی پێکرد .

چایخانە، یاخود یانەی ئەدیب و هونەرمەندان

چایخانەی خوالێخۆشبوو (حەمە گەمحان) ببووە شوێنی بەشێکی زۆری ئەدیب و هونەرمەندو سیاسەتمەدارانی سەردەمی خۆی ، زۆربەی جاران (سێوە و تایەر تۆفیقو مەلا ئەسعەدو حەمەدەمین عەباس)و هونەرمەندانی شارەکانی تری کوردستان روویان تێدەکرد .

بەشێوەیەکی رێكو پێکیش روونـاکبیرانی وەکـو (کـەریم شـارەزاو ئەحمەد دلـزار و سـامی عـەودالۆ دلّـدارو جـەلال جۆبـار و غـەریب پشدەریو مەولود ژاکاوو خوالێخۆشبوو تایەر ئەحمەد حەوێزی) روویان تێکردووە .

چەندین کۆری ئەدەبیو سیاسیش لەم چایخانەو چایخانەکەی (فەتاح حەکیم) ئەنجامدراوە.. بەشێوەیەکی گشتی ئەم دوو چایخانەیە رۆلێکی بەرچاویان بینیوە، لەبەر پێشبردنی بواری ئەدەبیو هونەریو خەباتی سیاسی گەلەکەمان لەم شارەدا.. لەچایخانەی(سەعیدی مەلا ئەحمەد) چەنین شانۆیی نمایش دەکرا، شانۆگەری کـاوەی ئاسـنگەرو ژن بـە ژن و شیربایيو بازرگـانی ڤینیـسیا و ئینتیخابـات نموونەیـەکن لـەم جـۆرە شانۆیاتە .

بەهۆی ئەوەی(حەمە گەمحان) دۆستی شـیوعیەکان بـوو(فـەتاح حەکیم) یش دۆستی پارتیەکان بوو، بۆیە دۆستو ئەندامانی ئـەو دوو

حیزبە بەپێی ئینتیمای حیزبیان هاتوچۆی ئەم دوو چایخانەیان دەکــرد، چونکە لەو سەردەمەشدا شەقامی سیاسی کۆیە بەسەر هەردوو حیزبــە سەرەکیەی ئەوســا (شــیوعی و پــارتی) دابــەش ببــون، جــا بــەهۆی ململانێو ناکۆکیانەوە چەندین جار پێکدادان و توندو تیژی لــە نێــوان ئەو دوو بەرەیەدا دەبــوو، کــە لەئەنجامــدا ســەرو گــوێلاکی هــەردوو لا دەشکا.

ژنان لەنێوان توند وتیژیو بەدەستهێنانی مافەکانیان

ئەگەرسەرنجێکی خێرا لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەمرۆ بدەین، تێبینی دەکەین چەندین بابەتی جۆرا وجۆردەربارەی پرسی ژنان بلاو دەکرێتەوە.. ئەگەر چی کۆمەڵی کوردەواری لەم سالأنەی دواییدا پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە بە تایبەتی لە بواری کۆمەلأیەتیدا.. بەلأم هێشتا مەسافەیەکی بەرینمان ماوە بگەینە ئامانج، دیاردەی کوشتنی ژنانو کچان بە بەهانەی شەرەف پارێزیو سوکایەتی پێکردنو توندوتیژی دەرهەق بە ژنان هێشتا ناونیشانی زەقی سەر لاپەڕەی میدیای کوردی پێك دێنن.

ئێستا بە هۆی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمو پشتیوانی کردنی(مام جەلال) لە مافو داخوازییەکانی ژنانو هەوڵی ڕێکخراوەکانی ئافەرتانو ژنانی کوردستانو هۆشیاربوونەوەی زیاتری ژنان ئالوگۆڕێکی نوێی خولقاندووە، کە بە هۆیانەوە ژنان بە ئازادی داکۆکی لە مافەکانیان دەکەنو بە لێوەشاوەیی خۆشیان توانیوانە بگەنە پایە بەرزەکانی ئیداری حکومەت.. هەڵبەتە ئەوە ناگەیەنێ کە دونیا شامی شەریفەو هیچ هەڕەشەیەك بەرامبەر ژناندا نەماوە، هێشتا کۆسپو تەگەرە زۆرن.. بەلأم ئەوەی مایەی دڵخۆشییە شەمەندەفەرەکە کەوتۆتە ڕێو هەردەبێ بگاتە قۆناغ.

زانایەکی گەورەی جیهان دەڵێت: (هیچ کۆمەڵگەیەك بە تەواوەتی ئازاد نابێت تا ژنانی ئەو کۆمەڵگەیە ئازاد نەبن) بەو پێیەی ژن نیوەی کۆمەڵ پێکدێنێ، بۆیە هەوڵدان بۆ ئازادی ژنانو گەیشتن بۆ ئامانجە

سەرەکیەکانی مافەکانیان، ئەرکێکە جێبەجێ کردنەکەی دەکەوێتە سەرشانی هەمووماں.. ئەگەر چی باری هەرە قورس دەکەوێتە سەرشانی ئەوانەوە چونکە پێشینان گوتوویانە ماف دەسەندرێ ، نادرێ یەکێك لە کۆسپەکانی سەر ڕێی خەباتی ژنان بوار نەدان بەژنان وکچان لەلایەن کەس وکاریانەوە بۆ خەبات کردن لەو بوارەدا .

ئێستا کەسەیری خەباتی ژنان دەکەین دەبینین بەشێکی زۆر کەم هەڵسوراوانە کار دەکەن ، بەلاّم بەشی هەرە زۆری ژنان وکچان بەتایبەتی ژنان وکچانی لێپرسراوان دوورە پەرێزن ، بێگومان ئەوەش کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی دروست کردووە لەسەر کاروانی خەباتی ژنان.

ئێستا کەتەماشای ژنانی کوردستان دەکەی لەکۆیە ، خانمێك یان کچە لێپرسراوێك بەدیناکەی لەو بوارەدا ! قسەی زانایەکی دیکەی جیهانم بیرهاتەوە کە دەڵێ : (گەریتەوێ بزانی کەسێك پێشکەوتووخوازە ، یاخود کۆنەپەرستە ، برۆ ماڵەکەی سەیری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بکە) جابە داخەوە هەموان (پیاوان) بەتایبەتی توێژی لێپرسراوان وکاربەدەستان هەمیشە باسی مەدەنیەت وپێشکەوتن خوازی و ئازادی ژن و بەدەستهێنانی مافەکانیان دەکەن بەلاّم ئەوە هەر قسەیە ، چونکە لەراستیدا پیاوێکە بەعەقڵی پیاو سالاری ڕەفتار دەکات ، دەتوانم دەیان نموونە بهێنمەوە ، کەتاکو ئێستا ژنە بەرپرسی راهەیە بارەگای ڕێکخراوێکی مەدەنی نەدیوە !.

ستاتیکای بیناسازی لەشاری کۆیە
حەمامەکان وەك نموونە

بوونی گەرماو لەهەرئاوەدانیەك ، نیشانەی پێشکەوتن و هۆشیاری کۆمەڵایەتی ناوچەکەیە ، لەو روانگەوە سەرنج دەدەین مێژوو نووس وگەریدەکان لەنوسینەکانیاندا بایەخێکی تەواویان بەگەرماوەکان داوە ، لەدیاری کردنی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو ئابووری وهونەری هەر شوێنێك ، کە سەردانیان کردبێت .

لەساڵنامەی عوسمانی (١٩٠٦) ی ویلایەتی موسڵ بەم شێوە لەسنجەقی کۆیە دەدوێت : (کۆیە شارێکە دەکەوێتە دامێنی چیای هەیبەت سوڵتان ، ئاوی زۆرەو ژمارەی دانیشتوانی لەچوار هەزارو دووسەد کەس زیاترە ، جگە لە بینایەکی میری ، یەك قشڵەو دە مزگەوت وسێ تەکیەو سەدرچل دوکانوپێنج قاوەخانەوهەشت ئاشوسێ گەرماوی لێیە) مامۆستا حوزنی موکریانیش لە پایزی (١٩٢٥) سەردانی کۆیەی کردووە و گەلێك باسی جۆراوجۆرو بەپێزی لەمەڕ هونەری تەلارسازیو باخ و دوکان و کارێز و رێگاو تەکیە و مزگەوتەکانی ئەو شارە تۆمار کردووە ، بەم شێوەیە (کۆیە پازدە مزگەوت و سێ تەکیە و سێ گەرماو و دوو قەیسەری و گەلێك دووکان و چایخانە و مەکتەبێك و سەیارەیەکی جوان و پۆستە و

تەلەگراف و ئیدارەی گومرگ و قشڵەیەکی لێیە) لەچوار گەرەکیش پێکهاتووە (بایزاغا، قەڵات، هەواو ، بەفری قەندی) ئەوکات ژمارەی دانیشتوانەکەی پێنج هەزار و حەوت سەدو نەوەدو حەوت کەس بووە .

بەسەرنجدان لەم ئامارەی سەرەوە بەتایبەتی رێژەی دانیشتوانەکەی دەردەکەوێت کە ئەم شارە هەرچەندە لەو رۆژگارەدا زۆر بچووك بووە ، بەڵام لەرووی هونەری تەلارسازیدا لە ئاستێکی بەرزدا بووە ، کە وردەکاری و جوانکاری و دەست رەنگینی ئەم وەستایانە دەردەخات تاق و هەیوان و دیوەخان و مزگەوت و گەرماو دەروازەکانیان بەنەخش و نیگار و هێلکاری ناوازە رازاندۆتەوە . ژمارەیەك لەم خانووانە بە جۆرێکی نایاب لەقسڵ و گەچ بنیات نراون ، کەبە هەموو پێوەرێکی مێژوویی و ستاتیکی دەچنە خانەی کەلەپوری نەتەوەییەوە وەکو خانووەکەی حاجی عەبدوڵڵای مسکێن .

گەرماوەکانی دوێنێ و ئەمرۆ

گەرماوەکانی دوێنێ جیاوازیان لەگەڵ گەرماوی ئەمرۆدا نییە، تەنها لەرووی تەلارسازیو بیناسازیەوە نەبێت، گەرماوی دوێنێ ئەستێرکێکی گەورەی تێدابوو کە(عەمبار)یان پێدەگوت ئەو عەمبارە ئاوی تێدابوو، ئەوانەی دەچوونە گەرماو، دوای خۆشۆردنیان لەو عەمبارە مەلەیان دەکرد، کاتێکیش وەرزی زستان دەهات خەڵك بەتایبەتی ژنان جلەکانیان لەوێ دەشۆرد، لەسەرەتای سەدەی رابردوو وورده وورده گەرماو لەماڵان پەیدا بوو.

گەرماوەکانی کۆیە

وەك لەپێشتر ئاماژەمان پێدا، سێ گەرماو لە کۆیە هەبوو، کەلە گەرماوە هەرە باشەکانی کوردستان بوون ئەوانیش :

- گەرماوی پیسکان خاوەنەکەی(تاهیر چەلەبیو کاکەی حەمامچی) بوو، ئەو گەرماوە لەلای تاتوکان بوو.
- گەرماوی حەسەن ئاغا، خاوەنەکەی وەکو لەناوەکەی دیارە (حەسەن ئاغای غەفوری) بوو گەرماوەکە(سۆفی عەبدوڵلا) سەرپەرشتی کردووە.
- گەرماوی ناوەندی خاوەنەکەی (مەلا ساڵحی موفتی و مەلا حەوێز ئاغای غەفوری) بوو دەکەوێتە خوار مزگەوتی مام یەحیا

لەدروستکردنی گەرماوەکاندا، سوود لەقسڵ وگەچ وەرگیراوە کە لەشێوەی گومبەت دروست دەکران، بۆ رووناکی ژوورەکانیش چەند کونێك هێشترابوونەوە، وەك کلاۆ رۆژنە ژوورەکانیان رۆشن دەکردەوە بەهۆی حەوزێکی گەورەوە لەرێگای دوو بەلوعەوە ئاوی سارد وگەرم دەگەیشتە ئەو دەفرە خرانەی کەلەناو ژوورەکاندا دروست کرابوون لەچەقی ئەو ژوورەدا بەردێکی لاکێشەیی گەورە هەبوو، پێیان دەگوت (بەردی زاوا) خەڵك لەسەری رادەکشا تاماسولکەکانیان خاو و شل ببێتەوە.

بەشەکانی گەرماو

ئاگردان: (کورەخان) یشی پێگوتراوە، ئەو شوێنە بوو کە ئاگری لێدەکرایەوە، ئەو کەسەی بەو کارەش هەڵدەستا بە کورەچی ناسرابوو.

سەرشۆرك: بەشە سەرەکیەکەی گەرماوەکەیە، بنمیچەکەی قوببەیەکی فراوان بوو، لەهەر چوارلاوە حەوزی بچووك بچووکی تێدابوو.

ژووری خۆگۆرین: دەکەوێتەوە پێش سەرشۆرك و گەرماوەکە ئەو کەسەی دەچووە گەرماو پێش خۆ شۆردن وپاش خۆشۆردن لەوێ جلکی دەگۆڕی، دەربارەی گەرماویش لەمێژە کورد گوتویەتی: دونیا جامی حەمامە، هەر رۆژە بەدەست یەکێکەوەیە، یاخود پیاوەتی بەئاوی حەمامەوە دەکات، یانیش دەڵێی پەشتەماڵی حەمامە هەر رۆژە بەشانی یەکێکەوەیە... هتد

سەفەربەلك (گرانی گەورە)

لە(٣)ی ئابی ساڵی(١٩١٤) دانیشتووانی بەغدا لە پڕ گوێیان لـە لێدانی تەپڵ بوو.. لە سەر دیوارەکان ئاگاداریان بینی کە وێنەی تـۆپو تفەنگی لە سەر کێشرابوو، لە ژێردا بە زمانی تورکی نوسـرابوو(سـفر بلك عسكر أولانكر سلاح باشنە).. واتا ئامادەباشی گـشتی راگەیـەنرا دەبێت سەربازەکان بە چەکەکانیانەوە ئامادەبن.

ئەوە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو کارەساتە گەورەیە بوو.. کە تـەنها بە تێکشکانو لـە ناوچـوونی ئیمپراتۆریەتـە نەخۆشـەکەی بنەماڵـەی عوسمانلی کۆتایی هات، خەڵکی سادە وشەی(سـەفەر بـەلك)یـان بـە شێوەیەك راڤە دەکرد گوایـە سـەفەر کردنـە بـۆ شارۆچـکەی(وان) لـە ئەنادۆڵ، رای(واو)ە کەیان کردبووە (نون)، ئەم هەڵەیە بەشـێکی زۆری خەڵکی سادەی گرتوە. بەدرێژایی جەنگ خەڵك گوێیان لەدەنگی تەپڵی ئامادەباشی (سـفربلك) دەبـوو ، بـازارو شـەقامو شـوێنی کارەکانیـان بەجێدە هێشتو دەچوونە ماڵ و خۆیان وون دەکرد نەوەك بۆ شـەرگەکان راپێچ بکرێن وشەی (سەفەربەلك) لەو رۆژەوە دەلالەت لەبرسـێتی و مـردن دەکاتـەوە....! کوردسـتانیش هـەروەکو هەرێمـەکانی دیکـەی قەڵەمرەوی دەوڵەتی عوسمانی دوچاری کارەساتێکی مرۆیـی و ئـابووری گەورە بووە ، مەگەر هەر (مەلاحەمدون)ی شـاعیر تـوانیبێتی وێنـەی

لەم کارەساتە بکێشێ ، لەقەسیدەیەکدا بەناوی (ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکە) لەمە چەند دێرێکی ئەو قەسیدە ناوازەیەیە :-

ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکە دونیا شڵەژاوە
هەرکەس بەچەخارێ جگەری قیمە کراوە
دنیا پری ئاشوبە خەلایق بەعمومی
ئاسایشی لێ مەنعە دەڵێ جنبوشی ئاوە
ژاندرمە ئەسورێتەوە وەك واشەی برسی
بۆلاشەی میللەت بەفروفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوخرە کەرو قاترو یابۆ
وشتر سەقەت وشەل بووە گاپشتی شکاوە

لەوجەنگە خوێناویەدا جگە لە ماڵوێرانی و هەژاری شتێکی تری بۆ کورد تێدا نەبوو سەدان هەزار لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەبەرەکانی جەنگ نغرۆبوون ، یاخود بەهۆی برسێتی و نەخۆشیەوە گیانیان لەدەستدا ، بەشی هەرە زۆری سوپای (ئەرزە ڕۆم و سیواس و موسڵ) لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بوون ، ئەم نارچەیەش دەیان پێکدادانی بەخۆیەوە بینی ، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لەم هێزانە تووشی کوشتن و دیل و برینداری هاتن .

پرۆسەی ڕەشبگیری لەو ڕۆژگارەدا لەڕاوە مرۆڤ دەچوو ! جەندرمەکانی چاودێری لەهەموو شوێنێك بەدوای ڕاکردووەکاندا دەگەڕا ، ئەگەر نەیان توانیبا کەسێك دەستگیر بکەن دەچوون باوکی،

یاخود برای ئەو کەسەیان راپێچ دەکرد، هی واهەبوو بۆ ئەوەی خۆی بەدەستەوە نەدات دەچوو جلی ژنانەی لەبەر دەکرد، یاخود پەنایان دەبردە بەر چیاکان و سەرۆك هۆزەکان بۆ درێژەدان بە ئاگری کورەی ئەو جەنگە کاولکاریە، چەندین باجی جۆراوجۆرو عەنتیکەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندبوو لەوانە: (باجی مەڕومالآت، باجی دەغڵ ودان، باجی جەمەدانیانە و باجی کراسانە... هتد) .

سەرەرای ئەمانە سەربازەکان دەستیان بۆکەلێن وقوژبنی مالآنیش درێژ دەکرد، بۆ ئەوەی هەرچی زەخیرەیەك هەبێ بیدزن و بیبەن، جاری وا هەبوو خاوەن ماڵەکە لەلایەکی ترەوە زەخیرەکەی خۆی کریوەتەوە بەشی هەرە زۆری خەڵك نانی جۆومزاشیان دەخوارد بەهۆی ئەم جەنگەوە هێزی بەرهەمهێنان لە شارو گوندەکان زەبرێکی گەورەی خوارد، رادەی بەرهەمی دەغڵ ودانو ئاژەڵ زۆر دابەزی، بەشی هەرە زۆری مەڕو مالآتی ولآتەکەمان لەلایەن سوپای عوسمانیەوە فەرهود کرا، یاخود ئاژەڵەکانیان لەبەر بێ ئالیکی لەبرسان مردن ساڵی(١٩١٧) نرخی یەك نان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی(١٩١٢) دوانزەجار بەرز بۆوە، برنج پانزەجار، سوتەمەنی بیست جار.. لەئەنجامدا برسێتیو قاتو قری لەهەموو لایەك بلآو بۆوە مێژوو نوسی ناسراو(محەمەد ئەمین زەکی) ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەفەر بەلکدا بەهۆی برسێتیو نەخۆشیەوە گیانیان لەدەستدا ، بەنیوملیۆن کەس مەزندە دەکات، کە دەکاتە سێ یەکی ژمارەی کورد لەو سەردەمەدا .

بەهۆی شەڕو گرانیەوە ژمارەیـەکی زۆری کـورد رویـان لـە بەغـدا کردبوو، لەبازاڕ هاواریان دەکرد (برسیمە، برسیمە) بۆیە خەڵکی بەغدا بەساڵی (١٩١٧) یان دەگوت ساڵی برسیمە، دیارە ووشەی برسیمە هەر بەکوردیەکەی نەك بەعەرەبی .

چەند دیمەنێکی دڵتەزێن !

لەساڵی گرانیدا، رۆژانە دەیان کەس لە کوچـەو کۆڵانـەکانی شـار بەهۆی برسیەتی‌و نەخۆشیەوە دەیـان ناڵانـد، هەنـدێکیان بـە ئـازارەوە دەمردن، مامۆستا(تاهیر ئەحمـەد حـەویزی) دەڵـێ: (بـڵاو بونـەوەی لاشەی مردووەکـان لـە کوچـەو کۆڵانـەکان بۆکـەمی ژمـارەی پیـاوان دەگەڕێنێتەوە، هەڵبەتە ژن ومنـداڵیش توانـای شـۆرین‌و کفـن‌و دفـن کردنی مردوانیان نەبووە).. بۆیە لاشەکانیان لەو ناوە دەمانەوەو دەبوونە خۆراکی سەگ‌و پشیلە تەنانـەت هەنـدێك کـەس لـە برسـان گۆشـتی مردوویان خواردووە! پیاوێك بەهۆی برسیەتی‌و ناچاری کچێکی خۆی بە گوتکە گەنمێك داوە، ئافرەتیش هەبووە هەر لەبەر ژەمە خۆراکێك شووی بە پیاوێك کردووە! لەو رۆژانەدا منداڵی شیرە خۆرە بینـراوە، کەبەسـەر سنگی دایکە مردووەکەیەوە شیری مژیووە !

سەردەمێکی نوێ

پاش تێکشکانی دەوڵەتە نەخۆشەکە.. ئینگلیزەکان بە سەرکردایەتی(کاپتن های) لە(١٩١٨/١٢/١٥) گەیشتنە کۆیەو لە لایەن دانیشتووانی شار پێشوازی کران.. لە پێش هەموویانەوە(عەوڵاغای حەوێزی، حەمە ئاغای غەفوری، جەمیل ئاغای حەوێزیو مەلا محەمەد جەلی زادە) پێشوازیان لێکران.. (کاپتن های) چووە سەرای حکومەت، کاروباری ئیداری شارەکەی بەم شێوەیە رێکخست:-

- حەمە ئاغای مەحمود ئاغای غەفوری، حاکمی ئیداری شار.
- جمیل ئاغای حاجی ئەسعەد ئاغای حەوێزی.
- مەلا محەمەد جەلی زادە، قازی شەرع.
- مەلا ئەحمەد سمایل ئاغای غەفوری، حاکمی سولح.
- عبدول فەتاح ئاغای عەولا ئاغای حەوێزی، سەرۆکی شارەوانی.
- مەلا حەوێز ئاغای غەفوری، مەئموری پۆلیس.
- حاجی عەولا بەگ، مەئموری ئەوقاف.
- مەلا سدیق ئەفەندی، مەئموری تاپۆ.

سەیرە لە کۆیە

تورکە عوسمانیەکان یەکێك بوون لەوانەی ماوەیەکی دوورو درێژ حوکمڕانی وڵاتی ئێمەیان کردووە، ئەو دەوڵەتە بە هۆی خراپی بەڕێوەبردن و ستەمی نەتەوایەتی و نا عەدالەتی و گەندەڵییەوە نوقمی تەنگەژەی ئابوری و سیاسی ببۆوە.. بەشداری کردنیشی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەوەندەی تر ئەو رژێمەی تووشی قەیرانی سەربازی و سیاسی کردبۆوە.

قەیسەری روسیا(نیکۆلای دووەم) ئەو دەوڵەتەی بە پیاوە نەخۆشەکە ناوزەدکرد.. لە گەرمەی ئەو شەڕەدا سولتانی عوسمانی بڕیاری رەشبگیری(سەفەر بەرلك)یدا.. رەشبگیری ئەوە دەگەیەنێت، کە هەر نێرینەیەك توانای چەك هەڵگرتنی هەبێت راپێچی بەرەی جەنگ دەکرا دژی ئینگلیزو فەرەنسیەکان.. بە هۆی دووری و سەختی شەڕگەکانەوە گەلێك جار سەربازەکە نەدەگەڕایەوە.. واتا دەکوژرا یان بە دیل دەگیرا.

لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی پیاوێکی تورك بە ناوی(ئیبراهیم ئەفەندی) حوکمڕانی کۆیەی دەکرد، ماڵەکەشی لە خانووی(عەزیز ئاغای ئێندزیێ) بوو لە تەنیشت تەکیەی مام خەلیفە لە گەڕەکی بایزاغا.. ئەم تەکیەیە بە مزگەوتی(شێخ سمایلی عەودالان).. ناسراوبوو ئێستا کارلگەیە، وەك دەگێڕنەوە ئەو(ئیبراهیم

ئەفەندی)یە لەگەڵ ژنێك دەستی تێکەڵاو کردبوو، هەندێك لەو خەڵکە بەو هەواڵە پەستو بێزار ببوون.. بە تایبەتی(حاجی تۆفیق)ی ریش سپی گەڕەکی بایزاغا، بۆیە بڕیار دەدات سنورێك بۆ رەفتارە دزێوەکانی ئیبراهیم ئەفەندی دابنێت.. بۆیە(مستەفا ئیبراهیم) ناسراو بە(مچە سوسکە) هانداوە تا دەستی لێبوەشێنێت.. مستەفاش کە پیاوێکی گورجو گۆڵو ئازا بوو لە یەکێك لە شەوەکاندا ناوبراو دەداتە بەر گوللەی تفەنگە رەشکە، ئیتر وا دەزانێ کوشتوویەتی بەڵام زۆری پێناچێ دەنگی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە کە ئیبراهیم ئەفەندی لە رووداوی شەوی رابردوو بریندار بووە، لە ئەنجامدا مستەفا لە شار تەوەلا دەبێتو دەکەوێتە دەشتو کێوانەوە.

دوای ئەوەی هەڕەشەو فشارێکی زۆر دەکرێتە سەر خزمو کەسو کاری مستەفا سوسکە.. ئەویش بە ناچاری خۆی رادەستی میری کردەوە، بەو هیوایەی لێخۆشبوونی بۆ دەردەچێت.. بەڵام حکومەتی کۆیە بڕیاری کوشتنی بۆ دەردەکەن.. ئیتر کەسو کارو خزمانی مستەفا سوسکە هەوڵو کۆششی زۆریان داوە تا بە هەر نرخێك بێت مستەفا لە مردن رزگار بکەن.

لەم رووداوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆیە رێکدەکەونو بە پێی ئەم سیناریۆیە دەربازی دەکەن.. ئەو شەوەی بڕیار بووە مستەفا گوللە باران بکرێ پۆلیس بە رۆژ یەکێك بە هەمان ناو لە بازاڕ دەگرن، لە شەودا لەبەردەم مزگەوتی جومعە گوللەبارانی دەکەن.. زۆری پێناچێ ئەم

هەواڵە وەکو ئاگری ناو پووش بەناو خەڵکدا بـڵاو دەبێتــەوە، هــەر لــەم رووداوە وای لە یەکێك لە سوبعەتچیو قۆشمەچیەکانی کۆیــە کــردووە.. بڵێت(سەیرە لە کۆیە) لە دوای ئەم رووداوەوەش خەڵکی هــەر کــارێکی سەیرو سەمەرە ببیستن دەڵــێن... ســەیرە لــە کۆیــە.. دیــارە ئــەم روداوە خەڵکی کۆیەی تاساندووە بۆیە(حەمـاغای کۆیە) داوای لە میری کردووە کە چیتر بڕیاری لە سێدارەدان لە کۆیە جێبەجێ نەکرێت.

شانۆ لە کۆیە سەرهەڵدان و هەڵسەنگاندنێکی سەرپێی

لەم سەردەمەدا شانۆ تەنیا پێویستییەکی مرۆیی‌و ستاتیکی نییە.. ەلکوو بووەتە مەسەلەیەکی زیندوو کە راستیەکانی ژیان‌و داهێنان‌و ۆشنبیری مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکا.. جگە لەوە شانۆ، ئەو مەیدانەیە کە بارەشی بۆ نوێخوازی‌و ئەزمونە نوێکانی مرۆڤایەتی دەکاتەوە.. ەسەر ئاستی جیهانیش ئەمرۆ شانۆ دەیان چەمك‌و قوتابخانەی جۆراوجۆری لێبۆتەوە کە هەریەکەیان خاوەن تێڕوانین‌و جیهانبینی خۆیانن.

شانۆ هونەرێکی مەزن‌و شمولیە.. زێدە رۆیی نییە ئەگەر بڵێین لوتکەی گشت هونەرەکانە، چونکە بە راستی هەموو شێوازەکانی ێکەی هونەر لە خۆ دەگرێت وەکو مۆسیقاو گۆرانی‌و سەماو وەرزش‌و ئەدەب‌و هتد...

لە هەموو سەردەمەکانیشدا شانۆ قوتابخانەی گەل بوو.. وانەو پەیامی رەوشت بەرزی‌و نیشتمان پەروەری‌و برایەتی لە ناو خەڵك بڵاو کردۆتەوە.. دەشێ شانۆ لە جومگەیەکی مێژوویدا لاواز بووبێ.. بەڵام گومانی تێدا نییە لە مەودای دوورو درێژدا هەر پەیامی خۆی گەیاندوەو گۆڕانی لەکۆمەڵدا بەدیهێناوە ، یاخود رێخۆشکەربووە بۆ ئاڵو گۆڕەکان ئەم لقەی هونەر مێژوویەکی لێوان لێو لەداهێنان‌و هەڵوێست‌و جوانی هەبووە بەرامبەر کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە

رۆڵــی مــەزنی بینیــوە لەهۆشــیار کردنــەوەی جــەماوەر لەبەرامبــەر ئاستەنگە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکاندا .

ئەو پەیڤانەی ســەرەوە وەکــو کلیــل وابــوون بۆچــوونە نــاو بابــەتی سستیو فەرامۆشنەکردنی جولأنەوەی شانۆ لەم شارەدا ، بەپێی زانیاری مامۆستای خوالێخۆشبوو (تایــەر ئەحمــەد حــەریزی) یەکــەم بزاڤــی شانۆیی لەکۆیە بۆ ساڵی ۱۹۳۱ دەگەڕێتــەوە ئەوکاتــەی (محمــد قــانع عبالفتاح) لەهەولێکی تاکە کەسیدا لەهەیوانی سەرەوەی قوتابخانــەی کۆیسنجەقی ئولا ، نمایشێکی شــانۆیی پێــشکەش کــرد . پــێش ئــەوەی ئەنگوست بۆ کەمو کورتیەکان درێژ بکەین دەمەوێ ئەو راستیە بخەمــە روو کە ئەو گێژاوەی شانۆ تێی کەوتووە تەنیا لە ئەستۆی هونەرمەندان دانیــە ، بــەڵکو بەرپرســیارێتی دەکەوێتــە سەرشــانی هــەموو لایــەك بەتایبــەتی یــەکێتی هونەرمەنــدانی کوردســتانو دام ودەزگــا حیزبــی وحکومیەکانــەوە ...!شــانۆ پێویــستیەکی دەســتە جەمعیە،پێویــستی بــەکاتو شــوێنو پــشتیوانی کردنــی مــاددی و مەعنــەوی هەیــە تــا زەمینەی گونجاو بێتەدی بۆ ئەوەی شانۆکار کاری خــۆی ئــەنجام بــدات . بەڵام لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ ،ئایا هونەرمەند چۆن دەتوانێت ژیانو بژێوی خێزانەکەی دابین بکات لە حاڵەتێکــدا گــەر هەربــەکاری هونەریەوە پابەندبێت ؟ لــەوەڵامی ئــەو پرســیارەی ســەرەوە دەڵــێین :- بۆئەوەی هونەرمەند بەو پەری تواناوە کاری شانۆیی داهێنەرانــە ئــەنجام

بدات ، پێویستی بەکەش و هەوایەکی ئازادو ژیانێکی سەر بەرزانەو گوزەران و بژێوی ژیانەوە هەیە .

هەموو دەزانین لەحاڵی حازردا کۆیە مەڵبەندێکی رێکخستنی لێیە و چەند کۆمیتەیەك و رێکخراوە دیموکراتیەکان ، ئەوانە هەموویان گەر بخوازن بەهەماهەنگی لەگەڵ هونەرمەندانی شار جوڵانەوەیەکی شانۆیی ئامادەیەك باش دروست دەکەن . سەرەرای ئەوانە ئێستا لەم شارەدا دەیان هونەرمەندی لێوەشاوە هەیە جگە لەوە چەندین دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەر جوانەکان . من پێم وایە ئەگەر هەما هەنگی و هاوکاری لە نێوان ئەو فاکتەرانە دا بکرێت دەتوانرێ جوڵانەوەیەکی هونەری شانۆیی بەرهەم بهێنین و جەماوەر لەگەڵ تەختەی شانۆدا ئاشت بکەینەوە .

چایخانەکانی دوێنێ
ساتێك بۆ پشوودان و فەزایەك بۆ داهێنان

گەلی کورد گەلێکی دێرین و رەسەنی ناوچەکەیە، پێش عەرەب و تورك لەکوردستان لەسەر خاکەکەی خۆی ژیاوە ، لەگەڵ پێشکەوتن و بزووتنەوەی مێژوودا ، قۆناغ لەدوای قۆناغ گەشەی کردووە و بەرەوپێش چووە . بەپێی لۆجیکی مێژوو، کوردیش لەهەنگاوە سەرەتاییەکانەوە ملی رێگای گرتووە، دوای برینی هەزاران کەند و لەند و نشێو، ئینجا بەم قۆناغە گەیشتووە. کەبە (سەردەمی خێرا) ناسراوە، ئەم گۆڕان و پێشکەوتنە، هەڕەمەکی و رێکەوت نەبووە، بەڵکو بەپێی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ هاتۆتەدی، پابەند بوون بەم یاسایە کارێکی حەتمیە، هەموو گەل و کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە، بەلاّم بەرێژەی جیاواز..
ژیانی مرۆڤی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوو وەکو ئەمڕۆ نەبوو، ئەودەم هێشتا تەزووی کارەبا نەگەیەنرا بووە کۆیە، واتا کەس تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و مۆبایلی نەبوو، بۆ بەسەربردنی شەو و شەوگاری دوور و درێژی شەوان، زۆربەی خێزانەکان شەوانە سەردانی یەکتریان دەکرد، هەندێکیش لەدیوەخانەکان کۆدەبوونەوە بۆ گوێگرتن لە حیکایەتی خۆش و بەسەرهاتی قارەمانەکان و ئەفسانەکان، کەلەگەڵ هزر و عەقڵیەتی ئەوسای خەڵکەکە دەگونجا ژمارەیەکیش

بەتایبەتی ئەوانەی شەیدای هونەرو هۆگری گۆرانی بوون، دەچوونە دیوەخانە هەمیشە ئاوەدانەکەی (ئەختەر)ی شاعیرو هونەرمەند، لەو دیوەخانەدا جاری وا هەبووە سەدای ئاوازو چریکەی هونەرمەندان لە زەردەپەڕەوە تا کازیوە ئاسمانی شەوانی کۆیەی شەق دەکرد، هەروەکو چۆن دیاردەی بلاّو بوونەوەی چایخانە لەشارەکانی عێراق و کوردستان سەری هەلّدا، بەهەمان شێوە لەکۆیەش پەیتا پەیتا چایخانە سەریان هەلّدا، یەکەم کەسێك بیری لە کردنەوەی چایخانە کردبێتەوە پیاوێکی عەجەم بوو، کەلەسەر گۆمی (حەمەد بەگ) داینا دوای ئەو خەلّکی تر کردیانە چاو لێکەری‌و لێرەو لەوێ چەندین چایخانەیان دانا، وەکو عەبەی چایچی‌و قالە چاوشین‌و سەعدی ئاغا ئەوەی دواییان چایخانەکەی لەخوار قشلّەی کۆیە بوو، شوێنێکی خۆشی هەبوو ئەو یەکەم کەس بوو لە دەرەوەی کۆیە گۆرانی بێژی بانگهێشتی کۆیە کرد، کاتێك لە شەقلاّوەوە کاوێس ئاغای هێنایە چایخانەکەی‌و چەندین ئاهەنگی بۆ گێڕا.. لەئەنجامدا ناوبانگێکی باشی پەیدا کرد، لەوە بەدواوە شەوان سەدان کەس روویان لەو چایخانەیە دەکرد، ئەوکارەی سەعدی ئاغا هانی چایەچییەکانی تری دا، کە بانگهێشتی هونەرمەندانی دەرەوەی کۆیە بکەن، وەکو حەکیمی چایچی‌و سمایلی سەرمابردی، ئەوانە عەزیز ئاغاو ئەحەی ناسرو عەجەم ئۆغلوو مەلا سابیر کەرکوکی و شەهابەی هەولێریان داوەت دەکرد ، تاکو تەرا لەناو چایچیەکانیش کەسی دەنگ خۆش هەبوو وەکو تۆفیقە درێژو عەبەی

چايچیو ئەوەی دواییان چایخانەی لەخوارێ بوور تازە سەماوەرێکی نوێی لە ئێرانەوە بۆ هاتبوو، هەر کەسەماوەرەکەی بەجۆش دەهات، چەقەنەی لێدەداو بەستەی دەگوت، لەزۆربەی شارەکانی کوردستان هەندێ چایخانە هەبوو لەوانیتر بەناو بانگ تربوون، بۆ نموونە لە هەولێر چایخانەکانی عەبۆو مەچکۆ، چایخانەی دوومیان تاکو ئێستا هەرماوە شوێنی رووناکبیران‌و هونەرمەندانی هەولێرو کوردستانە، لەسلێمانیش چایخانەی(شەعب) کەتا ئەم ساتە وەختەش بایەخێکی گەورەی هەیە لەلایەن خەڵکی شارەوە.. لەکۆیەش چایخانەی(حەمە گەمخان) رۆڵی مێژوویی گێراوە لەرووداوەکاندا بەهۆی ئەوەی خوالێخۆشبوو(حەمە گەمخان) پیاوێکی ناسراوی شارەکەبوو، هونەردۆست‌و هاوکاری دانیشتوانی شارەکە بوو، بۆیە لەهەر شوێنێك چایخانەی هەبووبێ خەڵکێکی زۆر روویان تێکردووە بەتایبەتی هونەرمەندان .

گەلێك جار هونەرمەندانی وەکو: تایەر تۆفیق‌و باکوری‌و مەلا ئەسعەدوسێوەو دەرزێش سمایل‌و حەمەدەمین عەباس‌و باقی حەلاق، لەتوێژی رۆشنبیرانیش، کەریم شارەزاو ئەحمەد دلزارو سامی عەودالّو جەلال جۆبارو غەریب پشدەری‌و مەولود ژاکاوو تایەر ئەحمەد حەوێزی بە رێکو پێکی سەردانیان کردووە جگە لەوە شوێنی بەیەکگەیشتنی سیاسیەکانیش بوو، نەخاسمە خەڵکی چەپڕەو، چونکە خوالێخۆشبوو دۆستی شیوعیەکان بوو.. لە شەوانی رەمەزاندا دوای ئەوەی خەڵك نوێژی شێوان‌و تەراویحیان تەواو دەکرد، روویان لە چایخانەکەی(سەری

مەیدان)و سەعدی ئاغا دەکرد.. لەوێ خەڵکەکە تا پارشێو خەریکی سینیو زەڵفانێ بوون، بە دەم یاری کردنەوە گۆرانیو بەزمیان سازداوە.

سینیو زوڵفانێ بریتییە لە دوو ریز لە یاریزان کە بەرامبەر یەکتر دادەنیشتن، هەر لایەك بیدۆڕاندبوووایە دەرهەمێکی دادەنا.. بە درێژایی شەوانی رەمەزان پارەکە کۆدەکرایەوە تا دوا شەوی ئەو مانگە، ئەو دەم دەدرا بەو گۆرانی بێژانەی لە شەوانی مانگی رەمەزان گۆرانیو لاوكو مەقامیان دەچڕی، جگە لەو چایخانانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن.. چایخانەی تریش هەبوون وەکو: (چایخانەی شێخ محێدینو چایخانەی حەمەدی کریمو چایخانەی تەمتەمان، کە عەبدوڵڵای مەلا فەتاح خاوەنی بوو و چایخانەی ئاشیلکە).. ئەو چایخانانە تا پارشێو کراوە بوون، کاتێکیش دەبوو بە پارشێو، هونەرمەندان: (عەزیز زەینەڵو حەمە عەبۆ) بە دەهۆڵو زوڕنا بە لێدانی ئاوازی بە جۆش لە کۆڵانەکانی شار خەڵکیان بۆ پارشێو کردن بە خەبەر دەهێنا.

ئەوەی سەرنج راکێش بوو لە ناو چایخانەکانی کۆیەدا، چایخانەکەی سەعیدی مەلا ئەحمەد بوو کە کەوتبوە بەرامبەر قائمقامیەتی شار، لەوێدا ناوە ناوە نمایشی شانۆیی پێشکەش کراوە.. لە شانۆگەریەکانی ئەوسا: (کاوەی ئاسنگەر، ژن بە ژن، شیربایی، بازرگانی، ڤینسیا، ئینتیخاباتو هتد...) پەنجاکانو شەستەکانی سەدەی رابردوو گەرمەی کاری حیزبایەتیو ململانێی سیاسی بوو لە کۆیە.

پێدەچێ(دەردە کورد) لە هەموو زەمانێك قەدەری کورد بوبێت.. زۆر جار دۆستو لایەنگرانی هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی ئەوسا گۆڕەپانی سیاسی کورد..(پارتی دیموکراتی کوردستانو حیزبی شیوعی عێراق) بە دارو بەردو چەقۆ سەرو گوێلاکی یەکتریان شکاندووە.. چایخانەکەی خوالێخۆشبوو(حەمە گەمحان) شوێنی کۆبونەوەی شیوعیەکان بوو.. چایخانەکەی(فەتاح حەکیم)یش شوێنی پارتیەکان بوو.

ڕۆژنامەی(أتحاد الشعب) کە زمانحالی(ح.ش.ع)بوو، پیاوێکی دیان بە ناوی(بەشیر) دابەشی دەکرد، هەچی ڕۆژنامەی(خەبات)یش بوو(حەمە بەگرەز) دابەشی دەکرد، لە گازینۆی حەمە گەمحان هەردەم گوێ بیستی قەوانی نوێی هونەرمەندانی کوردو عەرەب دەبوی.. ناوبراو شەیدای دەنگی هونەرمەندی عەرەب(ام کلسوم)بوو.. هەمیشە نوێترین قەوانەکانی ئەم هونەرمەندە لە لای دەستدەکەوت.

لە ساڵی (١٩٤٥) کاتێك بۆ یەکەم جار هونەرمەندی گەل(تایەر تۆفیق) ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئێزگەی کوردی بەغداوە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر ئاهەنگێکی گۆرانی پەخشکرد.. لەو ڕۆژەدا نزیکەی(٢٠٠)کەس بۆ بیستنی ئەو ئاهەنگە لەوێ ئامادە بوون، ئاهەنگەکە بە گۆرانی(لە سۆرە گوڵێ)و بەستەی(کراس زەردێ) دەستی پێکرد.. خوا لێخۆش بوو حەمە گەمحان پیاوێکی پێشکەوتوو خوازو نیشتمان پەروەر بوو، لەگەڵ هونەرمەندانو ڕۆشنبیرانی کۆیە پەیوەندیەکی پتەوی هەبوو.. هەمیشە هانی قوتابیانی دەدا بۆ درێژدان

به خوێندنو به دەستهێنانی بڕوانامه.. جگه لەوه دەستی یارمـەتی بـۆ قوتابیه هەژارەکان درێژ دەکـرد.. بـەو هۆیـه لـه لایـەن دانیـشتووانی کۆیەوه رێزی زۆری لـێگیراوه.. بـەڵام لـه دوای سـاڵی(١٩٧٥) کۆیـەی بەجێهێشتووەو بۆ هەولێر چووەو.. ئیتر لەوێ مـاڵئاوایی له ژیان کردووه.

کۆیە لە ئاوێنەی دوێنێدا

ئەو ئازادیو سەرفرازیەی گەلەکەمان ئەمڕۆ بەدەستی هێناوە لە خۆڕاو بە هەڕەمەکی بەدی نەهاتووە.. بەڵکوو بە خوێنی هەزارەها شەهیدو قوربانی رۆڵەکانی گەلو پشتیوانی دۆستو هێزە دیموکرات خوازەکانی جیهان بەدەست هاتوون.. یانەی سەرکەوتن.. ئەو مەڵبەندە روناکبیریو رۆشنگەریەی سیەکانی سەدەی رابردوو بوو کە رۆڵی دیاری لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریو هەستی نەتەوایەتی لە ناو رۆڵەکانی گەلی کوردمان بینیوە.

یانەکە لە شاری بەغدا لەسەر دەستی بەهەشتی(مەعروف جیاووك) دامەزرا.. دیارە هەلومەرجی گشتی ئەو رۆژگارە گەلێك سەختو دژوار بوو، بە هەوڵو هیمەتی پیاوێکی وەکو(مەعروف جیاووك)و هاوکاریو دڵسۆزی گەلی کورد نەبوایە یانەکە هەرگیز چاوی هەڵنەدەهێنا.

یانەی ناوبراو دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بوو.. واتا لە لایەن میریەوە هاوکاری نەدەکرا، بۆیە مەعروف جیاووك پەنای بردە بەر جەماوەر بۆ بەردەوامبوونی کارو چالاکیەکانی یانەکەی.. ئەوە بوو لە ههەڵمەتێکدا سەردانی ژمارەیەکی زۆر لە شارو شارۆچکەو تەنانەت گوندەکانیشی کرد، بۆ کۆکردنەوەی پارەو باروبوو.

یەکێك لەو شوێنانەی چیاورك سەردانی کرد، شاری کۆیە بووە.. لەو سەردانەیدا(٩٠)کەس دەستی یارمەتیو هاوکارییان بۆ درێژ کردووە.. لەبەر زۆری ژمارەکە ئێمە لێرەدا تەنیا ناوی ئەو کەسانە بلاو دەکەینەوە کە لە(٣)دینار زیاتریان دابوو... ئەوانەی سێ دیناریان دابوو:

(حەوێزئاغای حەبیب، عەبدول واحد چەلەبی، محمد سەعید کاك ئەسعەد، مەلا سەدر، مەلا بهاالدین، کمال حاجی مجید، تۆفیق یاسین، سالح موشکە، حاجی سابیر مام خدر، سابیر ئیسماعیل).

ئەوانەی پێنج دیناریان دابوو:

(سلێمان ئاغا غەفوری، عبد الصمد ئاغای غەفوری، سەید حاجی ئەحمد، حاجی جمال عبد الرحمن، صمد حاجی سمایل، عبد الرحمن ئەفەندی((مەئموری مەرکەز))، جمال جەلیل حەوێزی، سەید ئەسعەد ئاغا، رفیق حاجی سالح، نەجیب بەگ، تایەر چەلەبی، سەلیم بەگی گرد گۆران، عبد الباقی حاجی جلال).

ئەو کەسانەی لە بیست دینار زیاتریان دابوو:

(کاکە زیاد((٥٠))دینار، حەوێزاغا((٥٠))دینار، عبد الرحمن چەلەبی((٤٠))دینار، حاجی مەحمود((٤٠))دینار، عبدالمجید چەلەبی((٢٠))دینار، عومەر تایەر ئەفەندی((٢٠))دینار، حاجی جەلال((٢٠))دینار، حسین جمیل بەگ((قائیمقام))((٢٠))دینار.

گۆرانی و میوزیکی کوردی
لە نێوان شێواندن و رەسەنایەتیدا

گۆرانی و میوزیك هونەرێكە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە تا دوا ساتەكانی تەمەنی لەگەڵیدا دەبێت و چێژو خۆشی پێدەبەخشێ.. بۆیە دەروونناس و زانایانی سایكۆلۆجی، میوزیك بە هۆكارێك دادەنێن بۆ چارەسەركردنی گرفتی دەروونی و سڕكردن و خاوكردنەوەی مرۆڤ لە كاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا.

گەلی كورد وەكو هەموو گەلانی دیكەی جیهان لەبەرە بەیانی مێژووەوە خاوەنی هونەری خۆی بووە.. بە تایبەت مەقام و گۆرانی و هەڵپەڕكێ، ئەوە لە دوای ئەوە پاراستوویەتی و گەشەی پێكردووە.. لەم رووەوە رۆژهەڵات ناسی فەرەنسی (تۆمابوا) دەڵێ: (كورد لە سەردەمی ساسانیەكاندا دەستێكی باڵای لە بواری موزیكدا هەبووە.. گەلانی دەرو دراوسێ سوودیان لێبینیوە).

هونەری گۆرانی و موزیكی كوردی مۆركێكی هەرەوەزی و ریتمێكی گورج و خێرای هەیە.. ئەوە لە كاتی ساوار كوتان و دروێنە و زەوی كێڵان و دەستاڕ و مەشكە ژەنی و جلیتانی و هەڵپەڕكێ رەنگ دەداتەوە.. ئەم خەسڵەتانەی هونەری كوردی ئەوە لە دوای ئەوە تاكو چەند ساڵێك بەر لە ئەمڕۆ هەر بە رەسەنایەتی و شكۆمەندی ماوەتەوە، ساڵەهای ساڵە

شـوانەی شمـشاڵ ژەنو دەروێـشی دەف ژەنو زوڕنـا ژەنو دەهـۆڵ کـوت، گۆرانیە ڕەسەنەکانی شایی سوسکەیی‌و شێخانی‌و چۆپەیی‌و ئایشۆکێ‌و هەزارو یەك بەزمی دی پاراستوە.

چریکەی دەنگە بەسۆزەکانی دەیان کەڵە هونەرمەنـدی وەك(سـەید عەلی ئەسغەرو کاوێس ئاغاو ڕەشۆڵ‌و عـەلی مـەردان‌و حەسەن زیـرەك) دونیای هونەری گۆرانی کوردی دەڕازێنێتەوە، ئەم دەنگە نەمرانە هـەتا چەرخی ئەم ڕۆژگـارە بگـەڕێ لەسـەر زەیـن‌و بیرەوەریـەکانمان هـەر بـە زیندوویێ دەمێنێتەوە، لەبەرامبەر ئەم مێژووە گەشەی هونەری کوردی، بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار هەندێك بەرهەمی کاڵ‌و کـرچ‌و نـامۆ لەگـەڵ ئەم تەوژمەی جیهـانگیری‌و بازرگـانیکردن بـە هونـەرەوە کەوتـە سـەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، لەراستیدا ئەم بەرهەمـانە دوورن لە پەیامی هونەری‌و کزولاوازن لە ڕووی ئاوازو شیعرو مۆسیقاوە، خـراپن لەئـەداو ستاتیکی مۆسیقا .

ئەو تەوژمە نارەسەنەی هونەر(گۆران)ی نـەمر گوتـەنی: میزاجـی کوردەواری تێکـدەدات، لەیـەکێك لەبەرنامەکانیـدا کـەناڵی ئاسمـانی کوردسات فیلمێکی ئیستعرازی بـەناوی(خەپـەگیان) پێـشکەش بـە بینەرانی کرد، دوای تەواو بوونی فیلمەکـە، گەیـشتمە ئـەو ئەنجامـەی کـەبرای هونەرمەنـد دوورو نزیـك ئاگـای لەهونـەری کـوردی نیـە!.. پێدەچێت ئەو ساڵانەی کە لـە دەرەوە ژیـانی بەسـەر بـردووە مـوزیکی دیـسکۆو ڕۆژئـاوا کاریگـەری زۆریـان لێکردبێـت! لـەکاتی بینینـی

بابەتەکە، لەلایەك پێکەنینم بەم کارە دەهات لەبەر لاوازیو بێناوەرۆکی فیلمەکە، لەولاشەوە بەزەییم بەهونەری کوردی دەهات، کە چۆن بەدەستی چەند کەسێکی نەشارەزا دەشێوێنرێت .

ئەو هونەرمەندە گەنجە بە هەنجەتی نوێگەریەوە بەرهەمێکی کاڵو کرچو بێتامی پێفرۆشتین! نوێگەری وەکو ئەنوەر قەرەداغی دەڵێ : جل نیە هەرکات بتەوێ لەبەری بکەیت .

نوێگەری لاسایی کردنەوەی مایکل جاکسۆنو ئیبراهیم تاتلیساس نییە، بەڵکو نوێگەریو هاوچەرخێتی لەوەدایە، کە هونەرمەند گەشە بە هونەری گەلەکەی خۆی بداتو بەشێوازێکی زانستیانە سوود لە کەلەپورە دەوڵەمەندەکەی وەربگرێت، هونەرەکەی بۆنو بەرامەی خاکی کوردستانی لێبێت، ئەو بەرهەمە لە ئامێزی لاوكو حەیرانو ئای ئایو سیاچەمانەو ئەڵلاوەیسی چەکەرەی کردبێت .

هونەرمەندی رەسەنو نوێخواز پێویستە بۆ چاوگو سەرچاوەکانی هونەری کوردی بگەرێتەوە، ئیلهام لەموزیكو گۆرانی کەڵە هونەرمەندانی کورد وەر بگرێت، نەك وەك هەندێ گەنجی فەریکە هونەرمەند هەر هێندە ئامێرێکی موزیکی بە دەستەوە گرت، ئیدی دەبێتە گۆرانیبێژو دەست دەکەن بەکاری کلیپو گۆرانی گوتن، تەنانەت شیعرو ئاوازیش بۆ گۆرانیەکانیان دادەنێن، ئەگەر چانسی هەبێت دەنا ئەو بەرهەمانە زوو وشك دەبنو لە گوێچکەی خەڵکدا نامێنن!.

جێی خۆیەتی لێرەدا پێشنیازێك بخەمە بەر دیدی دەزگاكانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەكان، بە زەییان بەخەڵك و هونەری كوردی بێتەوە، چیتر ئەو كارە خراپانە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكانەوە پێشانی خەڵك نەدەن .

قشڵە تابلۆیەك لەجوانی و هێمای شارێك

كۆیە لەریزی ئەو شارانەی كوردستاندایە كە ئەهمیەتێكی مێژوویی و كەلەپوری دیاری هەیە شێوازی دڵرفێن و دیزاینی ناوازەو جۆری نەخش و نیگارەكانی ناو قەیسەری و خان و خانووەكانی كە بە گەچ و بەردی مەڕمەڕ جوانكاری كراون، هەروەها چەندین ئاسەواری مێژوویی لە ئەترافی كۆیە هەن وەكو شوێنەوارەكانی گوندی شیلە و ساتوقەلاو بۆگد.. لەهێما هەرە دیارەكانی كۆیە قشڵەكەیەتی، كە دوای تێپەر بوونی دەیان ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا هێشتا بەخۆڕاگری ماوەتەوەو پانۆرامای بەسەرهات و ڕووداوە تاڵ و شیرینەكانی دوێنێ بۆ نەوەی نوێ دەگێڕێتەوە.

بەحوكمی شوێنی بڵندو ستراتیژیەكەیەوە كە دەسەلات و هەژموونی بەسەر هەموو لایەكەوە هەبووە، دەبینین هێزە داگیركەرەكانی بێگانە بە درێژایی مێژوو ئەو شوێنەیان كردبووە مۆڵگەو ڕوانگە! قشڵە

ووشەیەکی تورکیە لـە بنەڕەتـدا قـشلاغ بـووە، کـە شـوێنی زسـتانە دەگەیەنێ بە درێژایی ڕۆژگار بووە بە قشڵە کـە لەسـەر زاران ئاسـانترو خۆشترە.. ئەم شوێنەوارە بە گەورەترین و کۆنترین قشڵە ئـەژمار دەکرێـت لە کوردسـتاندا کـە بـەم شـێوەیە مابێتـەوە، دەربـارەی دروسـتکردنی مامۆستای خوالێخۆشبوو(تاهیر ئەحمەد حەویزی) لە بەرگی دووەمـی مێژووی کۆیەدا نووسیویەتی: قشڵە لـە سـاڵی(١٨١٠)ز لـە زەمـانی حکومەتی محمد بەگی ڕۆمی دروستکراوە، بە گوێرەی تاپۆکەی بێت کـە لەساڵی(١٩١٤)دەرچووە بە تورکی نووسـراوە دەردەکـەوێت کـە ئـەم قشڵەیە مولکی وەزارەتی جەنگی عوسمانی بووەو لێی نووسراوە(حربیـە نظارت جلیلە سی نامنە) تا پێش ڕاپەڕینیش تاپۆکەی لە سەر وەزارەتی بەرگری عێراق بووە، هیچ زانیاریەك لەبەر دەست دانیە کە چ وەستایەك ئـەم قـشڵەیەی دروسـتکردووە، بـەڵام(محمـد امـین شـاکر) کـە لـە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو باشترین وەستای بیناسازی بووە لـەم شـارە، ناوبراو دەڵێ: وەستا عەباسی کـوری خـدر قـولی بـەگ لەگـەڵ وەسـتا ئـەلیاس کـەرکوکی، ئـەم دوانـە هۆدەکـانی بەشـی خۆرهـەڵاتیان دروستکردووە بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان شـێوازی دروسـتکردنی ئـەم هۆدانە لەوانی دیکە ناچن، ئەم وەستا عەباسە، وەسـتایەکی کارامـەی کۆیە بوو جگە لەم ئیشە، ژمارەیەك خانووی لێرەو لەوێ دروسـتکردووە وەك خـانووی کاکـە جـافو خـانووی ڕەسـوڵ ئاغـا لەسـاڵی (١٨٨٤-١٨٨٥ز) دروسـتی کـردووە، هـەروەها مزگـەوتی بـایز ئاغـای

دروســتكردووه، نــاوی وەســتا عــەباس لەســەر بــەردی مەڕمــەڕ لــە مزگەوتەكەدا هەیە، جگە لەمانە خـانووی كاكـەمینی مـام خـدر لـە گــەرەكی قــەلآت‌و خــانووی ئەســعەد ئاغــای مەلابــەكر ئاغاشــی دروستكردووە .

دیمەنی قشڵە

درێژی قـشڵە(١١٠)م پانیەكەشـی(٩٠)م ڕوویەرەكەشی(٩٠٠٠) مەتر دووجایە، قشڵە بە بەرد و قسڵ دروستكراوە، لەهـەر گۆشـەیەكدا بورجێكی خـری لێدروسـتكراوەو (١٥) پەیـژە كەلەبـەرد دروسـتكراوە دەچێتە ناو بورجەكانەوە بورجەكانیش بـە هـەمان كەرەسـتە.. واتـا بـە بەرد و قسڵ دروستكراوەو بنیات نراون، ئێستا بـورجی خۆرهـەلآت لـە ناوەوەیدا بـە هەرچـوار لایـدا هـۆدەو هـۆڵی تێدایـە، دیـواری بـەردی خۆرهەلآتی لە دەرەوەدا بە دوانـزە پاڵپـشت قـایمكراوە ئـەم پاڵپـشتانە ساڵی(١٩١١).. دوو وەستای بەغدایی دروستیان كردون، گـەر یـەكێك بە ووردی لەو پاڵپشتانە بڕوانێ تێدەگا لـە بەشـەكانی دیكـەی قـشڵە نوێترن .

دەرگای قشڵە

جوانترین بەشی قشڵە بوو، دەرگاکەی دەکەویتە ناوەراستی دیـواری بەری خۆرهەلاَت، بەرزیەکەی سێ مەترو چل سانتیم بوو، دەرگای دوولا بوو لە داری رەق و ئەستووری قـایم وەك ئاسـن دروسـتكرابوو، گوللـەی تفەنگ نەیدەبری ئـەو بزمارانـەی لـە دەرگاکـە درابـوون سـەریان وەك قارچـك وابـوو، كێـشی هـەر یـەكێكیان نیوكیلـۆ گـرام دەبـوو.. ساڵی(١٩٦٤) كە پێشمەرگە پەلاماری قشڵەی داو گرتـی، هێزەكـانی دوژمیش توپبارانیان كرد، كەلە ئەنجامدا تۆپێك بـەر دەرگاكـە كـەوت وێرانی كرد.

حەوشەی قشڵە

حەوشەی قشڵە گەورەو تەختە، پانتایی حەوشەكە ژمارەیەك گـۆری لێیە پێدەچێ تەرمی ئەو چەكدارانەی لێ نێژرابێ، كە لە شەرەكانی ناو قشڵە كوژرابن لەوانە گۆری(بـاپیر فـەقێ ئەحمـەد) بـە گومـەزەوە لـە حەوشەكەدایە كە هەندێك لە ئافرەتانی شار سەردانی گۆرەكە دەكـەن، دوو تۆپی كۆن تا ساڵی(١٩٨٥) لـەم حەوشـەیەدا بـوو، لـەو سـاڵەدا كاتێك هێزەكانی حكومەت گوازرایەوە چوار قورنە، تۆپەكەیان لەگـەڵ خۆیان بردو ئیتر لەوە بە دواوە ئاسەواری نەما شایانی گوتنە یەكێك لەو

دوو تۆپە، بە تـۆپی ڕەمـــەزان ناسـرابوو کـە لـە سـەر گـردی کـەکۆن دانرابوو، ساڵەهای ساڵ لەکاتی بانگی ئێوارانی مانگی ڕەمەزان دەیـان تەقاند.

هۆدەو قاوشەکان

لـە دەرگـا دەچـویتە ژوورەوە دوو ژووری بەرامبـەر یـەکتر هـەبوون ژوورەکەی دەستە چەپ ژووری پاسەوانان بوو، ژوورەکەی دەستە ڕاستیش ژووری بەندیخانە بـوو، بـەلای دەسـتە ڕاسـتی قـشڵە تـا کۆتاییەکـەی ژمارەیەك ژووری بەرامبەر یەکتر هەبوون، لـەنێوان هـەردوو ژوورێکـدا هەیوانێك هەبوون بەلای دەستی چەپیشدا، هۆڵێك بە درێژایی دیوارەکە دروستکرابوو، ئەم هۆڵە بەلای دەرەوەیدا پەنجەرەی هەبوو، بـەڵام بەشـی باشووری قشڵە بەرامبەر هەرمۆتەو ڕووباری کۆیە بە درێژایی ئەم بەشە تەوێلەی وڵاخان بوو.. ئەما دیواری پێشەوەی قـشڵە کـە ڕووی لـە شـار بوو، ئەوانە هەمووی پێکهاتبوو لە چەندین ژووری ڕێك‌و پێـك کـە بـە گەچی سپی کرابوون، کاتی خۆی ئەو ژوورانە شوێنی سەرتاشخانەو زین دورو پێڵاو دروو و کۆگای چەك‌و تەقەمەنی بوون.

بورجەکان

لە هەر چوار گۆشەی قـشلە بـورجێکی لێیـە، بورجـەکان لەگـەڵ دیوارەکانی قشلە بە یەکەوە دروست کراون.. ئـەو بورجانـە لـە سـەرەوە سەنگەری تۆپو تفەنگچی بوون، هەر بورجەی شوێنی دە تفەنگچی لـە خۆ دەگرێت.

تۆپی رەمەزانان

هەموو ئێوارانی مانگی رەمـەزان زۆربەی منـاڵو گـەنجانی گـەڕەکی قەڵات دەچوونە سەر قشلە بۆ بینینی تەقاندنی تۆپی رەمەزان، تۆپەکـە لە بن دیواری نزیك قەبرسـتانی لای راسـتی قـشلە دانرابـوو، (حەمـە عەبۆ) تۆپچییەکەی بوو.. پێش نیو سـەعات لـە بـانگی مـەغریب بـە خۆیو کیسەیەك بارووت دەگەیشتە ئەو شوێنە.

سەرەتا کیسە باروتەکەی دەخـستە نـاو لولـەی تۆپەکـەوە، ئینجـا هەندێك پـەڕۆی تێدەپەسـتاو هـەموو ئەوانـەی لـەوێ بـوون نیگایـان دەگواستەوە لای مزگەوتی گەورە.. چاوەڕێی ئیـشارەتی جـەنابی مـەلای گـەورەیان دەکـرد.. موئـەزینی مزگـەوتی گـەورە کـە نـاوی(مـەلا حەبیب)بوو، لە شوێنێکی دەوەستا تا مەلای گەورەی لێ دیاربێ.. کاتی بانگدان دەستێکی لێهەڵەبڕی، ئیتر حەمە عەبۆ تۆپەکـەی ئـاگر دەدار باروتیش وەکو مار فیشکەی دەکردو دوکەڵێکی سپی لێ بەرز دەبۆوە.

گرمەی تۆپەکە ئەو ناوەی دەلەرزاندەوە لە هەموو شوێنێکی شار دەنگی دەدایەوە.. ئیتر بە بیستنی دەنگی تۆپەکە خەڵك رۆژوەکەیان دەشکاند.

کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد
عەباو پەچە وەك نموونە

سەرەتاکانی سەدەی رابردوو، جگە توێژی دەستەبژێر(نوخبە) کە خاوەن رەهەندێکی زانستی ئاینیو رۆشەنبیری بوون.. زۆربەی خەلکەکەی تر چینە هەژارو نەخوێندەوارەکەی کۆمەڵی ئەم شارەیان پێکهێناوە، لەونەتەمۆسفیرە کۆمەلایەتیەدا کە فەرهەنگو کەلتوری چینی دەرەبەگ زاڵ بوو.. دیاردەی عەبا لەسەر کردن لە لایەن ژنانەوە بلاوبووە.. جلو بەرگو پۆشاکی خەڵك بە درێژایی مێژوو ناسنامەی گەل بوو، ئەمرۆ هەر بە جلو بەرگیانەوە دەتوانین زۆربەی گەلانی رۆژهەلات لێکدی هاوێر بکەین.. بەلام بە هۆی فاکتەری ئاینەوە یا خود بە هۆی سنوری هاوبەشەوە جلو بەرگی گەلێك خۆی سەپاندووە بەسەر گەلێکی ترەوە.. ئەوە رێك لە ژنی کورد قەوماوە کاتێك عەباو پەچەی ژنی عارەب دزەی کردە ناو پۆشاکی کوردەواریەوە.

نیشتمانی ڕەسەنی عەباو پەچە

زۆربەی مێژوو نوس‌و گەڕیدە کورد ناسەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ژنی کورد پێش هاتنی ئاینی ئیسلام عەباو پەچەی نەناسیوە، لەو بارەیەوە مینۆرسکی دەڵێ: (ژنی کورد بێ عەباو پەچەن، بە ئازادی‌و بەبێ شەرم لە ناو کۆڕو کۆمەڵ دادەنیشن، زۆر جاریش لە گفتوگۆدا هاوبەشی پیاوان دەکەن).

(مێجەر سۆن)ی حاکمی شاری سلێمانی لەسەردەمی مەلیك مەحموود دەڵێ: (زۆر جار ڕێککەوتووە ژنی کورد پێشوازی لە پیاوان کردووە بێ ئەوەی پیاوەکەی لە ماڵ بووبێت لەگەڵیدا دانیشتووەو قسەشی لەگەڵدا کردووە.. هیچ خۆی بە شەرم‌و حەیای درۆزنانە پێشان نەداوە وەکو ژنی تورك‌و عەرەب‌و فارس).

عەباو پەچە لەناو ژنانی کۆیە

ڕۆژگارێك لەم شارە بە تایبەتی‌و لە هەموو شارەکانی کوردستان بە گشتی، شورەیی بوو بۆ ژنان لە کاتی چوونە دەرەوەیاندا عەبایان نەپۆشیبا.. جاران خەڵك ئەگەر کچێکیان بە بێگەردو پاکیزە وەسف بکردایە دەیان گوت کچی ماڵەوەیە.. نە کەس پەنجەیەکی بینیوەو نە کەسیش گوێی لە دەنگی بووە.. ئەوکات ژنان‌و کچان بۆیان نەبوو بە بێ لەسەر کردنی عەباو پەچە بچنە دەرەوە، بە هۆی تەنکی پەچەکەوە بەردەمی خۆیان بینیوە!.عەبا هەر بەتەنها لەلایەن ژنانەوە نەپۆشراوە،

بەڵكو ئەو پیاوانەش، كە لەناو كۆمەڵ بە پیـاوی مـاقوڵ ناسـرابوون، عەبایان بەسەر شاندا دەدا ئەو عەبایانە لە بەغـدار موسـڵەوە دەهاتـە كوردستان، عەبای پیاوان‌و ژنان زۆر لەیـەكتر دەچـوون، بـەڵام عـەبای پیاوان لاكانی بە نەقش‌و نیگار رازاندرابۆوە، لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی عوسمانیەكان جۆرێكی تر لە عەبای ژنانە پەیدا بـوو، كـە بـە جـووت عەبا ناسرابوو رەنگیان شین بوو سـەرتاپای لەشـی ژنەكـەی دادەپۆشـی بەشێك لە ژنانی كۆیە چارۆگەیان بەسەر شـانیاندا دەدا، هەرچـی ژنـی دەوڵەمەندیش بوون (چارشەو كەمبەلی) كە لە ئاوریشم چنرا بوو، بۆ بازارو سەردانی مـاڵان بەسەریانەوە دەبینرا. ئەگـەر چـی تەكنـەلۆجیاو رۆشنبیری لەهەموو كون‌و كەلەبەرێكی ئەم شارەدا بڵاو بۆتـەوە، بـەڵام هێشتا ژمارەیەك لە ژنان عەبا لەسەر دەكەن .

دەرکەوتنی جلی مۆدە

لـەدوای رووداوی سـالّی(١٩٥٨) پۆشـاکی مـۆدێرنی ژنانـە، کـە باوباپیرانمان پێیان دەگوت(عەلمودە) بلاّو بۆوە، ئەم جۆرە جلانە وردە وردە تەشەنەی کرد، بەهۆی بوونی کەمینەیەکی ئـاینی مەسـیحیو هـاتنی ژمارەیەك مامۆستای ژن لە شارەکانی ترەوە ئەو فاکتەرانە بوونە هـۆی بلاّو بوونەوەی جلی هارچەرخی ژنانە، نابێ ئەو راسـتیەشمان لێ وون بـێ کـەی ئـەم شـارە هەمیـشەو بەبـەردەوامی ژمارەیـەك کەسـایەتی کۆمەلاّیەتیو ریفۆرمخوازی ئاینی تێدا بـووە، کـە بانگـەوازی ئـازادیو یەکسانی نێوان هەردوو رەگەزەکەیان بلاّو کردۆتەوە .

رەنگدانەوەی عەباو پەچە لەشیعرو گۆرانی کوردیدا

روونتر لە تیشکی خۆر ئەوەیە، کە شاعیرو گۆرانی بێـژان هەمیـشە خاوەنی هەستێکی ناسـكو فانتازیایـەکی رەنگـاو رەنگـن.. رەگـەزی (مێینە)ش بوونەوەرێکی هەرە جوانو ناسکی ئەم سروشتەیە، هەمیشە ناونیشانو بابەتێکی سەرەکی ئەوان بوون بە درێژایی رۆژگار.

گۆرانی نەمر کە بەشاعیری جوانیو سروشت ناسراوە، لە قەسیدەی درزی پەچـە وەسـفی ژنێـك دەکـات، کـە سـپێدەیەك بـە شـەقامێکی سلێمانیدا لە پڕ بەرەو رووی دێت، ئەگەرچی ژنەکـە بـە هـۆی پەچـەو عەباوە هیچ شوێنێکی دیار نییە، بەلاّم بۆ گۆرانی جوان پەرست درزێك

ئەو پەچەوە، کەلێنێك لە عەباکەیەوە بە سە بۆ ئە دایك بوونی قەسیدەیەکی جوانو تەڕو پاراو، کە قەسیدەی(لە درزی پەچەوە) یە کە لە بەشێکی ئەو هەڵبەستەدا دەڵێ:

لەگەڵ ئەوەی لە عەباوە ئالابوو

لە دیمەنی شیرینی ئاشکرابوو

گۆرانی بلیمەت درێژە بە هەڵبەستەکەی دەداو دەڵێ:

رۆییمو دزەی نیگام جارجارێك

لە ژێر عەبای رەشا ئەیدی نازدارێك

مابووی بگاتە عاستم چەند هەنگاوێ

درزێ کەوتە پەچەو دیم نیگای چاوێ

پێدەچێت عەبا لای هونەرمەندی گەورە(عەلی مەردان) بوو بێتە کۆسپ بۆ بینینی روخساری یارەکەی، دوای ماندو بوون بەهۆی گەرانو سوران بەدوای خۆشەویستەکەیەوە لە کۆلانانو جادەکانی کەرکوك دەڵێ:

بەدواتا وێڵم سەڵتو سەوادە کۆڵان بە کۆڵان جادە بەجادە

نەشمیلەی چاوجوان پەچەکەت لادە پەچەت لادە

هونەر مەندی مەقاماتی کورد(تایەر تۆفیق) پێدەچێ هەمان کێشەی مامۆستا(عەلی مەردانی) هەبوو بێت، بەلام ئەمیان کێشەی عەبا بووە، نەك پەچە..! بۆیە بە گۆرانی دەڵێت:

قەلاو سەفین بەرامبەر، یارم عەبای کردە سەر

ـانەم دەچوون بۆ سەیران، منی کردووە دەربەدەر

کاروان و کاروانچی وکاروان سەرا

سەردەمێك کۆیە یەکێك بوو لەو شـارانەی، کـە رۆڵێکـی گرنگـی دەگێرا لە لایەنی بازرگانیو رۆشنبیریدا، لەرووی ئیداریشەوە ناوەندێکی فراوانی ناوچەکانی سۆرانو شەقڵاوەو دەوروبەری رواندزیش بـوو.. بـەو هۆیەوە بوو خەڵکێکی زۆر لەو ناوچانەوە روویان تێدەکرد.. واتا کـاروان سەرای بازرگانی شارە گەورەکانی ئەم دیوو ئەو دیوی کوردستانی ئێران بوو.

چەندین پیـشەی جۆراوجـۆری لێبـوو وەك ئاسـنگەریو دارتاشـیو زەڕەنگەریو کارگەچیو خمچیو دەباخچیو جۆلاییو پێلاو دوورو پێستە خۆشکردنو هتد... جگە لە دەیان ئاشی ئـاوی کـە بـە هـۆی هۆکـاری سیاسیو زۆربوونی ئۆتۆمبیلەکانەوە بەرەبەرەو ساڵ لە دوای ساڵ رۆڵـی کاروانچییەکانی خستە دواوە، ئەگینا پێشتر چەندین قەتار بە بـارەوە لـە شارەکانی کوردستانی ئێران دەهاتنە خانە گـەورەکانی شـار، بـەڵام بـە داخێکی زۆرەوە زۆربەی ئەو خانانەی کە بەشێك بوون لە مێژووی کۆیـە ئێستا رووخاون یا خود هەر نەماون.

شارێکی زیندوو

لەگەڵ شەفەق، کاتێك شار پێشوازی لە یەکەم تیشکی زێڕینی خۆر دەکرد، جوڵە دەکەوتە جەستەی شارەوە.. خەڵك بە کەرو بارو بە پیادەوە لە دەشتی لاجانەوە لە بناری سەفینو خۆشناوەتیو کوێستانەکانی قەندیلەوە روویان لەم شارە دەکرد، بەرهەمو کەلو پەلەکانیان لە هەردوو قەیسەری چەلەبیو حەوێزی ساغ دەکردەوە.

بۆ دابین کردنی ئەو خەڵکانەی روویان لە شار دەکرد بە خۆیانو وولاغو بەرهەمەکانیانەوە پێویستیان بە شوێنی حەسانەوەو حەوانەوە هەبوو، بۆیە ژمارەیەك خانی گەورە لە پانتایی شار دروستکرابوون.. هەندێك لەم خانانە تا ئەم رۆژگارەش لە رووی مێژووییو ستاتیکەوە بایەخیان لە دەست نەداوە.. بەلام بە داخەوە هیچ دەستێکی چاکسازی نەگەیشتۆتێ تا لە تێکچوونو داڕمان رزگاریان بکات!.. جگە لە خانی(زبێدەو تایەر چەلەبیو حاجی حەبیبو قادر یاسینو محمود ئاغا).. هەردوو قەیسەریەکەی چەلەبیو حەوێزیان بە سەرهاتو رۆژانی گەشی دوێنێی ئەم شارە بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ دەگێڕنەوە!.

کوێستان و گەرمیان

لە هەر چوار وەرزی ساڵ قەتاری کاروانچیو دیمەنی دڵرفێنی قەتارچییەکان هەرگیز کۆتایی نەدەهات، دەیان بازرگانی وەکو (حاجی کاکەمینو ماڵی حەماغای کۆیەو عەولا ئاغا حەویزیو حاجی ئەسعەدو مەلا حەویزو مام فەرەجە جوور سالحۆکی مۆشکە) هەمیشە پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ شارەکانی کوردستانی عێراق، تەنانەت لەگەڵ هەندێ شاری ئێرانو سوریاش هەبوو.

کاروانچیەکان لە کۆیەوە توتنو مازیو پەلکە هەنارو قەزوانو پێستەی ئاژەڵو هەنگوینو گوێزو مێوژو رەژوویان دەبردە موسڵو هەولێرو بەغداو لەوێشەوە خورماو قەسپو شەکرو چاو کوتاڵو خوێیان دەهێنایە کۆیە.. بەڵام لە سابڵاغو ورمێوە سەماوەرو کورتانو خەنەی عەجەمو مافوری لاکێشو کشمیشو قەندو قامیشی هەمەدانیان دەهێنایە کۆیە، لەم لاشەوە کاروانو قەتاری کۆیەکان دەچووە دەشتە کاکی بە کاکیەکەی هەولێر.. لێرەوە میوەو توتنیان بردووە، لەوێشەوە گەنمو دانەوێڵەیان هێناوەتەوە.

جاری وا هەبووە ئەم کاروانچیانە توشی دزو جەردە هاتوون، بۆیە زۆربەی جاران ئەو کاروانچیانە پاسەوانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد.. وەکو شەهید(مەولودە شێنو مەلا زاهیر) کە لە پاسەوانە ئازاکان بوون.

کەڕەتێک ئەو کاروانەی ئەمەڵ ڕاهیرای لەگەڵ دەبێت لە چیای حەمرین جەردەیان دێتە پێشێ.. لە ئەنجامدا چەند کەسێك لە ڕێگرەکانو کاروانچیەکان دەکوژرێن، هەروەها بازرگانەکانی کۆیە سوودیان لە زێی بچووك وەرگرتووە بۆ گواستنەوەی کەلو پەلەکانیان.. لێرەدا شارۆچکەی(تەق تەق) وەکو بەندەرێك وابوو، لەوێوە بە قەیاغو بەلەم شتومەکیان گەیاندۆتە تکریتو سامەڕاو بەغدا.. (عەبدەی حاجی تۆفیقو ئەحمەدە خێڵو عەبدوڵای دورسن) لە ناودەشتو لاجانو زار گەلیو ڕەژیکەریان توتنی بۆنداریان دەبردە موسڵو بەغدا.

چەند لا پەڕەیەك لە مێژووی دوێنێی کۆیە
(بەشی یەکەم)

مێژوو هەمیشە لە جولانەوەی بەردەوام دایە، هەموو کۆمەڵگەو گەلانی جیهان بە ئاستی جیاواز لە پێشکەوتن‌و گەشەکردنێکی ئاسۆیی‌و ستوونی دان، لە سەردەمی رێنسانسەوە تا ئەم رۆژگارە جیهانگیری بە شێوەیەکی تر سەرخان‌و ژێرخانی بەشی هەرە زۆری ئەو کۆمەڵگەو گەلانەی خستۆتە بەردەم گۆڕانێکی سەرسوڕهێنەوە!.. لەم دەیەی دواییدا با هۆزی جیهانگیری‌و سیستەمی لیبرالی هەرچی داب‌و نەریت‌و مۆرال‌و چەمکە پیرۆزەکان هەیە توری هەڵدا، بە هۆی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن‌و شێوازەکانی تری بە دەستهێنانی زانیاری .. ئەم گۆی زەوییە ئەمڕۆ بووە بە گوندێکی بچووك!.

بەشێکی زۆر لەو داب‌و نەریتەی کۆییەکان پشتاوپشت بۆیان بەجێ مابوو لە باب‌و باپیرانەوە، ئەمڕۆ بەرەو کاڵبونەوە دەچێت، هەندێ لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەو شێوازەکانی کارو کاسیی‌و پیشەگەریەکان ئاسەواریان سڕاوەتەوە.. بە کورتی گۆڕانێکی قوڵ تێکڕای سەرخانی ئەم کۆمەڵگایەی گرتۆتەوە، بۆ ئەوەی نەوەی نوێی ئەم شارە لە مێژووی دوێنێی شارەکەی دانەبڕێ، لە زنجیرەیەك نووسیندا هەوڵ دەدەین بە پێی ئەو زانیاریە کەمەی بەدەستمان هێناوە نەوەکانی ئەمڕۆ سەر لە نوێ بە ژیانی دوێنێی باب‌و باپیرانیان ئاشنا بکەین.

زستان و ڤاورمە

وەرزی زستانی زەمانی زوو لە زستانی ئەم رۆژگارە نەدەچوو، بە هۆی سەرماو بەفربارینیەوە، هاتووچۆو پەیوەندی لەگەڵ گوندو شارەکانی دیکە سەخت دەبوو، بۆیە خەڵك هەر لە پایزەوە خەمی زستانێکی درێژو ساردو سەختیان دەخوارد.. هەر لە دانانی پێداویستیەکانی سوتەمەنی لە نەوتێکی کەمو دارێکی زۆرو زەخیرەو پێداویستیەکانی تر.

بەهۆی ئەوەی لەو رۆژگارەدا هۆیەکانی گواستنەوەو تۆڕەکانی رێگاوبان وەکو ئێستا پێشکەوتوو نەبوون ئاستی گوزەرەکانی زۆربەی هاوڵاتیان نزم بوو.. بۆیە خەڵکەکە گەنمو ساوەرو برۆشو نیسكو گەنمە کوتاوو نۆكو داندۆكو کەشكو بامیەو باینجانی ووشك کراوو لەتکە تەماتەیان دابین دەکرد، هەرچی خەڵکانی چینی سەرەوەی کۆمەڵگە بوون، ڤاوەرمەیان ئامادە دەکرد.. بۆ شەو چەرەی شەوانیش لەتکە هەنجیرو مێوژو دۆشاویان دادەنا بۆ خۆ پاراستن لەو سەرماوسۆڵە دوورو درێژەی زستانیش چەندین بارە داری قەڵاشکەریان ئامادە دەکرد.

بە هۆی ئەوەی ڤاورمە خواردنێکی زەریفو بەلەزەتی کوردەواری بوو.. هەروەها لەبەر ئەوەی وەکو هەموو خواردنێکی رەسەنو

نایبەتمەندی کوردەواری رووەو لەناوچوون دەچیٚ، جێی خۆیەتی لێرەدا ئاورێکی سەرپێیی لێبدەینەوە.

هەر خێزانێك بە پێی ئاستی گوزەرانی خۆی قاورمەی دروست دەکرد، ماڵە دەست رۆیشتوەکان بەرانێك یا خود چەند بەرخێکیان دەکوشتەوە.. هەرچی خێزانە هەژارەکانیش بوون ئەوا پیەە مەرێکیان سەردەبڕی، سەروپێکەشیان چاك دەکردو دەیانکردە چێشتو چەند ژەمێکیان پیٚ رادەبوارد.

پاش ووردکردنی گۆشتە نەرمەکەو خاوێن کردنەوەی دەیانخستە ناو مەنجەڵێکی گەورەو بە رۆنی دونگەکەی سووریان دەکردەوە.. پاشان دەخرایە ناو گۆسکەو هەڵدەگیرا، دونگەکەشیان لەسەر ئاگر دەتواندەوە تا دەبووە چزیلك بە ئەستووك دەیانخوارد.

ژەمە سەرەکیەکانی خەڵك بەیانیانو ئێواران بور کە هەمیشە لە ساوەرو برووشو ماش پێکهاتبور، خواردنی برنج لەبەر هەژاریو نەبوونی زیاتر لە بۆنەو جەژنەکاندا دەخوارد، ژەمی نیوەرۆیانیش خواردنێکی هەروا سادە بور وەکو نانو چا یا خود نانو ماست.

ژن خواستن

پێکهێنانی خێزانی نوێو پرۆسەی هاوسەر گیری هەرگیز وەکو ئێستا زۆر مەسرەفو پڕ نیگەرانی نەبوو.. زۆر بە دەگمەن حاڵەتی تەلاق رووی دەدا.. بە پێچەوانەی رێورەسمی هاوسەر گیری ئەم سەردەمە سەرەڕای ئەو هەموو فەنتازیاو ئەتەکێتو زێدە مەسرەفەوە، زۆر سادەو بێ گێرەو کێشە بوو.

دوای ئەوەی داخوازی سەرەتایی لە پشت پەردەوە رێگەی بۆ خۆشدەکرا.. دوای چەند رۆژێك پیاوان داخوازی کچەکەیان دەکرد.. دوای جێبەجێ کردنی ئەو رێو رەسمە لە لایەن مەلایەکەوە کچەکەیان لە کوڕەکە مارە دەکرد، هەر لەو بۆنەیەدا شیرینی دەخورایەوە کە لە چەند دەنکە قەسپێك پێکدەهات، ئەو جلکانە لە ناو بوخچەیەك یا خود سندوقێك دادەنرا.

نمونەی ئەم سندوقانە تا ئەم دواییانە لە هەندێ ناوچەو گوند بەرچاو دەکەوتن.. سندوقەکە چوار لابوو.. دوو دەرگای شووشەبەندی هەبوو لە چواچێوەیەکی داریندابوو کە بە وێنەی گوڵو تەیرو ئاژەڵی ئەفسانەیی رازێنرابۆوە.. هەروەها لەگەڵ ئەو کەلو پەلانەدا چەند لێفەو دۆشەگێکی لە لۆکە دروست کراویان دەدا بە بووکەکەو لەگەڵ خۆی دەبرد، ئەگەر زاوا لە خێزانێکی دەست رۆیشتوو بوایە ئەو بووکە خان

شانسێکی زیاتری دەبوو لە کرینی زێڕو خشڵ وەك: (دوولنگ بازنی کوردی((بازنی پان)) جوتێك خڕخاڵو هەیاسەو تاسی زێڕو چۆچە((بەلای گوێچکەوە شۆڕ دەبوونەوە))و پلپڵە بە لیواری کڵاو شۆڕ دەبۆوە.

بووك گواستنەوە

ڕۆژێك بەر لە گواستنەوەی بووك، هاوڕێ لەگەڵ دەستە خوشکەکانی دەچوونە یەکێك لە گەرماوەکانی شار(ئێستا هیچیان نەماون) لەو لاشەوە کاکی زاوا لەگەڵ دەستەیەك لە برادەرەکانی ڕوویان دەکردە گەرماو بە مەبەستی پاکوخاوێنیو تیف تفەدانی خۆیان، بۆ شەوێ کچانی گەڕەك لە دەوری بووکێ کۆدەبوونەوەو دەستو پەنجەیان لە خەنە دەگرت(خەنەبەندان).. بۆ بەیانیەکەیو دوای ڕازاندنەوەی بوکەخان، سواری ماینیان دەکردو لەگەڵ چەند ئەسپ سوارێك بەرەو ماڵی نوێ هەنگاویان دەنا، بەڵام ئەگەر ماڵی زاوا نزیکی (هاوسێ)ی ماڵی بوکێ بوایە، هەر بەپێ دەیانبرد بە درێژایی نێوان ماڵی بوكو زاوا، کەسێك ئاوێنەیەکی تا ڕادەیەك گەورەی بە پشتیەوە دەناو لەپێش بوکەکە دەڕۆیشت.

بەگەیشتنی کەژاوەکەش شاییو گۆرانیو خۆشی دەگەیشتە لووتکە، ژمارەیەك گەنج بە چەپڵەو گۆرانی بەدەوری زاواوە بوونو پێشوازیان لە بوکێ دەکرد، زاوا کە جلو بەرگی نوێی پۆشیوەو بسکەی

ـمێڵی دێـو نوقمی خەیاڵو خەندە وەنەوشەییەکانی خۆی بووە، هاوکات قامیشێکی درێژی بە دەستەوە دەگرتو هەرکە بوك دەگەیشتە بەردەمی بە ئاستەمو بەهێمنی قامیشەکەی دەگەیانـدە سـەری بوکەکـە، ئینجـا بوکەکەیان دەبردە ژوورێکەوە کە تایبەت بۆ ئەو ئامادەکرابوو، رەنگبـێ هەموو تەمەنیشی هەر لەو ژوورەدا بەسەر بردبێ... بەدرێـژایی مـاوەی خوازبێنی، تەنانەت تاشەوی بەزاوا بـوون ئافرەتێـك کەبـە(بـەربوك) ناسـرابوو هەمیـشە هـاودەمی بـوکێ بـووەو رێنمـاییو ئامۆژگـاری پێویستی بەبووکەکە داوە. پێویستە بڵێین دیاردەی ژن بە ژنو گەورە بـە بچووکیش لەناو بنەماڵەکانی کۆیەدا هـەبووە، بـەڵام لـە سـنوورێکی تەسكو دیاریکراودا....

چەند لاپەرەیەك لە مێژووی دوێنیی کۆیە

بەشی دووەم

ناڵبەندی

لە سەرجەم کۆمەڵگاکانــدا ســەرنج دەدەیــن، دەیــان پیــشەو کــارو چالاکی پەیدا بووە، بۆ دابینکردنی داخــوازیو پێداویــستیەکانی مــرۆڤ ئەم شارەش خەڵکەکەی تارادەیــەکی بــاش بــە کاروبــاری کــشتوکاڵیو ئاژەڵداریەوە ژیانیان بەسەر بردووە، چــەندین کــارو پیــشەی تێــدابووە، لێرەدا بەپێی تواناو دەرفەت بەشێك لەو چالاکیانە دەخەینە بەر دیــدی خوێنەرانی ئازیز:

ناڵبەندی

لە روانگەی یاساکانی گۆرانو گەشەکردنەوە، هەمــوو کۆمــەڵگەکان بەگشتیو کۆمــەڵی کوردەواری بەتایبەتی، ئــاڵوگۆری بنــەرەتی بەســەر ژیانی کۆمــەلآیەتیو ئابووریو رۆشــنبیریان داهــاتووە، بەتایبــەتی لــەو چەند دەیەی دوایدا بەر لە شۆرشی ساڵی(١٩٥٨) کۆیە شارۆچکەیەکی بچووکی کشتوکاڵی بوو، جۆرێکیش لە چالاکی بازرگانی شمەكو کالآی پەیوەست بە پەیوەندیەکانی دەرەبەگایــەتی پێــوە دیــار بــوو، هەڵبــەتــە پرۆسەی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵو ساغکردنەوەی بەرهەمی ئاژەڵداری پێویستیان بە میکانزمێك هەبووە بۆ گۆاستنەوە.

ئامرازی سەرەکی گواستنەوەش لەو زەمانەدا خۆی لە کەرو هێستر دەبینیەوە، کە لەو رۆژگارەدا هەموو ماڵێکی ئەم شارە بەلانی کەمەوە خاوەنی زیاتر لە ئاژەڵێکی باری بوون، بۆ ئەوەی ئەو ولاّغانە درێژە بەکار کردن بدەن ماوە ماوە پێویستیان بە ناڵکردن هەبووە، بەردەوامیش ژمارەیەك ناڵبەند هەبوون کە ئەمانە هەندێکیانن:

- وەستا عوسمانی ناڵبەند/ دوکانەکەی لە شوێنی عەبدوڵڵای مام ئەحمەد بوو.
- وەستا عومەری ناڵبەند/ دوکانەکەی لە تەك مام ئەحمەدی سەری مەیدان بوو.
- وەستا مستەفای ناڵبەند/ دوکانەکەی لە شوێنی ئێستای سەنتەری ئاسیابوو.

مانەوەی هەر ناڵێك لە قاچی ولاّغەکەدا بەپێی شوێنی کاری ولاّغەکە دەگۆڕا.. ئەو ولاّغانەی لە پێدەشتەکاندا ئیشیان پێدەکرا، ناڵەکەی هەر شەش مانگی دەخایاند کەچی ئەوانەی لە شوێنەسەختو شاخاویەکان کاریان پێدەکرا، ناڵەکەی هەر چل رۆژی خایاندووە .هەڵبەتە ناڵکردن لە ئاژەڵێکەوە بۆ ئاژەڵێکی تر دەگۆڕا دەبینین نرخی ناڵکردنی هێستر(٣٠) فلس بوو، کەچی ناڵکردنی گوێدرێژ تەنها(٢٠) فلس بوو ناڵیش پێکهاتووە لە پارچە ئاسنێکی پانی نیمچە بازنەیی کە چوار کونی تێدایە بۆ قایم کردنی ئەو ناڵانە بەپەلی ولاّغەکانەوە بەهۆی چوار بزماری پتەوو درێژ بووە، پێش ئەوەی وەستا

ولاغەکەی نالّ بکردایە، سمی هەر چوار پەلی ولاّغەکەی دەکرد، ئینجا نالّەکەی لەسەر پەلی ولاّغەکە دادەناو بەهۆی چەکوشەوە نالّەکەی بە چوار بزمار قایم دەکرد، جاری وا هەبوو ولاّغەکە سەر شێت بوو، جوتکەی لە شاگردەکە داوەو ئازاری پێگەیاندووە..!

نالّ بۆ دوورخستنەوەی چاوی پیسو حەسوود بەسەر دیوارو سەر دەرگاکان هەلّدەواسرا.. بەلاّم لە ئێستادا بەهۆی خراپی باری کشتوکالّو کەمبوونەوەی ئاژەلّو کۆچی بەردەوامی جوتیارەکان بەرەو شارەکان، پیشەی نالّبەندی وەکو دەیان پیشەی تری کوردەواری رووەو کزی چووە !.

موختاری

لەو بروایەدام دەرکەوتنی دیاردەی موختاری لە کوردستان بۆ سەردەمی عوسمانیەکان دەگەرێتەوە، کە بۆ کار ئاسانیو راپەراندنی هەندێ کارو باری رۆژانەی خەلّکو گەیاندنی پەیامو داخوازیەکانی دەسەلاّت هاتۆتە کایەوە.

لە زۆربەی شارەکاندا، تەنانەت لە هەندێ گەرەکیش موختار هەبوو بە حوکمی کارەکەی موختار هەمیشە لە جولّەدابوو، مۆرەکەی کە لەناو کیسەیەکی پەرۆ پێچابوو، لە چایخانەیەکی دیاریکراو و زۆر کەرەتیش لە سەرا دەتدۆزیەوە، هەر کەسێك کارێکی بەموختار بوایە مۆرێکی لەسەر مامەلّەکەی دەداو ئەویش شتێکی لە گیرفان دەنا، لەگەلّ ئەنجامدانی کاروباری ژن مارەکردنو سەربازیو چارەسەرکردنی

ناکۆکی نێوان خێزانەکانو نیشو کاری کشتوکاڵو پێدانی زانیاری لەسەر خەڵکی راکردو کاری دەکرد ، لەسەردەمی بەعسیەکان رۆڵی موختار گەورەتر بوو، موختار کەوتبوە ژێر فشارێکی دووفاقەوە لەلایەن میریو دەزگا هەواڵگریەکانی کەداوای زانیاریان لێدەکرد لەسەر پێشمەرگەو کەسو کاریانو رێکخستنەکانی شۆرشو فیاری عەسکەری، لەولاشەوە لەترسی سزاو تۆڵەسەندنەوەی پێشمەرگە ژیانی لەمەترسی دابوو. لەسەرەتای شۆرشی نوێدا چەندین موختار لە گوندو شارەکاندا بەهۆی بەد رەفتاریان بەسزای گەلو شۆرش گەیشتن، هەمیشە موختار لەبەر چاوی خەڵك مرۆڤێکی ناحەزبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك موختار هەبوون جێی رێزی خەڵکی کۆیە بوون وەکو:

- حەمەد بەگ.. جەلالی موختار لەگەرەکی قەلآت .
- حاجی صالح لەگەرەکی بایزاغا .
- مام واحێد.. باوکی شەهید جەعفەر لەگەرەکی بەفریقەندی .
- ئەحمەد لاکین.. سەید حەسەن لەگەرەکی هەواو.

چەند لاپەرەیەك لە مێژووی دوێنێی كۆیە
(بەشی سێیەم)
كەبابخانەكان

هەر لە بیستەكانی سەدەی رابردووەوە رەنگە پێشتریش ئەم شارە ناوەندێكی ئیداریو سەنتەرێكی بازرگانیو چەقی رۆشنبیری ناوچەكە بوو، ئەو وەزیفە ئیداریو رۆشنبیریو بازرگانیە وایكردووە كۆمەڵێك دامو دەزگای میری تێدا بكرێتەوە، ئەوەش وای لە خەڵكی شارو گوندەكانی دەوروبەری كۆیە كردووە رووی تێبكەن، بۆ جێبەجێ كردنو ساغكردنەوەی بەرهەمو بەرووبومەكانیان، هەڵبەتە لە حاڵەتیكی وا پێویست بووە چەندان شوێنو دوكانی لێبكرێتەوە بۆ پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری لە بابەتی ئوتێلو خانو چێشتخانەو گەرماوو دارتاشو كورتان درو و ناڵبەندو ئاسنگەرو ....هتد، لێرەدا تیشكێكی دەخەینە سەر:

كەبابخانەكان

- كەبابخانەی وەستا صاڵحی كەبابچی، شەریكی وەستا عەبدوڵلا بوو، شوێنەكەی كەوتبووە دوكانی ئێستای وەستا رەشیدی كورتان دروو، لە كەبابخانەكەدا دوو جۆر كەباب پێشكەش دەكرا :
- كەبابی گەورە نەفەری بە (٣) فلس بوو.

- کەبابی بچووك نەفەری بە (٢) فلس بوو.
- کەبابخانەی وەستا حەمدامین ناسرابوو بە حەمدەمینەگۆج، خواردنی کەبابی ئەو وەستایە زۆر بەتام و چێژبوو، لەبەرهەندێ هەمیشە بازاڕی گەرم بوو، ئەو کەبابخانەیە کەوتبووە شوێن دوکانەکەی حاجی صالحی رەحمەتی .
- کەبابخانەی وەستا قادر، ئەم کەبابخانەیە لە نێوان هەردوو کەبابخانەی وەستا صالح و وەستا حەمدامین بوو.
- کەبابخانەی وەستا سەیدە کۆرە وەستاکەی رەواندزی بوو، کەوتبووە شوێنی ئێستای مام عەزیزی کورتان دروو، کەبابخانەکەی تا ئێوارە خواردنی هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەودەم کارەبا نەگەیشتبووە کۆیێ، بۆیەقیمەی کەبابیان بە(قەمە) ئامادە دەکرد، شاگردێ بە باوەشێن کەبابەکەی دەبرژاند، بەگوێرەی قسەی هەندێ کەس کەبابی ئەو زەمانە لەهی ئێستا بەتام و چێژتر بووە .

چێشتخانەو سەروپێخانەکان

- چێشتخانەی وەستا ئەحمەد کە خەڵکی هەولێر بوو، دوکانەکەی بەر جادەی سەرەکی کەوت، خواردنی وەستا ئەحمەد بریتی بوو لە برنجو شلەو گۆشت، نەفەری بە (١٠) فلس بوو.
- سەروپێخانەی وەستاحمد عەبۆ، ئەم پێشتر جەرگی دەبرژاند، بەلاّم دەست بەرداری بوو دەستی بە سەروپێ فرۆشتن کرد. سەرەڕای ئەوکارەی وەستا حمدعەبۆ تۆپچیش بوو، لەمانگی رەمەزاندا تۆپەکەی قشڵەی دەتەقاند .

سەرتاشی

لەسەرەتادا دوکانی سەرتاشەکان زۆر سادەبوو، واتا وەکو دوکانی سەرتاشەکانی ئەم سەردەمە پڕ دیکۆرو ئامێری جۆراوجۆری کارەبایی‌و بۆن‌و بەرامەی تێدا نەبوو، گوێزان بە بەردی هەسان‌و چەرخ یاخود بە قامیشێك تیژ دەکرا، کەسەرتاشەکان هەمیشە بەناو قەدیانەوە بوو، وابوە سەرتاش کارەکەی لەسەرتاشە بەردێك یاخود تەنەکەیەکەوە جێبەجێ دەکرد رۆژ لەدوای رۆژ ئەو پیشەیە بەپێی یاساکانی گۆڕان‌و گەشەکردن گۆڕانی بەسەر دا هاتووە تا گەیشتە ئەم پێشکەوتنەی ئەمرۆ، سەرەتاش هەر بە تەنیا کاری سەرتاشی نەدەکرد، بەڵکو چەند

ئـەركێكی تریـشی رادەپەرانـد لەوانـە: خەتەنـەكردن، ددان كێـشان، گرتنەوەی دەرمانی زاركولی، خوێن بەردان لەوكەسانەی فشاری خوێنیان بەرز بوو، لە هەندێ حاڵەتدا سـوكە نەشتەرگەریەكیـشی ئـەنجام دەدا، لەشێوەی دەرهێنـانی دورمـەڵو لـوو و تیمـار كردنـی جۆرەهـا بـرین، بەكوردیەكەی سەرتاش رۆڵی دكتۆرێكی بچوكی دەبینی .

لەشەستەكان بەولاوە هەندێ سەرتاش دوكانیان گواستەوە بۆ جادەی سەرەكی وەستا باقی حەلاق لـە سەرتاشـە كۆنـەكانی كۆیـە بـوو، بـە گوتەی خۆی سەری زۆربەی پیاوە ناسراوەكانی ئەو زەمانەی تاشیوە وەكو مامۆستا مەسعود محەمەد، عەلی عەزیز قائیمقامی كۆیە.

جۆرەكانی تراش

وەكو هەر پیشەیەكی تر سەرتاشـیش لەسـەر یـەك ریـتمو سـتایل نەرۆیشتووە، ئێمەومانان كەلـە نـەوەی دوێنـێ دەژمێـردرێین، تـا ئـەم سەردەمە چەندین مۆدێـل و جـۆری سەرتاشـینمان بینیـوە، هـەر لـەم رۆژگارەدا دەیان جۆری سەرتاشین بە دی دەكرێت، بـە تایبـەت ئەوانـەی مێرمنداڵو گەنجن دوێنێش چەندین شێوازی قژ برین هەبوو، كە ئەمانە هەندێكیانن:

- سپۆرت / هەموو قژیان سووك دەكرد.
- برۆز/ بەشی هەرە زۆری قژیان سووك دەكرد جگە لە بەشی پێشەوە

- تۆپ / تەنیا پشت مل و بنگوێیان دەتاشی .
- سفر / بە گوێزان هەموو قژیان تاشیوە .

هەندێ سەرتاش کەل و پەل و پێداویستی سەرتاشینیان لەسەر سینیەك دادەناو بە کۆلانان بە دوای مشتەریدا دەگەران، وەکو چۆن لە هەر پیشەیەکدا خەڵکی شارەزاو دەست ڕەنگین هەبووە، بە هەمان شێوە لە بواری سەرتاشیشدا چەند وەستایەکی ناسراو هەبوون، کە وەستا(ئەحمەد حەلاق ووەستامعروف) ناسراو ترینیان بوون نرخی سەرتاشین بە (٢٥) فلس بوو، هەڵبەتە منداڵان لەو نرخە کەمتریان دەدا.. ئەگەر چی پیشەی سەرتاشین لە دوێنێدا، تاڕادەیەك کارێکی قورس بوو، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی بوونی کارەباو بڵاوبوونەوەی پاك و خاوێنی.. پیشەکە لە چاو جاران خۆشترو ئاسانتر بووە.

زۆربەی سەرتاشخانەکانی ئەمڕۆ دەم و چاو هەڵدەگرن.. تەنانەت برۆش ڕێکدەخەن و سەرو سمێڵیش ڕەش دەکەنەوە.

دۆڵی ئەسحابان و سەلکی کافران

پێش ئەوەی ئاینی ئیسلام لەرێگەی پرۆسەی فتوحاتەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەبەوە بگاتە کوردستان، گەلی کورد زەردەشتی بوون، هەڵبەتە ئەو ئاینە تەنها پەیوەست نەبوو بەگەلی کوردەوە، بەڵکو ئاینی سەرجەم گەلانی ئێران بوو کە لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دابوون، زەردەشتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەشێك بوو لە لایەنی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و شارستانی نەتەوەی کورد، ناحەزانی کوردیش دانیان بەو راستیە داناوە، سەرنج بدەن مێژوو نووسێکی رەگەزپەرستی وەکو مەسعودی دەڵێت (ئاڤێستا زیاتر لەیازدە سەدە سەرچاوەی روحی گەلانی ئێران بووە، رابەری باوەرو پەیرەوکاری دونیایان بووە) . گەر گەلی کورد پێشی لەو هێرشانەی عەرەبان بگرتبایە، لە قۆناغەکانی دواترا دەیتوانی قەوارەیەکی سیاسی بۆخۆی پێکەوەبنێ !عەرەب کە هەر وڵاتێکیان داگیر کردبێ جگە لە کەلتوری خۆیان رێیان بە هیچ کەلتورێکی تر نەدەدا چونکە دەیانزانی ئەوەی خۆیان توانای کێبرکێ و مانەوەی نەبووە، بۆیە هەمیشە کەلتوری خۆیان بە پیرۆز داوەتە قەڵەم، هی میللەتە داگیرکراوەکەش بە گومرا، دوای ئەوەی عەرەبە موسڵمانەکان کوردستانیان داگیر کر، بە زەبری هێز ئەو کەلتورە نامۆیەی خۆیان بەسەر کوردا سەپاند، ئیتر کورد سەرلەبەر

لەبۆتەی کەلتوری عەرەبە موسڵمانەکان توایەوەوکەسایەتی کەلتوری خۆی لەدەستدا، هەموو هەوڵو کۆششەکانی دواتری بۆ بوژاندەوەو رزگار بوو لەکۆتو بەندی ژێر دەستەیی بێ هودە بوو...

شەڕی دۆڵی ئەسحابان

کاتێك سوپای عەرەبە موسڵمانەکان بەفەرماندەیی مەغدیدی کوری ئەسوەدی کیندی لەشەرەکانی دۆڵی جافایەتیو مەرگەو بیتوێن بەکاروانێك لەدەستکەوتو ژنو کچانی کورد لە ڕێگەی دەربەندی گۆمەسپان بەرەو دەشتی هەولێر کەوتبوەرێ .

(کاکۆ) کەبرای میری قەلای(شیلە) بوو، کە پێشتر سوپای عەرەبەکان زەبری گەورەیان لێ دابوو و براکەیان شەهید کردبوو ماوەیەك بوو لەچیاکانی باواجیو ئاوەگرد خۆی حەشاردابوو (کاکۆ) گەرانەوەی ئەو سوپایەی بەهەل زانی و لەگەڵ (ئیسماعیل قولی) کە پێشتر سوپای عەرەبان بە لێپرسراوی دۆڵی سماقوڵیان دانا بوو لەگەڵی ڕێك دەکەوێت پەیمان دەبەستن تا بەیەکەوە دەست لەسوپای عەرەبان بوەشێنن، کوردەکان شوێنێکی ستراتیجی دیاری دەکەن بۆ دانانی بۆسەکەیان، ئەو شوێنەی کە کەوتۆتە نێوان گەرووی دارەمۆمن وە کلکەی هۆرەمەرزان، شوێنەکە لە ئاوی(گەراو) وەنزیکە، پێش ئەوەی خۆر ئاوابێ لە ئاسۆگەی باواجی سوپاکە دەکەوێتە ناو کەوانی بۆسەی

هێزی کوردانەوە، لەو هەڵمەتەدا جگە لەفەرماندەکەیان سەدان کەس لەو سوپایە دەکوژرێت هێزەکەیان شپرزەدەبێ و تێک دەشکێت بەلاّم دوای چەند رۆژێك عەرەبەکان دووبارە خۆیان رێك دەخەنەوە بەلاّم ئەمجارەیان بەچاوساغی هەندێ کوردی بەکرێگیراو پێشرەوی دەکەن و ناوچەی دۆڵی سماقوڵی داگیر دەکەن دوایی کاکۆو ئیسماعیل قولی دەکوژرێن.

من بۆخۆم شوێنی ئەو شەرەم بینیوە ئەوکاتە قەبری جەنگاوەرانی کوردو عەرەبەکانیش دیار بوون، بەلاّم بە دروست کردنی ئەو رێیەی دەچێتە دۆڵەکە ئەو قەبرانەش خاپوور کران.

گۆری عەرەبان(ئەسحابان) خەڵك دەچوونە زیارەتیو ئالاّی سپیو سەوزیان لەسەر دەچەقاندو بۆ چاکردنەوەی دەردو نەخۆشیەکان لێیان دەپارانەوەو بەردەکانیان ماچ دەکرد لە بەرامبەریشدا گڵکۆی شەهیدە کوردەکانیان بەرد باران دەکرد گوایە ئەمان کافرن ئەوانی تریش فریشتەن.

ئێستا لەناو کۆیەو گوندەکانی سماقوڵی هەندێ خێزان ماون بە (ئەسحابەکوژ) بەناوبانگن لە ئێستاشدا واتە لەسەردەمی حوکمرانی خۆماڵیەوە ئەو ناوچەیە کە پێشتر لانکەی شۆرش بوو بایەخی پێدراوە قوتابخانەو بنکەی تەندروستیو پرۆژەی ئاو و رێگەوبانیان بۆ دروست کراوە.

تێبینی: لەنووسینی ئەم بابەتە سوودی زۆرم لە کاك رشید احمد وەرگرتووە، ناوبراو جوتیارێکی بە هەلوێستی سماقولی گرتکە.
ناوی گوندەکانی: سماقولچی گەل و سماقولی گرتك و سماقولی سەروچاوە لەناوی ئیسماعیل قولی وە هاتووە

کوردو بەجیهانی بوون

بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین چەمکی بەجیهانی بوون (العولمە) لەم دەیەی دوایی هەزارەی دووەم دا بوەتە ئەو بابەتە سەرنج راکێشە کە بە دەگمەن کەسێکمان دەست دەکەوێ خۆی بە رۆشنبیر بزانێ شتێك لەمەڕ ئەم بابەتە هەڵنەکرێنێ .

جۆگەکانی راگەیاندن خوێنراو بیستراو یاخود بینراو دەیان قسەوباس و مێزگردو سیمیناریان دەربارەی سازداوە، بۆچی نا! لەحاڵێکدا دەزانین تیشکی ئەم تەوژمە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم گۆی زەویەی تەنیوە، تەنانەت ئەو گەل و ولاتانەی بەرهەڵستیشی دەکەن، لەکلاورۆژنەو دەلاقەکانەوە خۆی خزاندۆتە ناویانەوە، ئێمە لەو نووسینەدا کەوەك سەرقەڵەمێکە هەقمان بەسەر ماناو بنەماو ناوەرۆکی (بەجیهانی بوون)ە وە نیە، بەلکو تەنها ئاورێکی خێرا لەسەر کاریگەری بەجیهانی بوون لەسەر کێشەی گەلەکەمان دەدەینەوە، هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە لەگەڵ هەڵکشان و باسك ئەستوور بوونی بەجیهانی بوون و چەند فاکتەرێکی تر، خۆری رژێمە

دكتاتۆریەکان‌و سیستمی تاك حیزبی‌و بەرەو ئاوا بوون دەچێت، سنوورەکان تا دوێنێ پیرۆزو پارێزراو بوون، ئەمرۆ کەوتۆتە بەردەم لێك ترازانەوە گەلی کوردیش لەم قۆناغەی خەباتیدا کەتا رادەیەك لە سێبەری ئازادیی‌و سەرفرازی دایە، بەشی هەرەزۆری ئەم رەوشە نوێیە بۆ بەجیهانی بوون دەگەرێتەوە کە لە بەهاری سالی(١٩٩١) کاتێك زوومی کامیراکان وێنەی مەرگەسات‌و تراژیدیای کۆرەوی گەلەکەمانیان گواستەوە سەرشاشەکانی تەلەفزیۆنی ولاتە رۆژئاوایەکان، هەنگین بەهۆی ئەم وێنانەوە بۆ جاری یەکەم لە مێژوودا ویژدان‌و سۆزی ئەو خەلکە بەرامبەر کورد جولا، لە ئەنجامدا ناوچەی(پرۆفایدکۆمفۆرد)ی لێ هاتەدی، لە ئێستادا بەهۆی پێش کەوتنی هۆیەکانی راگەیاندنەوە، هەر لە سەتەلایت‌و کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت تا دەگاتە فاکس‌و کەنالە ئاسمانیەکان، بەهۆی ئەوانەوە جیهان بە کوردستانیشەوە بۆتە گوندێکی بچووك، ئەم لێك نزیك بوون‌و ئاوێتە بوونەی کۆمەلەی مرۆڤایەتی بەهەنگاوی خێرا دەباتە پێش، سالانێ کە کورد لەژێر زەبری فاشستەکان دەینالاند، هاوارو نالەی نەدەگەیشتە کەسێك یاخود ئەوان نەیان دەویست ئەو نالەو هاوارە ببیستن، بەلام ئەمرۆ بەهۆی ئەم دەستکەوتە مەزنانەی سەردەمی بەجیهان بوون، هەموو هەوال‌و رووداو و گۆرانکاریەکانی کوردستان زۆر بەخێرایی، بگرە لەچاوتروکانێکدا دەگاتە بەرچاوو گوێچکەی

جیهان، بەمەش وولاتەکەمان لەهەرێمێکی پەراوێزو دابراو کردە بەشێکی زیندوو و لە پچران نەهاتوی کۆمەڵگای دەوڵەتان .

چەند سەرنجێکی رۆژنامەوانی

- شۆستە(رصیف) لەهەموو شاران دا بۆ رۆیشتنی پیادە دروست کراوە، بەڵام ئەوەی سەیری شۆستەی شەقامە سەرەکیەکەی شاری کۆیەی کردبێت بۆی دەردەکەێت کە بەو شێوەیە نیە کە لەشارانی تردا هەیە، بەهۆی ئەوەی قائیمقامیەتو شارەوانی نەیان توانیوە سیستمی شۆستە بۆ پیادەو شەقام بۆ ئۆتۆمبیل پەیرەو بکەن، بۆیە سەیر دەکەین خاوەن دوکانەکانی سەوزەو میوە فرۆشتن‌و مێزی نانەواخانەکان‌و کورسی وتەپڵەی چایخانەکان بەشێکی کەل‌و پەلەکانیان لەسەر شۆستە نمایش کردووە بەشێوەیەك ئەو شوستانەیان تەسك کردۆتەوە، هاولاتی ناتوانێ بەرێك‌و پێکی هاتووچۆی بەسەرا بکات، داوا لە قائیمقامیەت‌و شارەوانی دەکەین رەحمێك بەو خەڵکە بکەن‌و ئەم گرفتە چارەسەر بکەن پێش ئەوەی ئۆتۆمبێل لەسەر جادە سەرەکیە کە یەکێك پان بکاتەوە!.
- لە زۆربەی شاران دا شوێنی یاری ئەتاری‌و بلیارد هەیە کە ئەو یاریانە لە شوێنی گونجاو بە پێی چەند رێنماییەك رێگەی پێدەدرێت، بەڵام بە داخەوە لە کۆیە ئەو یاریانە لە هەندێ دوکان‌و تەنانەت ژێر زەمین دا دەکرێت‌و دوورن لە چاوی سانسۆرو چاودێریەوە، مەترسی ئەو شوێنانە لە وەدایە کە زۆربەی ئەوانەی

رووی تێدەکەن مێر منداڵو هەرزەکارن.. خۆزگە لایەنە ئەمنیەکانی شار بە رێكو پێکی ئەو شوێنانەیان بەسەر دەکردەوە.

٣.ماوەیەکە(ئاو) بۆتە گرفتێکی جیهانیو جێی بایەخی هەموو ولاتان نیشتمانەکەی ئێمەش بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافیەکەیەوە سالآنە رێژەیەکی بەفرو باران لیٚ دەباریٚ.. بەلآم بە هۆی ئەو دیاردەی وشکە سالّی کە چەند سالێکە ناوچەی رۆژهەلآتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، بەلآم خۆش بەختانە ئەم سالّ رێژەیەکی زۆر بەفرو باران لە کوردستان باری کە بووەمایەی تەقینەوەو ژیانەوەی کانیو کانیاوەکانمان بۆ ئەوەی سوود لەو ئاوی بارانو بەفرە ببینین، نەهێلّین بە فیڕۆ بڕوات بە تایبەتی لە کۆیە، دەست بکەین بە دروست کردنی چەند بەنداوێك لە حەمامۆكو تۆبزاواو پشتی گۆڕستانی دەروێش خدر.

٤.داگیرکەرانی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆیان بە نیشتمانەکەمان نەداوە، شان بە شانی دواکەوتنی ئابووریو فەرهەنگیەوە، ویستویانە شارەکانمان لە رووی نەخشەو خزمەت گوزاری شارەوانیەوە دواکەوتوو بێتە، ئێستا وا خەریکە شاری کۆیە فراوان دەبیٚ وە لەگەڵ ئەو فراوان بوونەوە کێشەی هاتوچۆ سەر هەڵدەدات.. بۆ کەم کردنەوەی گرفتی هاتوچۆو جوان کردنی شار پێشنیاز دەکەم بە فراوان کردنی شەقامی حاجی قادر، هەروەها بە دوو ساید کردنی شەقامی لاوان کە لە بارەگای مەلّبەندی کۆیە تا پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە دەگرێتەوە، ئەم شەقامەیان لە نەخشەی بنەڕەتی شارەوانی دا هەیە.

کلاو رۆژنەیەك لەسەر تیپی موزیکی باواجی

لە دێرینەوە گەلی کورد موزیك‌و گۆرانی‌و هەڵپەرکێی خۆی هەبووە.. لە سەردەمی زەردەشتەوە موزیك لە پەرستگا دا لەگەڵ سروودە ئایینەکان دەژەندرا، ئامێرە موزیکە رەسەنەکانی ئەو رۆژگارە، نای‌و تەنبوورو دەهۆڵ‌و زورنا بوون.. دواتر ئاینەکانی ئێزیدی – ئەهلی هەق ئاوازو موزیکیان ئاوێتەی ستایش‌و شیعر کرد، بۆ دەربڕینی سۆزو نیازە ئایینەکانیان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانی موزیك‌و ئاوازی کوردی بە هەنگاوی خێر چووە پێشەوە.. تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش موزیك لە شێوازی پیاهەڵدان‌و ستایش درێژەی هەبووە.

نوسەری فەرەنسی(بلاو) کە بەشێکی زۆری کوردستان گەڕاوە، دەربارەی موزیك‌و گۆرانی کوردی دەڵێت: (هەژارترین هۆزی کورد لە ئاوازو ئاهەنگی دڵنەوازدا دەوڵەمەندە.. گەلێك داستان‌و بەسەرهاتی قارەمانیەتی بەرزو چیرۆکی ئەوینداران لە ناوچە دلگیرو جوانەکانی کوردستان سەداو ئاوازەکانیان دەنگ دەداتەوە).. جگە لەوە چەندین پسپۆڕو شارەزای بواری هونەر ئامێرەکانی تەنبوورو عوودو کەمانچە بۆ کورد دەگەڕێنەوە.

پێشکەوتنی بەهرەی هونەرمەندێك

دەمێکە جوڵانەوەیەکی هونەری لە ناخی ئەم شارەدا دروست بووە، لەگەڵ بەرەو پێش چوونی ڕۆژگار ئەو بزافەش نەشونمای کردووە، بە شێوەیەك ئاوازو هونەرو مەقاماتی سنوری ناوچەی کۆیە مۆرکێکی تایبەت بە خۆی پەیدا کردووە.. گەلێك مەقام زانی گەورەی وەك: (مەربینو نەشئەتی ڕەشید ئاغاو پوتیۆ حاجیە گەورەو عەبەی چایچیو مەلا ئەسعەدو سێوەو تایەر تەوفیقی لێ پەیدا بووە.. هەر کاتێك بمانەوێ قسە لەسەر ئاوازو موزیکی کوردی بکەین دەبێ ئاورێك لە ڕۆڵی ئەختەری هونەرمەند بدەینەوە چونکە ئەو ڕۆڵێکی مەزنی لەسەرهەڵدانو ئاشنا کردنی هاوڵاتییانی شارەکە بە هونەری کوردی گێڕاوە.

دیوەخانەکەی هەمیشە گەشاوە بوو، لەسەردەمی ئەودا گۆرانیو مەقام بە هەنگاوی خێرا چووە پێشەوە، بەستەو ئاوازی کۆنی کۆیەی ژیاندەوە، ئەو کۆڕو ئاهەنگانەی لە دیوەخانەکەیدا سازدەکرا وەکو وانەی قوتابخانە هونەریەکان وا بوو.. سەرەڕای ئەوەی سەلیقەی ئاوازدانانیشی هەبوو، شاعیرێکی بە ئەزمونیش بوو.. بۆیە دەبینین هەندێك لە شیعرەکانی خۆی کردووە بە مەقامو بەستە.

گـۆرانی(شـلـەو خـان) نمونەیـەکی هـەرە بـەرزی داهێنـانی ئـەو هونەرمەندە شاعیرەیە، ئەو بناغـە پتـەوەی ئـەم هونەرمەنـدە دایرێـژا ئەنجامو بەرهەمێکی گـەورە بـە دەسـتەوەدا.. ئـەویش(تیپـی مـوزیکی باواجی کۆیە) بوو.. لێرەدا بـە بۆنـەی تێپـەڕبوونی نیـو سـەدە بەسـەر دامـەزراندنی دا، تیشکێك دەخەینـە سـەر قۆناغـەکانی سـەرهەڵدانو گەشە کردنی.

گەڕانەوە بۆ سەرەتاکان

لە رۆژی دامـەزراندیەوە تا ئەم ساتە وەختەش تیپی موزیکی باواجی خزمـەتێکی بێ وچانی بە هونەری کوردی بە گـشتیو ناوچـەی کۆیـەی کردووە، لە دوای تیپی مـوزیکی مەولـەوی بـە دووەم تیپـی مـوزیکی کوردی دێت لە کوردستانی عێراق دا.. لـە زۆربـەی ڤیـستیڤاڵو بۆنـە نەتەوەییەکاندا حوزوریان هەبووە، دەیان تێکست فۆلکلۆری دوای پوختە کردنو بەهارمۆنیو دابەش کردنی نوێوە خستە سەر خەرمانەی هونەری کوردیـەوە، دوای ئـەوەی مـامۆسـتا بـاکوری لـە سـاڵی(١٩٥٧)..(دار المعلمین)ی تەواو کرد، لە ناوەندی کۆیە دامـەزرا.

ئەوە دەرفەتێکی زێرینی بۆ ناوبراو رەخساند بۆ دامـەزراندی تیپێکی موزیك لـە کۆیـە، ئـەو بیرۆکەیـە چـووە بـواری پراکتیکـەوە، کاتێـك ژمارەیەك لەو قوتابیانەی کە خولیاو ئارەزووی موزیکیان هـەبوو، دوای

دەوام راهێنانیـــان دەکــرد.. لەســەر دەســتی مامۆســتا بــاکوری بــە ئامێرەکانی عودو کەمانجەو نەی.

هەر سەبارەت بە دامەزراندی تیپی موزیکی باواجی مامۆستا زاهیر محەمەد لە گۆشە نیگای خۆیەوە دەڕوانێتە ئـەو ڕووداوە.. بـە بۆچـوونی نـاوبراو ئـەو تیپـە موزیکیـەی مامۆسـتا بـاکوری دایمەزرانـد، هـیچ سیفەتێکی فەرمی نەبوو چونکە دوای ساڵێك پرۆڤە کـردنو هەوڵـدان هەموو قوتابیەکان پەرتەوازە بوون کە لە ئەنجامدا تیپەکـە وجـودێکی نەماو کۆتایی هات.

دوای دوانزە ساڵ لەو ڕووداوە ئینجا تیپی مـوزیکی بـاواجی نـوێو سەردەم کە پاشان ناوبانگی دەرکردو دامەزرا.. بە بۆچـوونی مامۆسـتا زاهیر دوبارە ناولێنانی تیپە موزیکیەکە بە ناوی(بـاواجی) هەڵەیـەکی مێـژوویی بـوو.. ئەگـەر ئـەو کـات هـەرناوێکی ترمـان بـۆ تیپەکـە هەڵبژاردایە وەکو..(چنارۆك، حەمامۆك، دڵدار) یا هەر ناوێکی تر ئەو کاتە ناوی باواجی لە ئارادا نەدەما، تەنانـەت هـەر باسـیش نـەدەکرا.. جێی خۆیەتی لەم دەرفەتەدا ناوی ئەو کەسایەتیانە تۆمـار بکـەین کـە یەکەم جار شەرەفی بەشدار بوونیان لە دامەزراندنیدا هەبووە.

١. مامۆستا زاهیرمحەمەد ٢. سەردار ئەحمەد عەبـدوڵلا ٣. ئـەنوەر تاهیر خدر ٤. جانا تۆماس جانا٥. ووریا ئەحمەد عەبدوڵلا ٦.سیامەند عیزەت تاهیر ٧. فواد سەعید ئەحمەد ٨.عەتەڵلا حەنا عبدالکریم ٩. ئیسماعیل مستەفا قادر.

بەدرێژایی تەمەنی پڕ شکۆی ئەو تیپە بەرهەمی ئێجگار خۆش و ناوازەی پێشکەشی بینەر و گوێگری کورد کردووە، زۆر بە دڵسۆزییەوە بەرۆحێکی تەڕی کوردانەوە پەیامی ڕەسەنی کوردیان بەخەڵك گەیاندووە، لەیەکەم ڤیستیڤاڵی هونەری کوردی، کە لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا بەسترا، لەناو سەرجەم تیپە موزیکەکانی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، هەر لەبەر ئەو ئاستە بەرزەی تیپەکە بوو، مامۆستای مەقاماتی کورد مامۆستا عەلی مەردان لەیەکێك لە دیدارەکانی لەگەڵ ڕادیۆی کوردی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٦ ئەنجامی دابوو، ئەو تیپەی بە چاکترین تیپ لە کوردستان لەقەڵەم دا، ئێستا دوای بەسەرچوونی ئەو تەمەنە پڕ بەخشش و دوور ودرێژەدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەرنج لە چالاکی و کارەکانی ئەو تیپە بدەینەوە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بە تایبەتی لەم دەساڵەی دواییدا، ئەو تیپە دەکەوێتە بەردەم پرسیار و تێرامانەوە! دەبینین ئەوکات تیپەکە درەوشاوەتر بوو لەچاو ئەمڕۆدا، دەتوانم بڵێم ئیزافە و داهێنانێکی ئەوتۆی دروست نەکردووە، چونکە ئێستا بەشی هەرە زۆری جموجۆڵەکانی تیپەکەی خۆی لە بەشداریکردن لە ئاهەنگ و بۆنە حیزبیەکاندا دەبینێتەوە، کە ئەوەش هەرگیز لەگەڵ سەنگ و شکۆی ڕابردوودا ناگونجێت .

وولاتی خۆر

لەگەڵ ئەوەی لەریزی هەرە پێشەوەی وولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان دایە، ئەندامیشە لە کۆمەڵەی هەشت وولاتە پیشەسازیەکەی جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا لە رابردووی خۆی دانەبراوەو پابەندە بە دابو نەریتەکانی بابو باپیرانیان بەشێوەیەکی دیکە جیهانگیری نەبۆتە هۆی تێکدانو شێواندنی کەلتوور و ژیانی کۆمەڵایەتی وولاتی ژاپۆن، لەرووی گەشەسەندنی ئابووریو پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە پێی ناوەتە قۆناغی شۆرشی زانیاریەکان ئەم پێشکەوتنەمەزنەی ژاپۆن سەرنجی هەموو جیهانی بۆلای خۆی راکێشاوە، ئێمەی کورد ئەگەر پلانو نەخشەوهەوڵی جدیمان هەبێ دەتوانین سوود لە ئەزموونی ژاپۆن وەربگرین، زانیاریەکی هەڵە لەناو خەڵك بلاو بۆتەوە، کە گوایە ئەو گەشەسەندنو پێشکەوتنە ئابووریە مەزنەی وولاتی ژاپۆن دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان، بەلاَم کاتێك لاپەرەکانی مێژووی ئەم گەلە زیندووە هەڵدەدەینەوە بۆمان روون دەبێتەوە، کە ژاپۆنیەکان هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستیان کردووە بە شکاندنی کۆتو بەندی دواکەوتنو وابەستەییو هەنگاو هەڵێنان بەرەو جیهانی شارستانیو دیموکراسیو پێشکەوتنەوە .

گەرانەوە بۆ سەرەتاکان

ساڵی ١٨٢٥ (پیری) کە ژەنەراڵێکی گەورەی ئەمریکی بوو بۆ یەکەمجار پێی خستە سەر کەنارەکانی ژاپۆن، هەنگینێ ژاپۆن بەدەست رژێمی(تۆکوغاوا) گیرۆدە بوو بوو ئەو رژێمە لە ساڵی ١٦٣٠تا ساڵی١٨٦٧ جڵەوی دەسەڵاتی ئەو وولاتەی بەدەستەوە بوو، ئەو ژەنەراڵە ئەمریکیە رژێمی تۆکوغاوای ناچار کرد تا دەست بەرداری گۆشەگیری بێ‌و دەرگای بازرگانی ئازاد بەرووی رۆژئاوا بخاتە سەر پشت، پیری لەگەڵ خۆیدا ژمارەیەکی زۆر کتێب‌و چاپەمەنیەکانی بواری بیرکاری‌و زانستە مرۆییەکانی هێنابوو، سیاسەتی کرانەوەی بازاری ئازادو هێنانی ئەو ژمارە زۆرەی کتێب‌و چاپەمەنی لەگەڵ ئەم فاکتەرانەی خوارەوە ئاوێتەی یەکتر بوون‌و زەمینەیەکی لەباریان رەخساند بۆ ئەوەی ژاپۆن لەو گۆشە گیریە بێتەدەرەوەو لە ئەنجامدا بگاتە ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەوتن، کە هەموومان ئاگادارین.

- کاریگەری ئاینی کۆنفۆشیوسی شوێنەواری قوڵی لەسەر رەفتارو رەوشت‌و هەڵسوکەوتی ژاپۆنیەکان نەخشاندبوو، بەتایبەتی بۆ هاندانی خەڵك لەبورای پسپۆری‌و ووردبینی‌و بنیات نانەوەی گۆمەڵگەی ئوستۆکراتی.

- مرۆڤـی ژاپـۆنی کـارکردنی زۆر بـەلاوە گـرنگو پـیرۆزە، بۆیـە ئەودڵسۆزیەیان لەبورای بنیـات نانـەوەدا گـەلێك ئـەنجامی باشـی لێهاتەدی.
- هەموو ژاپۆنیەك بەچاوی باوك (سەرۆك خێزان) سەیری ئیمبراتـۆر دەکەن، هەڵبەتە ئەم هۆکارەش بووە مایەی پابەنـد بـوونی مرۆڤـی ژاپۆنی بەکۆمەڵگەکەیەوەو پتەوبوونی گیانی هەرەوەزیو هاوکـاری لەنێوانرۆڵەکانی گەلی ژاپۆنیەوە .
- جگە لەوە بوونی پەیوەندیـەکی رۆحـی دەگمـەن لـە نێـوان چـینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە .
- گواستنەوەی ئەزموونو شارەزاییەکانی ئەوروپا، کە پاشان چـەندین میتۆدو بیروڕای جۆراوجۆری لێکەوتەوە.
- بلاّو بوونەوەی زانستو زانیاریو هۆشیاری میللی .

سەردەمی زێرین

- لەئاکامی بلاّو بوونەوەی هۆشیاریو رۆشـنبیریەوە، ژاپۆنیـەکان گەیشتنە ئەو راستیەی کە شەڕ کردن بەکەسێك ناکرێت، کـە شمـشێری پۆلاّینو گورزەی گەورەی هـەڵگرتبێ، بەرامبـەر چـەکی پێـشکەوتوو زانستی هاوچەرخی رۆژئاوا لەبەر رۆشنایی ئەو راستیە ریفۆرمخوازەکـان تەنیا لەمیانەی بیست ساڵدا، توانیان تـەپو تـۆزی چـەندین سـاڵەی

دواکـەوتن‌و گۆشـەگیری لـە جەسـتەی شـەکەتی ژاپـۆن دابتـەکێنن سەرئەنجام توانیان دیدو بۆچـوون‌و ئەجینـدای خۆیـان بـسەپێنن، دوای زیاتر لە سەدەونیویێك(گۆرباچۆف) سەرۆکی پێـشوتری روسـیا لەسـەر هەمـان رێبـازی گەشەسـەندنی ژاپـۆن رۆیـشت، بـەلام دیـارە هـەرگیز مێژووکتومت خۆی دووبارە ناکاتـەوە، ئەگـەر دووبـارەش بێتـەوە ئـەوا بەشێوەیەکی کاریکاتێری دەبێت، بۆیە دەبینین هەوڵەکانی(گۆرباچۆف) نـەك هـەر نوشـستی هێنـا، بـەڵکو پەیکـەری یـەکێتی سـۆڤیەتیش لەباریەك هەڵوەشایەوە، مرۆڤ لەئاست تاقیکردنەوەی ژاپۆنیەکان دەستە وەستان دەبێ تۆ دیقەت بدە وولاتێك بەبێ پێشینەیەکی سیاسی دیـاری کراو و پلانێکی ئابووری‌و هاوکاری وولاتان، بێ ئەو پـشتیوانیانە چـۆن توانی ئەم ئاڵوگۆرە قوڵە ئەنجام بدات ...

ڕامان لەچەند وێستگەیەکدا

دوای تێپەر بوونی پەنجا ساڵ بەسەر جەنگی دووەمی جیهانیدا، کـە ژاپۆنیەکان قورسترین زەبریان بەرکەوت، کەچی چەند ساڵێك دوای ئـەو جەنگە کاولکاریە، وورده وورده ژاپۆنیەکان برینـەکانیان سـارێژکردەوە، هەر بەوەش نەوەستان، بەڵکو ئـەمرۆ ژاپـۆن لـەریزی هـەرە پێـشەوەی وولاتـــە پێـــشکەوتووەکانی جیهانیدایـــە لەئێـــستادا کۆمپانیـــای(تۆیۆتامۆتۆرز)ی ژاپۆنی لەساڵی پاردا ژمـارەی پێوانـەیی تۆمـارکرد، بەوەی فرۆشیەکانی ئـەو کۆمپانیایـە لـە ئۆتـۆمبیلی جـۆری(الگـوس

الفرييه) له بازاره‌كانی ئه‌مریكاو رۆژئاوا به‌رێژه‌ی(٢٥٪) زیادی كـردو قازانجه‌كه‌شـــی گه‌یـــشته‌(٨٠٨) ملیـــار دۆلار، هـــه‌روه‌ها داهـــاتی كۆمپانیای(تی.تی. ئین) بۆ تۆری ته‌له‌فزیۆنی بێته‌ل له‌هـه‌مان سـالّدا گه‌یشته‌ تریلیۆنێك دۆلار له‌سالّی (١٩٨٤)دا ئه‌مریكا هه‌شـت ملیـۆن ئۆتۆمـبیلی به‌رهه‌م هێنا، به‌لاّم ته‌نیا دوو ملیۆنی فرۆشرا كه‌چی ژاپـۆن له‌ هه‌مان سالّدا هه‌مان ژماره‌ی به‌رهه‌م هێنا ، كه‌چی چوار ملیۆنی لیّ فرۆشت . ئه‌مرۆ ژاپۆن (٣٠٪)هه‌موو به‌رهه‌می ئۆتۆمـبیلی جیهان پێك ده‌هێنێت، به‌پێی ئامارێك كه‌ رێكخراوی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان ئه‌نجامی داوه‌، ده‌ركه‌وتووه‌ هه‌رمالّێكی سه‌ر ئه‌م زه‌ویه‌ لانی كـه‌م پێـنج ئـامێری كاره‌بـایی ژاپـۆنی تێدایـه‌ جگـه‌ لـه‌و(٨٤٪)به‌رهـه‌می جیهـانی كامیراو(٨٣٪)به‌رهه‌می سعات و(٦٦٪)به‌رهه‌می ته‌له‌فزیۆنی هـه‌موو جیهان به‌رهـه‌م دێنێـت به‌راسـتی پێـشكه‌وتن و داهێنانـه‌كانی ژاپـۆن هه‌موو جیهانی سه‌رسام كردووه‌.

کارگەچی پیشەیکی لەبیرکراو

کاتێــک ســەرەنج لەمێــژووی نیــشمانەکەمان دەدەیــن، بۆمــان دەردەکەوێت ئەم گەلەی ئێمــە بــە چــەند قۆنــاغ و ســەردەمی جیاجیــا تێپەڕیوە، هەرلە قۆناغی کۆچەری وشوانکارەییوە، تا دەگاتــە قۆنــاغی نیشتەجێبون و بنیادنانی گوندو شارەکان و پراکتیزەکردنی کوشــتوکاڵ وبازرگانی و پیشەسازیەوە، شوێنەوارە مێژووییــەکانمان لــە ئەشــکەوتی (شــــانەدەرو هــــەزارمێردو زەرزی و گونــــدی چــــەرمۆ نزیــــك چەمچەمال)ڕەسەنی و دێرینی و شارستانی ئەو گەلــە دەســەلمێنیت ...! لەرۆژگارێکی زووەوە چەندین کارو پیشەی دەستی لەم ناوچەیەدا ســەری هەڵداوە بەشێکی ئەم پیشەیە دەستیانە تا کۆتایی هەشتاکانی ســەدەی رابردوو لەبرەو دا بوون و بازاریان گەرم بوو، هەندێك لەو پیشانە ئەگەر کورد قــەوارەی سیاســی خــۆی هەبوایــە ،ئێــستا بەشــێك دەبــوون لــە پیشەسازی ئــەو ولاتــە ، بــەلام بــەهۆی بایــەخ پێنــەدان و چــۆلکردنی گوندەکان ، ئەم پیشە دەستیانە بەرەو نەمان چــوون، ئــەوەی ئاشــکرایە ئاژەڵداری وباخچەوانی و هەندێك کــاری کــشتوکاڵی، رۆژانێــك بەشــی هــەرە ســەرەکی دێهاتــەکانی دەشــت و رۆژئــاوای کۆیــەو ناوچــەی خۆشناوەتیان پێك دەهێنا . هەڵبەتە جل و بەرگ وپۆشاکی ئەو خەڵکــە بە دانیشتوانی شارەکانیشە وە وەکو ئەوە ی ئێستا هەیە جوان نــەبوون ئیتر بۆخۆ پاراستن لە سەرماو سۆڵەی زستان مــرۆڤ هەمیــشە هــەوڵی داوە جل و بەرگ و رایەخ و پێخەفێك دەستەبەر بکات ، کەلە کەرەســەو بەرهەمی ئاژەڵ دروستکرابێت، خوری و موو و پێستەی ئــاژەڵ باشــترین

کەرەستەن ،کە مرۆڤ لەو رۆژگارەدا توانی پێداویستیەکانی خۆی پێدابین بکات، بەکەڵەکە بوونی ئەزموون وشارەزای توانی لبادو کەپەنك و سەرکڵاو و پوزەوانەو هتد..... دروستبکات. لە موو جاجم و بەرماڵ و خرارو شەڵتە ورەشماڵ وگوریس دروست بکات ،بەڵام بەداخەوە ئەم پیشەیە ئەمرۆ بەهۆی بڵاوبوونەوەی کارگەکانی جل و بەرگ و رایەخ و کۆمبارەوە ئەو گرینگیەی جارانی لە دەست داوە، ئەگەر چی هەندێك لەمەردارەکان قاپوت و کەرك وسەرکڵاو بەکار دێنن .

هەندێك زانیاری دەربارەی کارگە چێتی

جگە لەوەی لباد لە ماڵ ولە دیوخانان راخراوە، ژنان بۆ رازاندنەوەو جوانی ماڵەکانیان سودیان لێبینیوە ،نەخش و نیگاریان لەسەر دروست کردووەو بەدیوارەوە هەڵیانواسیوە، لباد چێتی لەباوکەوە بۆکورەکان پیشەکەی بۆ گواستراوەتەوە، واتا خێزان هەیە لەکۆیە چەندین پشتە ئەو پیشەیە دەکات . ئێستا ئەم پیشەیە لەکوردستانی ئێران بایەخ وبازاری لەدەست نەداوە، ئەویش بەهۆی زۆری مەرو ماڵات و ئاوەدانی گوندەکان ... کارگەچیەکان لەسەرەتای وەرزی بەهارەوە سەردانی گوندەکانی دەشتی کۆیەیان دەکرد، ئیدی جوتیارانی ئەم گوندەو گوندەکانی تریش لوایان لای وەستاکە

بۆجێبەجێ کردنی ئەو کارە مەبەستیان بوو، بەهۆی ئەو پەیوەندیانەوە ئاشنایەتی و دۆستایەتی لەنێوانیان دروست دەبوو، تەنانەت وارێکەوتووە ژن و ژنخوازیشی لێدروست بووە . پایزانیش کەدەشتەکیەکان بۆ هێنانەوەی کەلوپەلەکانیان سەردانی کۆیەیان دەکرد بەدەست بەتاڵی نەدەچوون ، بەڵکو لەگەڵ خۆیان پەنیرو هەنگوین وگوێزو مێوژیان بەدیاری بۆ لبادچیەکان دەبرد ئەویش ئیزنی نەدەدان . تا چەند شەوێك لەلای دەمانەوە ...!بەشێك لەو کارگەچیانە ، کارگەیان لەماڵەوە دانابوو، وەستا فەقێ ساڵح یەکێك بوو لەوکارگەچیانەی دەزگاکەی لە نهۆمی خوارەوە سازدابوو، خۆیشی لە نهۆمی سەرەوە دەژیا، ئەوەی جێی تێرامانە ئافرەتیش شانبەشانی پیاوان کاری لبادچیەتیان کردووە بەدەست لوایان گێراوە، سەرکلاو و پوزەوانەو ساق و گۆرەویان دروستکردووە . وەك باسمان کرد ئەم پیشەیە مێژویەکی کۆنی هەیە لەم شارەدا ، لەمیانی ئەو ماوە دوورو درێژەدا چەندین کەس و بنەماڵە ناوبانگیان بەو پیشەوە دەرکردوە . وەکو وەستا بەکری یا گورجی و وەستا فەقێ ساڵحی وکاکەی رەسولە درێژ ناسراو بە مەلاکاکەو حاجی کەریمی عەباس ووەستا رەئوفی گەراو.

دروست کردنی لباد

با بەیەکەوە سەرێك بە یەکێك لەو دوکانە دەگمەنانەی کارگەچییەکان خواربکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین لباد چۆن دروست دەکرێت لەسەرەتای بەهاردا یاخود لەناوەراستیدا دەستدەکرێ بە برینەوەی بەرخ لوا(بەرگن)

ی بەرخەکە دەبەنە لای لبادچی،پێویستە بزانین لوای بزن چیرە بۆ لباد نابێت، بەلکو بۆ(بەن)بەکاردێت و دەیکەن بە خرارو شەڵتە و گوریس ورەشکەو رەشماڵ، ئەم پیشەیە لەکۆیە تایبەت بوو بەمەسیحیەکان، کەهەمیشە خرەکیان هەبوو . لبادچی لوای سپی و رەش و سووری لێك جودا دەکاتەوە، پاشان بەئامێرێکی تایبەت پەرەی دەکات، کاتێك لواکە پەرەکرا دەخرێتە سەر چیغێك کەدرێژیکەی دە مەترو پانیەکەشی سێ مەترە دەبوو، کارگەی لبادچی دوو جۆری هەیە، لەچیغ یا لەگونیە دروست دەکرێت شوێنی بگێر دەبێت ساڵ دوانزەی مانگ گەرم بێت کاری بگێر زۆر قورسە بە هەموو کەسێك ناکرێت مەگەر پیاوی بەهێزو تەندروست و پشوو درێژ. لەجەم سەری گونیەکەوە بەلای پانیەوە دارێکی تۆزێك ئەستووری بەقەد خۆی شەتەك داوە. لەگەڵ راخستنی بەرگنەکە نەخش و نیگاری بۆ دروست دەکرێت. تاو نا

تاوێکیش ئاوی بەسەردا دەپرژێندرێت ، ئینجا بەچیغەوە لوول دەدرێت و بەتوندی بەپەتێکەوە دەپێچرێتەوە ئامادە دەکرێت بۆکوتـان لەلایـەن بگێرەکانـەوە بۆمـاوەی نیوکاتـژمێر، ئینجـا دەکرێتـەوەو دوبـارە لواکـە رێك دەخرێتـەوە، تاهـەموو لبادەکـە بێ گرێ و گۆڵ بێت . دوا هەنگاوی ئـەم کـارە ئەوەیـە بۆمـاوەی حەوت کاتژمێر ئەم بەرگنـە گـەرم وشێدار بپەسترێتەوە ، دوای ئـــەوەی دەکرێتـــەوە ، تاوشـــك ببێتـــەوە ، ئینجـــا رادەســـتی خاوەنەکەی دەکرێتەوە

((تەمەنێك پڕاوپڕلە هونەر))

(خەنجـــەر پیاودەخاتـــە باوەشـــی مەرەگـــەوە، تـــەمبور (موزیك)زیندوی دەکاتەوە)... رەسوڵ هەمزە تۆف

وەکـو ئەسـتێرەیەك لـەئاسمانی گـۆرانی ومـوزیکی کـوردی هەڵهات ، بەدرێژای تەمـەنی کەلەهەشتا ساڵ بەسـەرەوەیەبێ وچان بەقورگو پەنجەکانی لەگەڵ تەلەکانی عودەکەی خزمەتی هونەری رەسەنی کردووە. لـەنیوەی یەکـەمی سەدەی رابـردوو، کەهێـشتا هونـەر ئـەو بایـەخ و مەقامـەی ئێـستای نـەبوو، هونەرمەند باکوری دڕی بەتاریکی داو کاروانی هونەری کوردی

ئەم شارەی بوژاندەوە ، ئەوکاتەی قوتابی بووە لە قوتابخانەی کۆیسنجاقی دووەم . مامۆستای وانەی سروود درکی بە دەنگخۆشی ئەو کردبوو، بۆیە بەیانیان لەریز دەرهێنانەوە و سروودی بۆ قوتابیەکان پێگوتوە، ئیدی لەگەڵ گەورەبونیدا حەزو خۆشەویستی هونەر لەگەڵیدا گەشەی کردووە. ئەوکاتانەی بەشداری لەرێورەسمی بۆنە و جەژنەکانی مەسیح دەکات، گوێچکەکانی پردەبێت لەدەنگە سیحراویەکەی (مامەسێوە)و ئاوازی سروودی بۆنەی ئاینی لە سەرەتای تەمەنیەوە حەزی دەنگی (ئەحمەدی حەمەی مەلاو حەمەدەمین کەبابچی و ملا کۆرە)ی پێخۆش بووە لەهەموان زیاتر شەیدای دەنگی هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق)بووە.

لەم روەوە دەڵێ :تایەرتۆفیق مامۆستای رۆحیم بوو، لەکاتی گۆرانی وتندا، هەوڵم دەدا ئەوم لەبەرچاوبێ لەسەرەتاوە لاسایم دەکردەوە ، لەسەر هەمان رێبازو ستایلی ئەو گۆرانیم دەچری عومرێکی دریژم لەگەڵ تایەر تۆفیق بردە سەر لەکۆیەو هەولێر و بەغدادو تەنانەت تا دواهەناسە لەگەڵیدا بوم.

((دامەزراندنی تیپی موزیکی باواجی))

گەرچی باکوری کۆلیجی (دارالمعلمین العالیە)ی تەواو کردووە، بەلاٚم وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا هەر لەمنالٚیەوە خۆشەویستی موزیك و گۆرانی هەموو عەقلٚ و هەستی داگیرکردبوو ، لەو ساڵەی قوتابی دەبێت لەناوەندی کۆیە، بیرۆکەی دامەزراندنی تیپێکی موزیك لە شێوەی تیپی مەولەوی دەکەوێتە سەریەوە ... بۆ خۆ ئامادەکردن و راهێنان لەسەر فێربونی ئامێرە موزیکیەکان ،ئێواران سەردانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەکا لە بەغدا، وەکو میوانێك بەهۆی ئەوەی مامۆستایانی پەیمانگا (جەمیل بەشیر)و(غانم حداد)و(حەقی الشلبی) رێگەیان پێدەدا لەو سەردانەیدا فێری ژەنینی ئامێرەکانی (عود و کەمان و جونبوش) بێ ، پاش ئەوەی شارەزایی لەموزیك بەدەست دێنێ لەساڵی ١٩٥٧ ئەوکاتەی لەناوەندی کۆیسنجق مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە،پۆلێك لەو قوتابیانەی خۆی، کەبەهرەی هونەریان هەبوو ، تیپی موزیکی باواجی کۆیە پێك دێنێ، بەدامەزراندنی ئەم تیپەلەدوای تیپی موزیکی مەولەوی بەدوەم تیپی موزیکی دادەنرێت لەکوردستاندا. تیپی موزیکی باواجی لەوکاتەی

دامـەزراوە ، چـەندین چـالاکی هونـەری لەزۆربـەی شـارەکانی کوردستان سـازداوە، دەیـان بەسـتەو مەقامی رەسـەنی کوردی بەتایبـەتی فۆلکلـۆری ناوچـەی کۆیـەی نـویٚ کـردەوە، دواتـر بـەهۆی تێکـچونی بـارودۆخی سیاسـی و ئـەمنی عێـراق و کوردسـتان لـە سـالأنی (١٩٦٣تا١٩٧٠)لـە چالاکی و جموجۆلْ کەوت ،بەلاٌم لە سالٌی (١٩٧٠) جارێکی تر بە گروتینێکی نویٚ هاتـەوە سـەر شـانۆی هونـەری کـوردی هـەر لـەو سـالٌەدا بـوو جـوانترین ئـاوازو خۆشـترین مـەقام وبەسـتەیان پیٚـشکەش بـە بینەرو گوێگری کوردکرد، هـەر لەخۆشەویستی خەلْکی کۆیـە بـۆ تیپەکـەیان چـەندین چـایخانە و چێـشتخانە و تیپـی تـۆپی پێیان بەناوی باواجیەوە ناونا

ئاهەنگی ساڵی (١٩٥٧)

ئێوارەی رۆژی ٨ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٧) گەواڵـە هـەورێکی رەش و تاریـك ئاسمـانی شـاری سـلێمانی داپۆشی، لەئەنجامدا بۆ ماوەی سەعاتێك باران بە رێژنە باری، کە بوە هۆی دروست بونی لافاوێکی بێ ئامان، کە سەراپای سلێمانی گرتەوە ، زەرەرو زیانی بە شار گەیاندو دەیان خانوی روخانـد و کەلوپـەلی زۆربـەی دوکانـەکانی سـەر ئاوخـست، تەنانەت شەپۆلی لافاو ئۆتۆمبیلی بەسەر نشینەوە رامالی بە مەبەستی کۆکردنەوەی پارە بۆ لێقەوماوانی لافاوەکە تیپی مـوزیکی مەولـەوی گەشـتێکی هونـەریان لـە شـارەکانی کوردسـتان دەسـت پێکـرد، یـەکێك لـەو شـارانە کۆیـە بـوو، خەڵکەکـەی پێـشوازیەکی گـەرمیان لـەو تیپـە کـرد، رۆژانـی ١٥و١٦ی تـشرینی دووەم لـە هـۆڵی قوتابخانـەی زانـست ئاهـەنگێکی قەشـەنگ رێکخـرا ، کـە ئادرەنگـانی شـەو درێـژی کێشا ، سەرەتا دوو پارچە موزیکیان پێشکەش کرد ، ئینجا کۆمـەڵێ گۆرانیبێـژ مـەقام و بەسـتەیان پێـشکەش کـرد، بەتایبـەتی هونەرمەنـدی گـەورە (رەشـۆڵ)، کـە بـە دەنگـە خۆشـەکەی ئاسمـانی کۆیـەی پـر کـرد، لـە ئـاوازی رەسـەنی کـوردی و مـەقامی دەشـت وخورشـیدی و بەسـتە هـەرە

خۆشەکەی (ئۆخەی گردەکەی یارە، چەندین شیرین و نازدارە).
لەم بۆنەیەدا مامۆستا باکوری سروودی (لە خەو راپەرە) ی گووت کۆیەکان چەپڵەی زۆریان بۆ لێدا، لە دوا برگەی ئاهەنگەکە هونەر مەندی گەورە (حەمەساڵح دیلان) بەدەر کەوت، کە بە چەپڵەیەکی گەرم لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی لێکرا، شیعرەکەی پیرەمێرد (ئەی نائومێدی) بە مەقام چری بەو دەنگە بەسۆز و جوانەی ئەم ناوەی هێنایە هەژان، ئەو ئاهەنگە جولآنەوەیەکی لە ناوکۆیە دروست کرد، خەڵکی دەست خۆشی زۆریان لە هونەرمەند باکوری کرد و هانیان دا بۆ پێشخستنی تیپی موزیکی باواجی.

تەسبیح
لەنێوان کەلەپوورو هاوچەرخێتیدا

کلتوورو بەها نەتەوەیەکانی کورد، تایبەت مەندی خۆیان هەیە، زۆر جاریش بوەتە نیشاندانی سیمایەکی جیاواز،کەکوردی لە نەتەوەکانی تر جیا کردۆتەوە، دیارە ئەوەی جوانیەکی تایبەتی لە دونیای دەرەوەدا هەیە، لەجوانترین ئەوتایبەتمەندیانەش تەسبیحە ، کە بەشێکی

زۆری کـوردەواری هەڵیـدەگرن، تەسـبیح لـەو دەنکـە قـەزوان یـاخود مووروە رەنگـا و رەنگانـە پێکهـاتووە ،کـە جـاران وەکـو رەمزێکـی ئـاینی بـۆ نـزاو پارانـەوە و زیکـری خـودا بـەکارهاتووە...! ئێـستاش خـەڵك بـە دەسـتیانەوە دەگـرن ، بـەهۆی لێراهـاتن و خـوو پێـوەگرتن و جوانیـەوە ووشـەی تەسـبیح لـە (سـبحە)ی عەرەبیـەوە هـاتووە، مێـژووی پەیدابونیشی بۆ رۆژگارێکی کۆن دەگەرێتەوە، تەسبیح رەنگی جـۆراو جـۆری هەیـە، دەنکـە سـورو زەرد و سـەوزەکانی دیمـەنێکی جوانیـان لـە هـزری منداڵیمان بەجێهێشتوە. یەکەم دەرکەوتنی تەسبیح لەچین و هیند بووە ، پاشان وردە وردە بە وڵاتانی ئیسلامی بڵاوبۆتەوە

(بۆ تەسبیح هەڵدەگرین)

سـەرەرای بەکارهێنانی تەسبیح لـە بواری خوا پەرستیدا، خـەڵکی زۆریـش بـەهۆی بێکـاری و بـۆ کـات بەسـەر بـردن بـە دەسـتیەوە دەگـرن،هەنـدێکیش بـۆ خۆدەرخـستن و خـوو پێوەگرتنەوە هەڵیدەگرن ، سـەرەرای ئـەو هۆکارانـەی سـەرەوە، تەسـبیح لەلایـەن کەسـانێکەوە بەکاردێ، کەلایـەنی دەرونیـان ئارام نیە، هـەروەها بۆ داپۆشینی لـەرزەی دەست و پەنجەکان

بەتایبەت بۆ خەڵکانی بەساڵاچوو. تەسبیح هەر لەلایەن پیاوانەوە بەکار نایەت، بەڵکو هەندێك لە ژنانیش بەکاری دێنن، بەتایبەتی وەکو دیکۆر و ئێکسسواری ماڵەکەیان. بەشێوەیەکی گشتی تەسبیح لەناوچە و وولاتە دواکەوتو و ئیسلامیەکان بەکاردێت. جاران و ئێستاشی لەگەڵدابێت حاجیەکان لە گەرانەوەیاندا ژمارەیەکی زۆر تەسبیحیان دەهێنایەوە و بەسەر ئەو کەسانەیان دابەش دەکرد، کە بۆ بەخێرهاتنەوە سەردانیان دەکردن. هەندێك جار تەسبیح هەڵگرتن کێشەو گرفتی بۆ خاوەنەکەی دروستکردووە، بەتایبەتی لە سەردەمی رژێمی بەسەر چوو و رۆژانی شەری ناوخۆدا...!

(جۆرەکانی تەسبیح)

لە کوردستان و جیهاندا دەیان جۆری تەسبیح هەیە، بەناوبانگترین جۆرەکانی خۆمان ئەمانەن –ئەبلەقی بەرزنجە و لاسورەو، مامۆستا عەلائەدین سوجادی لە رشتەی مرواریدا ئەبلەقی بەرزنجەی بە نموونەی هەرە جوانی تەسبیح داناوە، بەلام بەناوبانگترین جۆرەکانی تەسبیحی جیهانیش ئەمانەن:– تەسبیحی کەهرەب، ئەم جۆرە تەسبیحە جگە لە جوانیەکەی بۆ نەخۆشی دڵ و زەردوویی بەکاردێت، کەهرەبیش چەندین

جۆری هەیە ، وەکو (کەهرەبی پۆلۆنی،کەرەنگەکانی زەرد و سورو و تورابی) کەهرەب چەند رەنگێکی هەیە. تەسبیحی کرمان لەجۆرە بەردێکی تایبەت دروست دەکرێت، زۆر بەنرخە. هەروەها چەندین جۆری تەسبیحی تر هەیە ، وەکو:- یوسر رەنگی رەشە و لە دار پێکهاتوە بەزێر یاخود بەزیو رازاوەتەوە. تەسبیحی نێرجیلْ (کۆك) ئەمەشیان لە دار دروست دەکرێت، هەروەها تەسبیح سەندەلوسی، کە زۆر رەنگی هەیە، ئەو تەسبیحە دەرەکیانە هیچیان نرخیان لە سەد دۆلار کەمتر نیە، هەشیانە زۆر گران بەهایە لەبارەی تەسبیحی قەزوانەوە، وەکو باسمانکرد چەندین جۆری هەیە، شوێنی سەرەکی دروستکردنی تەسبیحی قەزوان، شاخی ئاچداخ و قەرەداخ و ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و بەرزنجەیە. دروستکردنیشی لەلایەن خەڵکێکەوە، کە سەلیقەو شارەزاییان لەم رووە هەیە، لەمانگی تشرینی یەکەمی وەرزی پایزدا کاتێك دارەبەن پێدەگات، دەست دەکەن بەکۆکردنەوەی قەزوان، دوای پاککردنەوەی بە درێشە سێ سوچی قەزوانەکە دەسمن، بەشێوەیەك نەخشی جوانی لە سەر هەڵدەکەنن، پاشان دەداوێکی گونجاو دەیهۆننەوە و گوڵینگەیەکی جوانیشی بۆ هەڵدەبەستن.

پیاویك لەڕەنگی گوڵ

لەم رۆژەوەی بیری ئازادی و کوردایەتی ئاوێتەی هۆش و هەستی رۆڵەکانی گەلی کورد بووە، لەو کاتەوە تا ئێستا نزیکەی سی شۆرش و راپەرینی دژی داگیر کەرانی کوردستان بەرپاکردوە لەو خەبات سەختە خوێناویانەدا هیچ لایەن و وڵاتێك پشتیوانی لەگەڵ کورد نەکردوە، بەڵکو لە ئاستی نێو دەوڵەتیشدا دژایەتی کراوە. هەر لە بەرئەوە تادوێنێ دەیانگوت لە چیاکان بەولاوە کورد هیچ دۆستێکی نیە...!

وەڵێ بەهۆی کۆڵنەدان و سوربونی کورد لە بەدەستهێنانی مافەکانی و کۆتای هاتنی جەنگی ساردو سیستمی دوو جەمسەری جیهانی و سەقام گیربوونی چەمکی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بیروراو سۆزو پشتیوانی گەڵێك وولاتی دیموکراسی و کەسایەتی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشا. یەکێك لەو کەسە بە هەڵوێست و روناکبیرانەی کە شێلگیرانە پشتیوانی لە دۆزی گەلی کورد کردوە، مێژوونوس و بیریاری گەورەی تورك (ئیسماعیل بێشکچی)یە، ئەو مرۆڤە مەزنە هەر لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئەم ساتە وەختەش بەگیانی مروڤپەروەرانەو ئەکادیمیانەوە بە قەڵەم و

کردار بەرگری لە میللەتەکەمان کردوە. بێشکچی لەسەرەتای شەستەکان کە ئەو کاتە سەرباز بوو لە رۆژهەڵاتی تورکیا (کوردستان) گەیشتە قەناعەتێك،کەکورد تورك نیە، بەڵکو گەلێکە هەموو تایبت مەندی نەتەوەی خۆی هەیە ، وەکو زمان و مێژوو و کەلتوروو و خاك. لەو رۆژانەوە تاکو ئێستا چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەم مەسەلەیە داناوە کەبە هۆیەوە نزیکەی سی ساڵ تەمەنی خۆی لە گرتوخانەکانی دەوڵەتی پۆلیسی تورکیا بەسەر بردوە . بێشکچی بەپێچەوانەی میتۆدی باوی ئەوسای زانکۆکانی تورکیاو رەوتی رۆژنامەگەری تورك،کەهەمیشە بەلای سیاسەتی دەوڵەت دەشکانەوە، ئەوهەڵوێستێکی جیاوازی پەیرەو دەکرد، هەموو کردەوە وەحشی گەریەکانی رژێمی تورکیای دەرهەق بە گەلی کورد ریسوا کرد پەردەی لەسەر هەڵماڵی لەنامەیەکدا بۆرێکخراوی (یونسکۆ) دەڵێت

(کوردستان کۆلۆنێکی نێو دەوڵەتی دابەشکراوە لە نێوان چەند وولاتێکی رۆژهەلاتی ناوەراست، ئەو گەلە مافە مرۆیی و نێومرۆییەکانی لێ زەوتکراوە، بەتەلی درکاوی و مین و رەبیەی سەربازی ئەو گەلەیان لە یەکتر دابریوە. ئەم وولاتانە بۆئەوەی درێژە بە داگیرکردنی کوردستان بدەن، هاوکاری و هەماهەنگی یەکتردەکەن، ئایا گەلێك ژمارەی دانیشتوانی سی ملیۆن کەس

بێت شایەنی سەربەخۆی و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی نیە؟ لێگەڕێن با ئەو گەلە خۆی حوکمرانی خۆی بکات، جارێکیان لەوەلامی پرسیاری رۆژنامەنوسێك بەو شێوەیە دەدوێت: (تورکیا زیندانێکی گەورەیە، جیاوازی چیە ئەگەر تۆ لەناو ژوورە تاریکەکانی گرتوخانە دابی، یاخود لەدەرەوەیدا بژی)

لە ساڵی (١٩٦٨) دا بەژداری زۆربەی خۆپیشاندانەکانی ناوچە کوردنشینەکانی وەکو،(دیاربەکرو ئاگری) کردووە کەدژی سیاسەتە چەوتەکانی رژێمی داگیرکەری تورك ئەنجامدەدرا. ئاشکرایە ئەوەی ئەو راستیە بەر جەستە دەکات، کە بێشکچی هەر بەتەنها لەرێی نوسینەکانیەوە بەرگری لەدۆزی ڕەوای کورد نەکردووە، بەڵکو بەکردەوەش ئامادەبووە گیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە . بێشکچی تاکو ئەمرۆ زیاتر لە بیست کتیبی سەنگینی لەسەر کورد نوسیوە،کەبەدەگمەن هەڵدەکەوێ لەناوخۆشماندا نوسەرێك هەبێ ئەوەندە بەرهەمی لەسەر گەلەکەی خۆی نوسیبێ...!! لێرەدا بەشێك لەو کتێب و لێکۆڵینەوانە دەخەینە بەر دیدی خوێنەری کورد، تابۆی روون بێتەوە ئەو مرۆڤە چ کۆشش و قوربانیەکی لەپێناوی ئێمە داوە.

١-لێکۆڵینەوەی خۆپیشاندانەکانی خۆرهەلات لە ساڵی (١٩٦٧) نوسیوە.

٢-خێڵە کۆچەرەکانی کوردستان و پەیوەندیەکان لە ساڵی (١٩٦٨) نوسیوە.

٣-میتۆدی زانستی چۆنیەتی بەکارهێنانی لەتورکیا و راگوێزانی کوردان لە ساڵی (١٩٧٧) نوسیوە.

٤-کوردستان کۆلۆنێکی نێو دەوڵەتیە، لە ساڵی (١٩٩٠)نوسیوە.

٥-سایکۆلۆجیای رەسمی دەوڵەت و دیموکراسی کێشەی کورد، لەساڵی (١٩٩٠) نوسیوە.

٦-مەرجەکانی سەرهەڵدان، لە ساڵی (١٩٩٠) نوسیوە.

٧-رامان لەسەر روناکبیری کورد، لە ساڵی (١٩٩١)نوسیوە.

٨-تیرۆری دەوڵەتان لەخۆرهەلاتی ناوەراست، لە ساڵی (١٩٩٠) نوسیوە.

لە کۆتای ئەم پەیڤانەی سەرەوە بۆرێزلێنان لە کەسایەتی و خەباتی ئەم مرۆڤە مەزنە پێشنیاز دەکەم بەشێك لە نوسینەکانی لە قۆناغەکاندا بخوێندرێت و تا زیندوشە پەیکەرێکی شایستەی لە شاری کەرکوك بۆ دروست بکرێت، ئەوەش وەفاداریەکی گونجاوە بەرامبەر ئەو پیاوە تێکۆشەرەی کە لە دژی دەسەلآتدارەکانی خۆشی ئیشی بۆ نەتەوەی کورد کردووە .

سی ساڵ لەمەوبەر خوێندکاری ئامادەیی (الاخوە) بووم لە هەولێر ،بەبۆنەی جەژنی نەورۆز ،ئاهەنگێك لە گۆڕەپانی تۆپی پێی هەولێر سازکرا، ژمارەیەکی زۆر لە دەسەڵاتدارە کارتۆنیەکەی ئەوساو جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێری خۆراگر ئامادە بوون، دوای چەند برگەیەك لە ئاهەنگەکە، نۆرە هاتە سەر گۆرانی بێژی نەمر (تایەر تۆفیق)ن لەگەڵ دەرکەوتنی لەسەر شانۆ ،بە چەپڵەو هەرا پێشوازی لێکرا. (خاڵە تایەر) وەك گشت لایەك دەزانن کردبویە نەریتێکی جوان ،لەزۆربەی ئەو ئاهەنگانەی بەژداری تێدا دەکرد بە مەقامە بەناوبانگەکەی(شیرین بەهارە)ی دەچری. ئەوەبو لەوبۆنەیەشدا ئەو شیعرە جوانە، بەودەنگە بەرزو بەسۆزە ، بەچریکەو لەرینەوەی ژێکانی قورگی، ئامادە بوانی هێنایە جۆش و خرۆش و وروژان پێم وابوو، گوتنی شیرین بەهارە بەو شێوازە، دەربرینی هەست و نەستی پەنگ خواردوی ناخی هونەر مەند بوو،بەرامبەر ئەو بارو زروفەی رۆژانی دوای هەرەس، دەیان جار گوێم لەو مەقامە گرتووە، بەلأم هەرگیز وەکو ئەوجارە داهێنانی تێدا نەکردبوو.

هونەرمەندی بەهەڵوێست

تایــەر تۆفیــق هونەرمەنــدی هــەموو کوردســتان بــوو، پێچەوانەی زۆربەی هونەرمەندانی دیکە، کە هەر لەناوچەیەك، یاخود لەپارچەیەکی کوردستان گوێگرو جەماوەریان هەیە ،لایەنێکی تری خاڵە تایەر ئەوەبوو، کەبەشێکی زۆر لەسامانی فۆلکلۆری کۆیە و دوروبەری لەگۆرانی و بەستەو مەقام زیندوو کردەوە. هونەر مەندی گەورە قوتابخانەیەکی هونەری بوو، بۆ فێربوونی وانەکانی هونەری ڕەسەن و هەستی کورد پەروەری، بەدەگمەن هونەری بەرزو کەسایەتی و نەفس بەرزی و رەوشتی جوان لەهونەرمەندێکا کۆ دەبێتەوە ، وەکو لەتایەر تۆفیق کۆ ببۆوە..!!! باکوری هونەرمەند لەزاری مشکۆی هەولێری دەگێرێتەوەو دەڵێ: جارێکیان هونەر مەندی نەمر تایەر تۆفیق بەژداری ئاهەنگێکی گەورەی لەشاری دهۆك کردبوو، لەکاتی گۆرانی گوتندا، چەند کەسێك چوبوونە سەر شانۆ پارەیەکی زۆری دەیی و پێنجیان بەسەر دا باراند بوو . بەشێوەیەك سەر شانۆکە پر ببوو لە پارە ،بەلأم ئەو هەر ئاوری لەم پارە زۆرە نەدابۆوە، کاتێکیش گۆرانیەکەی تەواو کرد ، یەکسەر چووە خوارەوە و لەشوێنی خۆی دانیشت،(مشکۆ) لە گێرانەوەی ئەو رووداوە بەردەوام دەبێ و دەڵێ: دڵنیا بووم(تایەر) لەم رۆژەدا تەنیا پێنج دیناریشی لەگیرفان نەبوو...ارژێم فشاری زۆری

بۆدەهێنا بۆئەوەی بەسەر قادسیەدا سرودێك بڵێ ، بەلأم ئەو هەرگیز ملی بۆ ئەو فشارو سەیارە و پارە و پولە دانەنواند...!

ئەو تا مردیش هەر لەبەرەی گەلدا بوو. لەورۆژەوەی یەکەم گۆرانی بەناوی(نیوەشەو) لە گوریێ لەسورەگوریێ و بەستەی کراس زەردیێ و لەئێستگەی کوردی لەبەغدا بلأوکردەوە ، تا دوا گۆرانیشی کە بەناوی (جیهانم پشکنیوە) لە مەقامی (سەبا) لە ساڵی ١٩٨٧ تۆمار کرد ، هەر سەر مەشق و پێشەنگ بوو، گۆرانیو بەستەو مەقامەکانی لەئاستێکی بەرزی هونەری دا بوون، نزیکەی نیو سەدەن تەنانەت لەدوای مردنیشیدا مەقام و گۆرانیەکانی وێردی سەر زاری خەڵکی کوردستانن. بە کۆچی دوای ئەو کەڵە هونەرمەندەی گەلەکەمان لە(١٩٨٧/١٠/٢٠) هونەری گۆرانی کوردی یەکێك لە ڕەمزو ئەستێرە هەرە درەوشاوەکانی لەدەست چوو.

پەنجا ساڵ پێش ئەمڕۆ. ڕەنگ ڕێژی ڕێگایەکی گرینگ

دوای سەرکەوتنی شۆرشی بەلشەفیك لە ڕوسیا (١٩١٧) نوسەری ناسراوی ئینگلیزی (ئیچ جی ویڵز) سەردانی روسیای کرد، لە (کرمیلین) چاوی رێبەری شۆرشی روسی (لینین) کەوت، لەم دیدارەدا (لینین) باسی لەگەیاندنی کارەبا و رێگا بۆ هەمووبستە خاکێکی روسیا کرد بوو، لەبیست ساڵی ئایندەدا، کە ئەو دەم ڕووبەری خاکی رووسیا خۆی لە(١٥) ملێۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە دەدا. لە گەرانەوەی بۆ بەریتانیا لە نوسیینێکدا (لینین) ی بەو پیاوە وەسف کردبوو، کە (ورێنە) دەکات چونکە نوسەری ناوبراو هەرگیز بڕوای بەو قسەیەی (لینین) نەدەکرد، کە ولاتێکی وا پان و بەرین و دواکەوتوو و ئابلۆقەدراو لەلایەن ولاتانی رۆژئاواوە، ئەو خەونەی بێنێتە دی!! ساڵ هاتوو چوو ، دوای یبست ساڵ لەو چاوپێکەوتنە، نوسەری ناوبراو جارێکی تر سەردانی روسیای کردەوە ، بەلام ئەم جارەیان بۆی روون بۆوە، کە قسەکەی (لینین) ورێنە نەبوو. بەڵکو خەونێکی شۆرشگێرانە بوو هاتەدی گێرانەوەی ئەم بەسەرهاتە تەنیا بۆ دەرخستنی راستیەك بوو، کەفاکتەری (کارەبا و رێگا) رۆڵی چەند مەزن لەژیانی شارستانی و پێشخستنی ئابوری گەلان دەگێرن ، بەتایبەت لە قۆناغی بنیادنانەوەو ئاوەدانکردنەوەدا. کوردستان خاوەنی خاکێکی

بەپیت و ئاو هەوای سازگار و کەرەستەی خاوە بۆ ئەنجام دانـی پـرۆژەی کـشتوکاڵی و پیـشەسازی ، بـەڵام رژێمـە داگیرکـەرەکانی یـەك لـەدوای یەکـەکانی بەغـدا ، هەمیـشە هەوڵیانداوە وڵاتەکەمان بەدواکەوتوویی بمێنێتەوە، ئەگەر لێرە و لەویٚ پرۆژەیەکیشیان جێبەجیٚ کردبیٚ ، ئەوا لەپێناو مەرامە گلاوەکانیـان بـووە ، یـەکێك لـەو پرۆژانـەش کـە لـەم ناوچەیە ئەنجامـدراوە و خـەڵك هـەردەم بـە نموونـەی کـاری سـەرکەوتوو باسی دەکـەن ، رێگـای هـاتو چۆی نێـوان (کۆیـە و تـەق تـەق)ە ئێـستا پـتر لـەنیو سـەدە بەسـەر دروسـتکردنیدا تێپـەڕیووە، کەچـی هێشتا لـەم رێگـا نوێانـە چاکترە. کـە هەنـدێکیان پـاش چـەند مانگێـك کـەموکوریان لێپەیـدا دەبێـت! دروسـت کردنـی رێگایـەکی نـویٚ لـە(کـەرکوك بـۆ تـەق تـەق بۆکۆیـە و قـەڵادزە) دەبێتـە هـۆی بوژاندنـەوەی بازرگـانی و کـشتوکاڵی ناوچـەکە. راستە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لە دروست کردنی ئەم رێگایانە ئامانجی لەشکرکێشی و رەگەزپەرستیان لـە پشتەوە بووە ، بەڵام خەڵکی کوردستان سودیان لێبینیوە، بەتایبەتی لـە دوای راپەڕینـەوە بـۆ ئـاوەدان کردنـەوەی لادێکـان و هاتوچۆکردن درێژی رێگاکە سێنزە کیاۆ مەترو نیوە. بۆیـە بە تێپـەڕ بـوونی پـەنجا سـاڵ بەسـەر ئـەو پرۆژەیـەدا . لـە کـلاو

پۆژنــەی مانگانــەی (هــامون)ەوە، پێمــان باشــبوو ، چــەند تیشکێکی بخەینەسەر.

بەر لـە هـەر شـتێك دەبـێ ئـەو راسـتیە لـە بەرچاو بگـرین ، سەرکەوتنی ئەو کارەش بۆ رۆڵـی سـێ ئەنـدازیار دەگەرێتـەوە، کە زۆر بە دڵسۆزی و دوور لە هەر دەستکەوتێکی تایبـەت ئـەو پرۆژەیـان جێبـەجێ کـرد، ئـەو ئەندازیارانـەش ناویـان(شـێخ سـەعید، رەشـید میران، صـاڵح)بوو. رێگاکـە لـە سـاڵی (١٩٥٥) دەستی پێکراو لە ساڵی (١٩٦٠) تەواو بووە. لایەنی جێبـەجێ کــاریش (الــشرکه العربیــه للهندســه والا عمــار) بــوو، کــە کۆمپانیەکی سوری بوو، خاوەنەکەشـی نـاوی (احمدالشربانی) بــوو، ئــەو پیــاوە لــە عەربــە رەگەزپەرسـتەکان بــوو، هــەردەم بەچاوێکی سوك سەیری مرۆڤـی کـوردی دەکـرد   لـە سـەرەتای کارەکـەی بـە هەنـدێ ئـامێری سـادە دەسـتی پێکـرد،بـەڵام لـە قۆناغـەکانی دواتـر کۆمـەڵێك ئـامێری نوێـان هێنایـە سـەر کـار وەکو،چوار ئامێری یوکڵت وسەکرینەرێك بۆ زەوی هەڵکەندن و خۆڵ گواستنەوە . بلدۆزەرێك چوار قەلابە و شـەش عادیلـە و چــوار کەســارە بــۆ بــەرد وردکــردن ، پرۆژەکــە لــە یانــەی فەرمانبـەرانی کۆیـە دەسـتی پێکـرد و لـە روبـاری کۆیـە کۆتـای هـات ، لـە سـەر ئـەو رێگایـە پردێکـی گـەورە دوانـزە قەنتـەر دروستکرا بە درێژای ساڵانی کارکردن رۆژی دوسەد کرێکاربۆ

ماوەی هەشت کاتژمێر کاریان تێدا دەکرد. ڕۆژانەی کرێکاران ۲۵۰بۆ ۳۰۰ فلس بوو و زۆربەیان خەڵکی کۆیەو هەرمۆتە و تۆبزاوا و داربەسەر و شیلەو شیواشۆك و شیوەجان بوون، لە بەرنەبونی ئۆتۆمبێل کرێکارەکان بە پێیان یاخود بە کەرو وڵاخ دەچوونە سەر کارەکە. کارگەی قیرەکە لە سەر ڕێگای شیلە داندرا بوو، ئەستوری قیرەکە پانزە سانتیمەتربوو. بە درێژایی ماوەی کارکردن تەنیا سێ مانگ کارەکە وەستێندرا، ئەویش بە هۆی شۆڕشی چواردەی تەممووزی (۱۹۵۸) ەوە بوو، کاتێکیش کەوتەوە کار ، نا کۆکی کەوتە نێوان کرێکاران و خاوەن کۆمپانیاکە، چونکە کرێکارەکان داوای کرێی ئەو سێ مانگەیان دەکردووە ،بەڵام کۆمپانیاکە ملی بەو داوایەیان نەداوە، لە ئەنجامدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە نەشیش بسوتێ و نە کەباب، بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتنە کرێکارەکان تەنیا یەك مانگ و نیو وەربگرن لە نیوەکەی دیکەش خۆش بوون، بە هۆی بارو دۆخی ئەو سەردەمە. کۆمپانیاکە ئیفلاسی کرد. واتە پرۆژەکەی سەد لەسەد جێ بەجی نەکرد

تێبینی: بۆ نوسینی ئەم بابەتە زۆر سودم لە زانیاریەکانی کاك (فەتاح برین پێچ) وەرگرت

بۆ ئەوەی خونچەکان جوانتر بگەشێنەوە

رووی قسەم لەو مرۆڤە دڵڕەق و درندانە نیە، ئەگینا لە هیچ کۆمەڵگەیەکی گەشەکردو کەسێك بەدی ناکەی، کە بە بینینی منداڵ دڵخۆش و شاگەشکە نەبێت، روخساو سیمای منداڵ هەمیشە وێنەی ئەوشکۆفەیەمان بیر دێنێتەوە، کەتازە بەدەم هەودا زێڕینەکانی خۆری سپێدەی وەرزی بەهاران پێدەکەنێ... زۆر جار ئەندێشە دەمگەڕێنێتەوە لای رۆژە دۆزەخەکانی ئەنفال، بۆ لای ئەو منداڵە ساوایەی دوای چەندین رۆژ دابڕان لەسۆزی گەرمی دایکی بە گاگۆڵە پووەو باوەشی دایکی دەخشێ، لە ناکاو(حەجاج)ی ئەهریمەن، قاچی دەخاتە سەر دەمی هەڵیناگرێ، تا روحە پەپولەییکەی جیا دەبێتەوەو دەچێتە بەر قاپی خودا... سەیرم پێدێ خواوەند چۆن لە ئاست ئازاردانی منداڵ بێدەنگ دەبێ...؟؟ گومانی تێدانیە تەمەنی منداڵی جوانترین و پاکترین ماوەی تەمەنی مرۆڤە، چونکە کەسایەتی مرۆڤ هەر لەو قۆناغەدا ڕەگ و ڕیشە دادەکوتێ، دواجار هەر لە سەر ئەو بناغەیە گەشە دەکاو گەورە دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازی پەروەردەکردنەی خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەی بە سەرەوە دیارە لەبەر هەستیاری

ماوەی منداڵی و بۆ پێگەیاندنی منداڵ بەشێوەیەکی جوان، تا لەئایندەدا ببێتە ئەندامێکی سود بەخش. هەموو کۆمەڵگە شارستانی و پێشکەوتووەکانی جیهان لە هەوڵی بێوچاندان لە پێناو دامەزراندنی کەشێکی گونجاو تا لەسایەیدا منداڵێکی ساغ و خاوەن کەسایەتی لێ بێتە دی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و هەژاردا. منداڵان لە سەخترین دۆخدا دەژین، ئێستا ملیۆنەها منداڵ لەژێر هەڕەشەی برسێتی و مەترسی شەری ناوەخۆ دەناڵێنن و بێبەش بوون لە خوێندن و هتد... منداڵانی کوردستانیش بەهۆی شەڕەکانی ناوەخۆ و دەربەدەری، هەزارانیان بێبەش بوون لە سۆزی خێزان و پەروەکردنی ڕاست و دروست هەموومان دەزانین منداڵی ئەمڕۆ، نەوەی دوارۆژی کۆمەڵگەن، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم، ئاورێکی چاکتر لە منداڵان بداتەوە. هەوڵی سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەری ناوەخۆ و ئەنفال بداتەوە، بەلاّم بەداخەوە وەزارەتە تایبەتمەندەکان و بەرپرسانی ئەم شارە بایەخێکی جدیان لەم لایەنە نەداوەتەوە، تاکە دەزگای میری بایەخ بەمنداڵ بدات، بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری منداڵانی کۆیەیە، کەساڵانە دەیان خولی جۆراو جۆر لە بوارەکانی: میوزیك و شانۆ و کۆمپیوتەر و وێنەکێشان و هتد...دەکاتەوە. لەم روانگەی سەرەوە پێویستە پارك و شاری یاری منداڵان دروست بکرێت، چەند یاریگایەکی

بچووکی (تاتان) لە هەموو گەڕەکەکانی شار دروست بکرێت، چەند خانەیەکی رۆشنبیری منداڵان دروست بکرێت، تامنداڵان پەرە بە خولیاو ئارەزووەکانیان بدەن. سەرڕای ئەوانە دروست کردنی چەندین قوتابخانەی نوێ، چونکە هەنووکە قوتابخانە هەیە دوو تا سێ دەوامی تێدا دەکرێت، ئەوەش وایکردوە منداڵان وەکو پێویست سوود لە وانەکان وەرنەگرن، بە هۆی قەرەباڵغی و جەنجاڵی پۆلەکانەوە.

ئەو رۆژانەی قەت لە رۆژانی تر نەدەچوو...!

لە ژیانی هەموو گەلێکدا، وێستگەیەکی مێژوویی و گرینگ هەیە، کە دەبێتە خاڵی وەچەرخان و جیاکەرەوە لە مێژووی ئەو گەلەدا، ساڵانە یادی دەکاتەوە و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) ئەو ڕوداوە مەزنە بوو، کە وەچەرخانێکی گەورەی لە مێژووی کوردا دروست کرد. ڕاپەڕین تەقینەوەی بێزاری و ڕقی جەماوەری کوردستان بوو دەرهەق بەزوڵم و ستەمی ڕژێمی ڕەگەز پەرستی بەعس دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن هێزە سەربازیەکانی عێراقەوە، سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بە خوێندنەوەی ووردی ڕووداوە ئیقلیمی و جیهانیەکان، گەیشتە ئەنجامێك کە کۆمەڵگەی

جیهانی لە ئاست ئەو ڕووداوە ترسناکە قسەی خۆی دەبێ.. بۆ ئەم مەبەستەکەوتە خۆ ڕێکخستنەوەو جۆشدانەوەی شانە نووستوەکانی شارو ئۆردوگا زۆرەملێکان، لەو لاشەوە تا دەهات تەنگژە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیەکان تەوقی ملی ڕژێمی بەعسیان توندتر دەکرد، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ دا پەتی زوڵم و ستەمی بەعس لە بەردەم هەژموون و هەڵمەتی پۆلەکانی گەل پسا.

سەرەتا لەڕانیەی قارەمان بڵێسەیدا، ئینجا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو ئاگرە پیرۆزە تەشەنەی کرد، تا گرەکەی هەموو جەستەی بەعسی لەکوردستان کردە خۆڵەمێش.. شاری کۆیە، کە مەڵبەندی کوردایەتی و شەهید پەروەرانە، هەروەکوچۆن هەمیشە سەرقافڵەو پێشەنگی کاروانی کوردایەتی بووە، لەو ڕۆژەشدا کە قەت لە ڕۆژانی تر نەدەچوو لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ هاوڕێیانی شەهیدان دڵشادو ئاودێرو شەهریارو مشیرو هتد... هەڵمەتیان بردە سەر مۆڵگەکانی ڕژێم، لە داستانێکی دەگمەندا قرمەژنی گوللەی پێشمەرگە هاوارو نەعرەتەی جەماوەر، تێکەڵ ڕێژنە باران دەبۆوەو تا لە ئێوارەدا لەگەڵ زەردەپەر پانۆرامای سەرکەوتنی ئازادی بەسەر کۆتەڵەکەی حاجی قادردا تۆمارکرا.. هەڵبەتە هەق دەسەندرێ، نادرێ، سەندنەوەی هەقی ئازادیش هەرخوێنە، لە خەنەبەندانی ڕۆژی ئازادی کۆیەدا، شازدە پێشمەرگەی

قارەمان و شانە چەکدارەکانی بروسك شەهید بوون، بۆ یادی ئەو رۆژە مەزنە، ڕۆحی پیرۆزی ئەوشۆڕە سوارانەی، کە بەخوێنی خۆیان لاپەرەیەکی گەشی ئەم شارەیان نوسیەوە ، وا لە خوارەوەدا ناویان تۆمار دەکرین:-

ناوی شەهیدان:

١-جەوهەر حەویز حەمکۆڵ.

٢-احمد عوسمان حوسێن.

٣-جاسم فەرحان حمد.

٤-سەعید سالح لەتیف.

٥-سوارە عومەر حمد.

٦-تۆفیق ڕەسوڵ تۆفیق.

٧-تۆفیق تەها احمد.

٨-براهیم حسن مەلا.

٩-ئاکۆ کەریم حمد.

١٠-جەنگی اسعد عبداللە.

١١-کاوە حمد لمین.

١٢-محمد عباللە امین.

١٣-میرزا فەتاح مەعروف.

١٤-ئاسۆ خالید.

١٥-کامەران حوسێن سەبوح.

سلاو لە هەموو گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان

نیگایەك بەسەر مێژووی سینەما لە کۆیە

دمێکە سینەما لە وولآتە پێشکەوتووەکاندا بووە بە هونەرێکی زیندوو ، وێرای ئەوە فاکتەرێکی گرینگیشە بە ئاراستەی پێکەوە ژیان‌و ئاشنابوون بە کەلتورو ڕۆشنبیری و داب و نەریتی گەلان‌و لەم رۆژگارەدا پیشەسازی سینەما سەرچاوەیەکە بۆ بەدەستهێنانی داهاتێکی گەورەی ئابووری‌و سیاسی‌و گەشتیاری، بۆ نموونە (کۆمپانیای والّت دیزنی)، کە کۆمپانیایەکی مەزنی بواری راگەیاندن‌و بەرهەمهێنانی فیلمە لە ئەمەریکا داهاتی سالآنەی ئەو کۆمپانیایە خۆی لە(٣٥)ملیار دۆلار دەدات.

لەروانگەی سەرەوە گەلان‌و وولآتانی پێشکەوتوی دونیا هەموو سالّێك ڤیستیڤالّی سینەمایی سازدەکەن، وەکو ڤیستیڤالّە سینەماییەکانی(گولّدن گلّۆپ)و (ڤینیسیا)و (قاهیرە)و دەیان ڤیستیڤالّی تر.. سەرهەلّدانی هونەری حەوتەم وەکو ڕووێکی گەشتیاری و ژیاری مرۆڤایەتی لە سەرەتای سەدەی ڕابردوەوە سیماکانی بەدەرکەوت لەگەلّ بلآو بونەوەو گەشەکردنیدا ، هێدی هێدی کاریگەری لەسەر کوردستان دیاریدایە، بۆ ئاگاداربوون و بە دەستهێنانی زانیاری لەمەڕ

پەیدابوونی سینەما لە کۆیە دەبێ نیو سەدە بگەڕێتەوە دواوە بەم شێوەیەی خوارەوە:-

قۆناخی یەکەم:- لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا واتە لە ساڵانی(١٩٥١-١٩٥٣) دەست پێدەکات ،ئەوکاتەی وزەی کارەبا نەگەیشتبوە کۆیە، ئەودەم بەشی هەواڵگەری سوپای بەریتانی و ئەمەریکی سینەمایەکی گەڕۆکیان بۆ ئامانجی پڕوپاگەندە کردن دژی ڕژێمی کۆمەنیستی دامەزراند، سینەماکە فیلمی هەمەجۆرو شەڕو شۆڕو ململانێ و پاك و خاوێنی خۆپاراستن لە نەخۆشیەکانی نمایش دەکرد.

سینەماکە لە سەنتەری شار بوو لەتەك کۆتەڵەکەی حاجی قادری نەمر، کە ئەو دەم هێشتا دانەمەزرابوو ،شاشەکەی بریتی بوو لە پارچە قوماشێکی خامی سپی ٢بە ٢/٥م بە ڕوکاری پێشەوە سەرای کۆیەوە بوو، پیشاندانی فیلم تەنیا لە کاتی شەودا بوو، خەڵك بە چوار مەشقی یاخود بەسەر پێیانەوە سەیری ڕووداوی فیلمەکانیان دەکرد، ئەوکات چوون بۆ سینەما بە خۆرایی بوو،بزوتنەوەی چەپ لەو سەردەمەدا ڕۆڵی سەرەکیان دەبینی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی شارەکەدا ، هەڵبەتە ململانێی توند لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلآت هەبوو، بۆیە شیوعیەکان لە شەوێکدا نارنجۆکێکی (مۆلۆتۆف) یان

هەڵدایەوە ناو ئەو خەڵکە.. خۆشبەختانە هیچ زیانێکی نەبوو، بەڵام بەهۆی دەنگی بەرزی تەقینەوەکە کەس نەبووە برای کەس نەبوو.. هەر یەکێك لە ویستی خۆ دەربازکردندا ەبوو.. ژمارەیەك لەو خەڵکە کەوتنە ناو ئەو قوڵتەوە، کەبە ئاراستەی شەقامی سەرا بۆ ئاوەڕۆ هەڵکەندرابوو،کەپڕ لەقیڕی تووەبوو ئیتر ئەو نارنجۆکە بووە دوابزماری سەر تابووتی لە ساڵی ١٩٥٨.

قۆناخی دوەم :- یەکەمین هەوڵی خۆماڵی بۆ دانانی سینەما لەم شارە لەلایەن(حەوێزی مام یەحیا) لە ساڵی ١٩٦٧ دا بوو، سینماکانی لە (گۆرەپانی ئامێرەکانی شارەوانی) دانا، ڕیکلام و پڕوپاکەندە بۆ فیلمەکان کاك (عەزیز سەربەست)و (حمە بەگرەن) پێی هەڵدەستان، چەند دیمەنێکی فیلمەکەیان لەسەر بۆردێکی گەورە دادەناو بە شەقامی سەرەکی شار دەیانگێڕا ،نرخی بیتاقە(تکت)ی چوونە ژوورەوە بە (٦٠) فلس بوو، شوێنە تایبەتیەکانیش(لۆج) بە (٧٥٠) فلس بوو، ئەفسوس دەستی ئاژاوە لە کاتژمێر ٩/٥ی شەو نارنجۆکیان هەڵدایە ناو سینەماکەوە، کە بووە هۆی بریندار بوونی چەند کەسێك لەوانە:- نوری حەمە کەریم و دلێری وەستا محمەدی دارتاش و چەند کەسێکی تر ، ئەم ڕووداوە بوە هۆی مردنی خاوەن سینەماکە ،بە وەش ئەم هەوڵەیان لە ناو برد، بەڵام

کاك(عەلی ڕابیە رەش) خاوەنی ستۆدیۆی چنارۆك ئامێرو کەل‌و پەلەکانی سینەماکەی کڕیەوەو شوێنەکەی بووبە گازینۆکەی سەعید مەلا ئەحمەد، کە ئیستا پێشانگای ئۆتۆمبیلەو کەوتۆتە بەرامبەر قایمقامی کۆیە، ئەوەی مایەی تێرامانە لەو بارودۆخە نا جێگیرەی ئەوسای ساڵی ١٩٦٨دا دەیان خێزان دەچوونە سینەما، ئەو فیلمانەی، کە لەوێ نیشان دەدران زۆربەیان فیلمی هیندیو میسریو ئینگلیزی بوون، یاخود تەڕەزانو هەرقلو ئەمیر ئەرسەلان بوون، مەخابن ئەو هەولانە ئەگەر چی سەرەتای بوون، بەلاّم بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار نوشستیان هێنا، لەوانە نائارامی ڕوشی سیاسیو هەژاری و نەداری خەڵك و ڕۆڵی کۆنە پەرست و ئاژاوەگێران ، هەموو ئەو فاکتەرانە ڕۆڵیان گێرا ، لەوەی کە سینەما لەم شارە نەش و نما نەکات و پێش نەکەوێ ، بەڵکو لەناویش بچێ.

نەخشەی ڕێگا

پێشەکی:-

زۆر لە کۆنەوە مرۆڤ بایەخی بەڕێگاو بان داوە، لەگەڵ پێشکەوتنو بلاّوبونەوەی ئاژەڵداریو کشتوکاڵو پیشەسازی ئەوەندەی تر ڕێگاوبان بووە جێی بایەخی مرۆڤ لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی ئەورووپادا، گەلانی ولاّتانی ئەورووپا

لێبڕاونەتر بەدوای بازاڕدا دەگەران بۆبە دەستهێنانی هێزی کاری هەرزان و بازاری نوێ و کەرەستەی خاوی زیاتر دەوڵەتی عێراقی نوێ کە لە ساڵی(١٩٢١) بەشێوەیەکی ناسروشتی لە دایك بوو، کەم تا زۆر بایەخی بەراکێشانی تۆڕی ڕێگاوبان دا، بەلآم لە کوردستان لە گۆشە نیگای سەربازیو شۆڤێنیەتەوە ڕێگاوبانی ئەنجام دەدا،ڕێگەی ستراتیژی(هاملتۆن) کە پاشان هەر بەناوی ئەو ئەفسەرە ئینگلیزەوە ناوبانگی دەرکرد، کە نەخشەو پلان داڕێژەری ڕێگاکە بوو.

ڕێگەی کۆیە- بێستانەش کەلە نیوەی دووەمی چرخی رابردوو جێبەجێ کرا، لە ڕێگا سەرەکیەکانی کوردستان ئەژمار دەکرێت پێش ئەوەی ئەم ڕێگایە دروست بکرێت، دانیشتوانی شاری کۆیە بە پیادەو کەرو بار هاتوچۆی ئەودیویان دەکرد، ئاشکرایە زنجیرەچیای هەیبە سوڵتان بەربەستێکی سروشتی سەخت بووە، لە بەردەم ڕێبوارو کاروانچیە کاندا، بۆیە مرۆڤ لەچەند خاڵێکەوە توانیویەتی ئەو چیایە ببڕێت، کەئەمانە بوون:-

١-ڕێگای گڵەڕەش – چناڕۆك مەلایان.

٢-ڕێگەی کافرۆشیان – چناڕۆك بڵباسان.

٣-دەرکی خۆشناوان – گەرووی میرسەید.

٤-ڕێگەی حەمامۆك – گەروی حاجیلان.

ڕۆژگارێـك كۆیـە شارۆچـكەیەكی بـچووك بـووە، بـەهۆی خراپیو سەختی ڕێگاكانیەوە، بەتایبەت لەوەرزی بەفربارینداو، هاتوچـۆی نێـوان كۆیـەو دەوروبەرەكـەی ئەسـتەم دەبـوو، لەبەرئـەوە هـەر مـاڵێكی ئـەم شـارە لانیكـەم ئـاژەڵێكی سـواری هـەبووە، سـەرەڕای ئـەوەی(گـڵ)..یـاخود(داروباریـان) پێدەگواسـتەوە، هەركەسـێك لەوزەمانـە جوتێـك هێـستری هەبوایە، ئەوا بە پیاوێكی دەوڵەمەند دەژمێردرا، بازرگانەكان بەتایبـەتی ئەوانـەی قـەتارو كاروانیـان ڕەوانـەی تـەق تـەقو دەشـتی هـەولێرو پـشدەر دەكـرد، هـەردەم ژمارەیـەك ولاغـی باریـان هـەبوو، چـونكە بازرگـانی لـەو زەمانـەدا تـەنها بـەولاغ ئەنجام دەدرا.

ڕێگەی ژیان:

گومـانی تێـدا نیـە دروسـتكردنی ڕێگـەی كۆیـە – بێـستانە تاڕادەیەكی باش شاری كۆیەی بوژاندەوە لەو ڕۆژگارەدا كۆیـە شارۆژكەیەكی هـەژارو كـەم دەرامـەت بوو، لـەماوەی ئـەو پێـنج ساڵەی ئیشكردن لـەو پرۆژەیـەدا، گـوزەرانی سـەدان خێـزان بوژایـەوە..لەمـەودای دوریـشدا چـالاكیو جموجـۆڵێكی بازرگانیو كشتوكاڵی شارەكەی گرتەوە، پێدەچێت هاولاتیانی كۆیە بایەخو پێویستی ئـەم ڕێگەیـەان لـە بەرچاو بووبیٚ، بۆیـە چـەندین داواكاریـان پێـشكەش كـرد، تـا ڕێزامەنـدی لـە سـەر

وەرگیرا، بەتایبەتی ئەوکاتەی خولێخۆشبوو مامۆستا(مسعود محمد) کە ئەو وەختە نوێنەری کۆیە بوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو پێشنیازەی خستە بەردەم (نوری سەعید)ی سەرەك وەزیرانی ئەوسای عێراق، ئەویش پێشنیازەکەی پەسەندکردو وەزیری ئیشغال و ئیسکانی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە ڕاسپارد.. پرۆژەکە لەساڵی(١٩٥٣) دەستپێکردو لە ساڵی(١٩٥٧) کۆتای پێهات، بەدرێژای ئەو پێنج ساڵە جگە لەوەرزی زستان، کەئەودەم زستان زۆر سارد بوو بەهۆی بەفرو بەستەڵەکەوە بواری ئیشکردن نەدەما وەکی تر بێ پسانەوە ڕۆژانە نزیکەی (٦٠٠) شەش سەد کرێکارو وەستا کاریان لە سەر کردووە.. بەشی هەرە زۆری کرێکارەکان دانیشتوی کۆیە بوون، ئەوانەی دیکە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری کۆیە بوون، تەنانەت ژمارەیك لەو کرێکارانە لە دەشتی هەولێرەوە هاتبوون.. وێستگەی سەرەتای پرۆژەکە لە گەراجی کۆنەوە دەستی پێکرد.. کە ئەودەم قەسابخانە بوو، لە سێ ڕیانی بێستانە –دوکان– پشدەر تەواو بوو.. ئەوسا (هادی چاوەشلی) قائیمقامی کۆیە بوو، مرۆڤێکی فرە رۆشنبیرو خزمەتگوزار بوو، ڕۆڵی بەرچاوی لە تەواوکردنی پرۆژەکەدا بینی ،بەشی هەرە زۆری ئەو ڕێگا دوورو دژوارە بە هێزی بازوو عارەقەی کرێکاران جێبەجێ کراوە،

بەبەکارهێنانی بێڵو دوودەو تۆخماخو عەرەبانەی دەستیەوە.. کرێی ڕۆژانەی هەر کرێکارێك تەنها(٥) درهەم بوو، کە ئەو بڕە پارەیە لەو سەردەمەدا ئەرزشی زۆر بوو، ئەوانەی کاری قورسیان ئەنجام دەدا، ڕۆژانەیان(٧) حەوت درهەم بوو، دوای دەست لە کارهەڵگرتن کرێکارانی کۆیە دەگەرانەوە ناومالو حالی خۆیانو ئەوانەی لە گوندەکانەوە هاتبوون، لە شوێنی کارەکە دەمانەوە. مەسرەفی خواردنو هاتووچۆ لەسەر خۆیان بوو، خواردنەکەشیان لە نانو تەماتەو پیاز پێکهاتبوو، ڕۆژانەلە(٣٠٠) جێگا کرێکارکاریان دەکرد.. جگەلە کرێکاران چەند دەستەیەکی تر هەبوون:-

١-موراقیبەکان (چاودێرەکان): فەتاح برین پێچ، سالحی کەریمە گۆج، ڕەشیدە فەندی، حەمە عەلی مەلاسالح.

٢-شوفێرەکان: مستفای محمەد مەروان، عەلی بەگ، تاهیری حاجی بەگ، عوسمانی مام عەولا، سمکۆی مام برایم.

٣- سەقاکان قادرئاغای دوکاندار(ئێستا لەژیاندا ماوە)، ڕۆژانە بەسێ گوێدرێژ بەردەوام ئاوی لە چنارۆکەوە دەهێنایە سەر شوێنی کارکردن لەگەڵ عەبدە ئاغای باوکی شێردل حەوێزی، زاهیر مام تایەر، مستەفا ئەحمەد.

چەند ڕوداوێکی ڕۆژانە

- حەمەی سایبر کە زۆربەمان ناوەکەیمان لەلا نامۆ نیە ، ئەو یەکێك بوو لەپیاوانی ڕژێمی ئەوسا لە کەمینی پێشمەرگەکان کوژرا، ناوبراو یەکێك بوو لە چاودێرەکان، بەهۆی هەڵسوکەوتی نالەبارو قسەی ناشیرینەوە لەگەڵ تاقمێك کرێکار ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، کرێکارەکان دارکاری دەکەن‌و تێروپڕی لێدەدەن .
- ڕۆژێك لە گەرمەی کارکردندا (عوسمانی مام عەولاّ) بە سەیارەی پرلەکرێکارەوە بەرەو ژوور هەڵدەکشێ، کرێکارانی سەرەوە ئاگایان لەوەنیە سەیارەیەك لە خوارەوە بەرەو سەرەوە دێت لەو ئان‌و ساتەدا بەردێکی گەورە غلۆر دەکەنەوە بەردەکە ڕاستەو ڕاست دەکەوێتە سەر بۆنیتی سەیارەکەو پانی دەکاتەوە ، بەلاّم خۆشبەختانە کەس زیانی پێ ناگات.
- عەبدوڵلاّ ڕەشید.
- فەتاحی برین پێچ.
- قادر ئاغا.

هەڵوەستەیەك لەگەڵ ڕۆژنامەگەری كوردی

لــەم ســەردەمەدا بــۆ هــەموو كەســێك ئاشــكرا بــووە، كــە ڕۆژنامە(دەسەلاتی چوارەم) نەخشێكی مەزن دەگێرێ لە بەرەو پــێش بــردن و گەشــەپێدانی شارســتانیەت و هۆشــیاكردنەوەی مــرۆڤ، چــونكە ڕاســتەوەخۆ دەربــڕی هەســت و خواســتەكانی گەلــەو بە درێــژایی ڕۆژگــاریش ڕۆڵــی كاریگــەری هــەبووە، لە ئاراستەكردن و هۆشیاركردنەوەی مرۆڤ و ڕونكردنەوەی ڕێبازی ژیــانی خــەڵك بــەرەو ئایندەیــەكی ڕوونــاك.. ڕۆژنامەگــەریش سـەبارەت بـەو ئـەرك و فەرمانـە گرنگانـەی لـە مەیدانـە جـۆراو جـۆراو جۆرەكـانی چـالاكی كۆمەلایـەتی و سیاسـی و ئابوریـدا دەیگێرێت هەمیشە جێی بایەخ و ئاوردانەوەی ڕژێمە سیاسی و حزبیــەكان بــووە.. بزوتنــەوەی ڕۆژنامەگــەری كــوردی لــەو ڕۆژەوەی حەزرەتی(میقداد مەتحەت بەدرخان) بناغەكەی دانا، تاكو ئەمڕۆ بە پێی تواناو دەرفەت و دەسەلاتی خۆی خزمەتی بەرچـاوی گەیاندۆتــە بزوتنــەوەی ئــازادیخوازی گەلەمــەمان، تەكانیــشی بــە كــاروانی پێــشكەوتن و هۆشــیاركردنەوەی كۆمەلایــەتی خــەڵكی كوردســتان داوە.. پــێش ڕاپــەڕین ڕۆژنامەگـەری كـوردی سـەرەڕای ئـەو ئاسـتەنگ و گرفتانـەی

کەرووبەڕووی دەبۆتەوە لەگەڵ دامودەزگاکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەململانێی توندی بەردەوام دابوو لەسەر دوو ئاستدا:-

یەکەم: گەیاندن و جێ بەجێ کردنی پەیامە نەتەوەیی و نیشتمانیەکەی و بەرجەستەکردنی ئامانجەکانی گەل، بەرەو ئایندەیەکی گەش.

دووەم: هێنانەکایەی ئاستێکی بەرز لە کاری ڕۆژنامەگەری بە پێشخستنی لە بوارەکانی تەکنیك و چاپەمەنیدا، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە خەباتی بێوچان دابوو لەگەڵ داگیرکەران و بەکرێگیراوانی کوردستان. هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی داپڵۆسین و دەست بەسەرگرتن بۆتەوە، تاکو ئەمڕۆ دەیان ڕۆژنامەی حیزبی و غەیرە حیزبی دەرچوون. کەڕۆڵی گەورەیان لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خەڵکی کوردستان بینیوە. ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بەپێی بەرژەوەندیە سیاسی و چینایەتیەکانیان، هەمیشە بەرەنگاری ئەو ڕۆژنامانە بوونەتەوە، کە هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەییان هەبووە لەمەڕ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان، نکوڵی لەوە ناکرێت کەرۆژنامەگەری حیزبی ڕەنگدانەوەی ڕێبازو بیری ئەوحیزبانە بوو کە خاوەنی ڕۆژنامەکەبوون بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین روخسارو

سیمادیارەکانی رۆژنامەگەری حیزبی بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:-

١-ئەو رۆژنامانە بەشێکی گەورەی ئەرکی خەباتی نیشتمانیان بەرکەوتووە، بەحوکمی ئەوەی لە چاوی سانسۆری دەسەڵاتداران دوور بوون.

٢- هەروەکو چۆن ئەو ڕۆژنامانە سەرچاوەی سەرەکی مێژووی بزافی سیاسی بوون، بەهەمان شێوە تۆمارێکی ڕاست و دروستی قۆناغەکانی ڕووداوە جۆراو جۆرەکانی کوردستانیش بوون.

٣- ڕۆژنامە گەری کوردی ڕۆڵی سەرەکی لە هۆشیارکردنەوەو قوڵکردنەوەی بیر نەتەوەی و چینایەتی لە ناو جەماوەری گەلەکەماندا بینیوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، ڕۆژنامەگەری حیزبی سەردەمی خەباتی نهێنی لاپەرەیەکی پرشنگدار بوو، لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی

مەسیحیەکانی کۆیە

مێژوویێك لە پێکەوە ژیان و قوربانیدان

ئاینی مەسیحی وەکو هەر ئاینێکی ئاسمانیتر بۆ ئاشتی و خێرو خۆشی مرۆڤایەتی هاتۆتە کایەوە. حەزرەتی مەسیح لەجیاتی مەنتقیی تۆڵەو رق وڕقین، بیری لێبوردەیی و تەبایی لەسەر زەوی بڵاوکردەوە.. خاکی فەڵەستین شوێنی پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی زۆربەی ئاینەکانی، بەو پێیەی کوردستانیش لە ڕووی جوگرافیەوە لەو وڵاتەوە نزیکە، بۆیە زوویا خود درەنگ تیشکی ئەو ئاینە گەیشتۆتە کوردستان.

گەیشتنی ئاینی مەسیحی بۆ هەرمۆتەو کۆیە

بەپێی دەستنووسی(مەشیخا زیخا) کە لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەم بڵاوکراوەتەوە، ئاینی مەسیحی بۆ یەکەم جار لە کوردستان لە ناوچەی(حدیاب) هەولێر بڵاوبۆتەوە.. هەر لەبارەی بڵاوبونەوەی مەسیحیەتەوە لە کوردستان، مامۆستا(حنا ئەنتوان) دەڵێ: ئاشکرایە مەسیحیەت لە ئۆرشەلیمەوە بەرەو شاری ئەنتاکیە، لە ئەنتاکیەش گەیشتۆتە

ئۆرفە، ئینجا دیار بەکرو پاشان گەیشتۆتە ناوچەی حدیاب‌و گەرمیان.

لە ساڵی (٢٥)ی زایینی((ماری)) کە پاتریارکی کەنیسەی ڕۆژهەڵات بوو، لەگەڵ چەند دەست‌و پەیوەندێکی خۆیدا، پەیامی مەسیحیان گەیاندە هەرمۆتە هەر سەبارەت بە بڵاوبونەوەی مەسیحیەت لە کۆیەو هەرمۆتە بیرو بۆچونێکی تر هەیە، کە دەڵێن (ژمارەیەك لە خەڵکی زەردەشتی ڕوویان لە((بیت لحم))کرد، کە زێدی حەزرەتی عیسایە لە فەلەستین،لەوێ بەدیداری حەزرەتی مەسیح شادبوون‌و بڕوایان پێهێنا، ئیتر لەو ڕۆژەوە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم ئاینە نوێ یە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکانی عیلام و مادو جزیرە چوونەتەئۆرشەلیم. بە پێی ئەو ئاسەوارو کەلاوەو گۆرستانانەی لە نێوان تۆبزاواو هەرمۆتە هەن، ئەوە دەردەخەن کەهەرمۆتە لە سەردەمی زوو شار بووە.. دەربارەی بڵاوبونەوەی ئاینی مەسیحی لە کۆیەدا هەندێك کەس لەو بڕوایە دان، کە بۆ(٢٠٠) تا(٣٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، واتە لە سەردەمی حوکمڕانی میرەکانی ڕەواندز، چونکە لەو ڕۆژگارەدا زۆربەی خێزانە مەسیحیەکانی ناوچەی (ڕواندزو هیران و نازەنین و خۆران) لە ترسی زەبرو زەنگی (پاشا کۆرە) ئەو شوێنانەیان بە جێهێشت و هاتنە کۆیەو هەرگۆتە.

کاتێك مێژوو دەدوێ

بە درێژایی ئەو ساڵانە دیانەکان بە ئاشتی و تەبایی لەسەر ئەم خاکە ژیاون، پارێزگاریان لە داب و نەریت و کەلتوری خۆیان کردووە، بەڵام لە سەرەتای فتوحاتی ئیسلام و هەندێ جومگەی مێژوویی دیکە ڕووبەڕووی ئازارو دەربەدەری بوونەتەوە، کاتێك هێزەکانی ئیسلام بەرەو هەرمۆتە پێشڕەوی دەکەن، کە لەو سەردەمەدا مەڵبەندێکی گەورەی دیانەکان بوو، واتا شەڕ لەدەرگای هەرمۆتە دەدا.. بەهۆی ئەوەی دیانەکان پێداگری لەسەر ئاینی خۆیان دەکەن شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوولا هەڵدەگیرسێ و لە ئەنجامدا جەستەی سێ هەزار مرۆڤ لەم ناوە دا دەکەوێ و حەوت سەد کەسیش وەکو دیل دەکەونە بەردەست سوپای داگیرکەر، پاشان هەرهەموویان تیرباران دەکرێن..! لێرەدا پارچە شیعرێکی (مەلا ڕەئوف حەوێزی) دەخەینەڕوو، کە تیایدا وەسفی شەڕی (هەرمۆتە) دەگێڕێتەوە:-

لەولاش کوردەکان زۆر بە تەدارەك

هاتنە ڕووبەڕووی یارانی دڵپاك

سەحابان دەستیان کرد بە هەڵمەت بردن

لەملاو لەولا بوو بەتالآن کردن
لەناو ئەو دێ یە دەنگ بەرز بۆوە
عالەمێکی زۆر خێرا کۆبۆوە
پاش شەڕێکی زۆر تیپی ئەرمەنیان
زۆریان شەهید کرد لە سوپای ئەسحابان
تالآنەکەیان هەموو ستاندەوە
لەولاش عەبدوڵلاَ بەتاك مایەوە
دوای جوهدێکی زۆر مەردی ئیخلاس
جا شەهیدیان کرد کوردی خوانەناس... هەتا کۆتای شیعرەکە

پەیرەوکردنی سیاسی ڕەگەزپەرستی ئاینی و سەرهەڵدانی کێشە سیاسیەکانی نێوان فارس و تورك و عەرەب و کورتبینی سیاسەتی(پاشا کۆرە)، کە هەر بە تەنها مەسیحیەکانی نەکردە ئاردی ناو درِك، بەڵکو زۆر بەتوندی پەلاماری میرنشینی(داسنی ئێزیدی) داو لە ماوەیەکی کورتدا لە ڕەگ و ڕیشە هەڵیکێشان.

مەسیحیە کوردەکانی کۆیەو هەرمۆتە

ئاینی مەسیحی بە گرتنەبەری ڕێگەی ئاشتی و قەناعەت پێهێناوە، لەناو گەل و ناوچەی جیا جیا بڵاوبۆتەوە، وەکو ساسانیەکان و میدیەکان و عیلامیەکان و عەرەبەکان و هتد... بۆیە دەبینین هەروەکو چۆن عەرەبی مەسیحی و ئەڵمانی مەسیحی و فەرەنسی مەسیحی بەرازیلی هەیە، بەهەمان شێوە کوردی مەسیحیش هەیە، کوردە مەسیحیەکان خەڵکی ڕەسەنی ئەم نیشتمانەن، ئەوان لە وڵاتێکی دیکەوە نەهاتوون، بەڵکو ڕۆڵەی ئەم خاکەن.

زانای بەناوبانگ(محەمەد ئەمین زەکی بەگ)پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کەمەسیحی و جولەکەکانی کوردستان بە نەژاد کوردن، هەروەها (پ.لیرخ) بەپشت بەستن بە ماتریالی ئەنسرۆپۆلۆجی، مەسیحیەکانی کوردستان بەکورد دادەنێ بەڵام پەیرەوکردنی سیاسەتی جیاوازی ئاینی و شۆڤێنی، کوشت و کوشتارو دەربەدەری لێکەوتەوە، ئەو سیاسەتە مەسیحیەکانی دوچاری گۆشەگیری و دووره پەرێزی کرد، کە لە ئەنجامدا هەستی ئاینی ئەوانی بەرامبەر هەستی نەتەوەیی بە هێزتر کرد، لە کەش و هەوای ئاشتی و لێبوردەی، هەر لە

کۆنـەوە ڕۆڵـەکانی ئـەم شـارە بـە تـەبایی و دوور لـە گیـانی ڕەگەزپەرستی و توندڕەوی ئاینی پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن. مەسـیحیەکانی کۆیـەو هەرمۆتـە هەمیـشە خـەڵکی نیـشتمانپەروەرو بـە ئەمـەك بوون،لـە سـەرژمێریەکانی ساڵی(١٩٨٧) دا ڕژێمـی بـەعس دەیویـست هـەموو دیانـەکان بـە(قومیـە عربیـە) نـاونووس بکـات، بـەڵام ئـەوان نەچـونە ژێـر فـشارو زۆری بەعـسیەکان، بۆیـە بەشـێکیان بـەکورد، بەشێکیشیان بە کلدلن لە قەڵەمدا.. لەناو دیانـەکانی کۆیـەو هەرمۆتـە، چـەند خێزانێکـی ناسـراو دەرکـەوتوون، وەکـو بنەماڵـەی(خواجە ئـەبڕەهاو خواجە مـەڕبێن قەشـەو بنەماڵـەی خواجە فەڕەنسی و مام بوتریس و سەلمانە سوورو بنەماڵەی قەشان و شمـونی پـەری و خواجـە یەڵـدەی بـاوکی سـێوەی هونەرمەندی مەزن)، دیانەکان ژمارەیەك بۆنـەو جەژنی تایبـەت بـەخۆیان هەیـە، کـە لـەم سـەردەمەی دەسـەڵاتی کوردیـدا بـەو پەڕی ئازادی مومارەسەی دەکەن، لەوانە:-

١-جەژنی لەدایك بوونی حەزرەتی مەسیح.

٢-جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح.

٣-جەژنی سەڵیب، کە بە جەژنی شەڕە ئاو ناسراوە.

٤-جـەژنی دۆزینـەوەی ئـەو سـەڵیبەی حـەزرەتی مەسـیحی پیێ لە خاچدرا.

پلەو پایە ئاینیەکان لە کەنیسەی ڕۆژهەلأت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

قارویا - هوەیدیە قینە - شەمالشە.

قاشە - کور ئەدیسۆنە - ئەرکەن دیەعقون.

ئەپسوقیا - مەتروپولیتا - پاتریکا.

ئەمانەی خوارەوە ناوی ژمارەیەك لە قەشە ناسراوەکانی کۆیەن:-

١- قەشە گورگیس.

٢- قەشە مەتی.

٣- قەشە سلێمانە شیغۆ.

٤- قەشە ئیلیا.

٥- قەشە پۆلیس عەبدۆکە.

٦- قەشە وەحید.

مەلا ئەسعەد بولبولی باڵشکاو

دەستپێك:

لە گەڵ پیەدابونیەوە تا ئەمڕۆ گەلی کورد خاوەنی هونەری گۆرانی و ئاوازی خۆی بووە، ئەم هونەرەش بەپێی ڕۆژگارو قۆناغ، زۆربەی جاران لە بازنەی سەرخانی ژیانی ئابووری دەستەو چینە سەردەستەکانی کۆمەڵگە سوڕاوەتەوە، ئاوازو گۆرانی لە کۆیە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵگەو دەنگدانەوەی ئاوازو سروشتی نێوجەرگەی خاکە داگیرکراوەکەی کوردستان بووەوبەشێکی بنەڕەتی خوو ڕەوشتی ڕەسەنی کوردی لەم شارەپێکهێناوە.. هەر کەسێکیش بە جوانی و بەوردی لە هونەری مەقامبێژو هونەرمەندانی کۆیەی کۆڵبێتەوە، هەنگێنێ بۆی دەرکەوتووە چۆن ئەو هونەرمەندانە چوونەتە قولایی خەم و خۆشیەکانی کۆمەڵی کوردەواری و هەر لە کۆنەوەش ئەو هونەرەیان بە سەلیقەو زەوقی خەڵك گوتووە.. کە سەرەنجەکانیشلنمان قوڵترو نیگاکانمان وردتر دەکەینەوە، دەگەینە ئەنجامێك کە هەڵکەوتە جوگرافیەکەی و شوێنە دڵگیرو ڕازاوەکەی لەلایەك، لەلایەکی ترەوە سەختی هاتوچۆی نێوان کۆیەو دەوروبەرەکەی بەهۆی نەبوونی جادەی هاوچەرخ بەتایەتی لە وەرزی زستاندا.. وایان کردووە، کە هونەری

مەقامو گۆرانی ئەم ناوچەیە لەم سنورە خول بداتەوە، واتە هونەرێکی ناوچەییەو خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و جیاوازە لەگەڵ تامو بۆی هونەری بەشەکانی کوردستان.. وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا، هونەری گۆرانی و مەقامات لە ڕۆژگارێکی زووەوە لەم شارە بەدەرکەوتووە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسانە پەڕتوکەکەی(خدر کوڕی عمر کویسنجەقلی) یە بەناوی (الازکار للامام النواوی)کە لە ساڵی ١٣٧٤زاینی، هەموومان دەزانین موزیك لە ژینگەیەکدا سەرهەڵدەدا، کە لەڕووی شارستانیەتەوە هەنگاوی باشی نابێ.. کۆیەش عەیامێکە گەشەکردنێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەوە، واتە ئەم ژینگە لەبارە بووە کە هونەر تێیدا نەشونمای کردووە..! بە تایبەتی لە ڕۆژگاری(ئەمین ئاغای ئەختەر) کە مرۆڤێکی شاعیرو هونەرمەندو کەسایەتیەکی هەڵکەوتووی کۆیە بوو. ئاوازی بۆ شیعرەکانی خۆیو کەسانی دیکەش داناوە.

ڕۆژگاری گەنجایەتی

مەلا ئەسعەد لە هەرەتی گەنجایەتیدا بەهرەی هونەری لێدەرکەوتووە، بەتایبەتی لە مەقامەکانی پێنج گاو چوار گاو خورشیدیو حیجازو سەباو بەیات و نەواو حەکیمی، بەو هۆیەوە زۆربەی گەنجانی ئەو سەردەمەی کۆیە لاسایی ئەویان دەکردەوەو کەوتنە ژێر کاریگەری ئەوەوە بەتایبەتی هونەرمەندان:-

تایەر تۆفیقو حمدامین عباسو وەستا باقی حەلاقو مەلا ئەحمەدەکۆرە.. بە شێوەیەکی دی دەتوانین بڵێین ئەو هونەرمەندانە لە قوتابخانە هونەریەکەی مەلا ئەسعەد پێگەیشتوون، شایانی نوسینە مەلا ئەسعەد لە سەرەتاوە سترانی ئاینیو تەواشیحو مەولودی پێغەمبەری خوێندۆتەوەو لە بۆنە ئاینیەکاندا لە گەڵ مەلاو فەقێکان، ئەگەر چی مەلائەسعەد لە خوێندنی ئاینیدا پلەیەکی بەرزی بەدەست نەهێناوە، بەڵام لە بەرخاتری مەلاقادری سابڵاغی باوکی، ناوی مەلایان بەسەردا سەپاند، مەلائەسعەد سوودی لە مەقامەکۆنەکان وەرگرتووە، لە ڕۆژانی هەرزەکاری لە کۆری مەولود خوێندندا فێریان ببوو، هەروەها لە کاتی لاوێتیدا

لەگەڵ هاوڕێکانی وەك، سمایله خڕەو ڕەفیقه چارچاو حمدامین کەبابـچیو حمـدامین عبـاس لـە نێـو باغـەکانی حـەماموٚك وئاشانو ئوٚمەر خوچان و تاتوکان و تەمتەمان کە لە بەهارانو هاوینـان دەبوونـە سـەیرانگەو ڕوٚژیـان لێ بەسـەر دەبـرد. لـە و سەردەمەدا لە کوٚیە دوو ڕێچکەی مەقام گوتن هەبوو:-

ڕێچکەی یەکەم: فوٚلکلوٚری بوو، شوٚرە سوارانی ئەم ڕەوتە(حەنیل و سێوە) بوون، کە میراتگری ئاوازو مەقامەکانی ئەمین ئاغای ئەختەر بوون.

ڕێـچکەی دووەم: کلاسـیکی بـوو، کـە ئـاوازو شـیعرە کلاسیکیەکانی شاعیرانی کوردو فارس سەرچاوەی سـەرەکی ئـەو هونـەر مەندانـە بـوون، بەتایبـەتی (مـەلا ئەسـعەد). مـەلا ئەسعەدسالّی ١٩٥٥بەمەبەستی توٚمار کردنی چەند مـەقامێك ڕوو دەکاتـە بەغـدا، بـەلاّم مـەخابن لـەم هەوڵەیـدا سـەرکەوتوو نەبوو، بەهوٚی ئەوەی گوایە نەیتوانیوە لەگەڵ تیپی موزیکی نێزگە خوٚی بگونجێنێت.. بوٚیە لەویٚ دەڵێن بچوٚ مەشق لەگەڵ تیپی موزیك بکە، لەوەوە دڵی دەڕەنجیٚ، جارێکیتر ناچێتەوە بەغـدا. دەردی ئـەوین لـە ژیـانی مـەلا ئەسـعەدی هونەرمەنـدا، چـەندین ڕووداوی سـەیرو تراژیـدی بەخوٚیـەوە بینیـوە، لێرەدا یەکێك لەو ڕووداوە ناخوٚشانە دەخەینە بەردیدی خوێنەرانەوە، ئـەم ڕوداوە دواتـر سـەراپا ژیـانی ئـەو هونەرمەنـدە دڵ ناسـك و

دەنگ خۆشەی بە خەم و ڕەشبینی ڕەنگ ڕێژ کردووە، پاشان لە ڕێگەی دەنگە ئەفسوناویەکەیەوە بە مرواری ئەو شیعرە کلاسیکیە جوانانەو بە پلەیەکی بەرزی کەم هاوتا، بە بەستەو مەقامو ئەدای کردون.. مەلا ئەسعەد لە تەمەنی گەنجێتیدا گیرۆدەی ئەوینی کچە تورکمانێکی کەرکوکی دەبێت بەناوی (ئامینە) باوکی ئامینە کە(نەجم)ی ناوبوو، لە کۆیە پۆلیس بووەو کرێگرتەی خانوەکەی مەلا ئەسعەد بوون، وەکو باسکراوە ئامینە کیژێکی جوان و دڵڕفێن بووە ڕۆژگار دێت و دەچێت، جوانی ئەو کچە دڵی مەلا ئەسعەدی کەمەندکێش کردووە، ئیدی مەلا لەو ئیشقەدا شێتو شەیدا دەبێت.

مەلا ئەسعەدی دەنگ خۆشی لاوچاك، هەرچی شیعری تەڕو ناسك هەیە بە ئاوازی جوانو بەرز دەیکردە دیاری بۆ باڵای ئامینە خان.. مەلا ئەسعەد خزمو کەسی ڕادەسپێرێ تا بچن داخوازی ئامینە بکەن، بەڵام بەداخەوە ئوبتاشی(نەجم) دەست بەڕوویانەوە دەنێت، بەو بیانوەی کچی خۆی نادت بە چاوەش، بەڵام خۆش بەختانە دایکی کچەکە لایەنگری مەلا ئەسعەدو ئامینە دەبێت.. بۆیە لە ئەنجامدا باوکیشی ڕازی دەبیٚو مارەیان دەبڕن و دەیگوازنەوە، ئیتر باوکی کچە کۆیە بەجیٚ دەهێڵیٚ، بەڵام ئەستێرەی بەختی ئەو ئەوینە زۆر درەوشاوە نەبوو. ئەوەبوو ئامینە خان بەسەر منداڵەوە کۆچی

دوای کرد.. مردنی ئامینه مەلا ئەسعەدی خستە ناو گێژاوی خەمێکی سەخت و بێ پایانەوە، ئەوین و سۆزی ئامینە هەمیشە ئاوێنەو ئاوێزانی هونەری مەلا بوون، مەقام و بەستەکلنی مەلا لە مەودوا بۆنی غەریبی و تەنیایی و سۆزی خۆشەویستیەکی ناکامی لێدەهات، یادی ڕۆژانی خۆشیی و وەکو خەوێکی کورت خایەن، زوو هات و زوو چوو، یادی ئەو ڕۆژانەی بە هەنسك و فرمێسك باران دەکردەوە، هەمیشە شیعرەکەی(ئەخۆڵ) ی شاعیری بە ئاوازێکی غەمگین و مەقامی هیجران دەگوت:

شەرتە تاڕۆژی حەشر،خولیای من بی چاوی یار
وێڵی سەحرابم هەمیشە تەرك بکەم خۆشی و دیار
شەرتە وەك مەجنونی بێکەس، دەشت وکێو بێ مەسکەنم
تا بەداخی لەیلەوە دەمنێنە قەبری تەنگ و تار

یاخود شیعرەکەی وەفایی دەگوت، کە بۆن کڕوزی لە دڵ و دەروون هەڵدەستاند:

لە باخان ئاهو ناڵێن دێ دەڵێن شای نێو گولان ڕۆی
لە مەیخانان سەدان شین دێ دەڵێن پیری موغان ڕۆیی

لە دوای مردنی ئامینە، مەلا تا دەمرێت لە غوربەتا بە تەنهایی دەمێنێتەوە چاوی بەو شوێنە هەڵنایێ، کە ئازیزەکەی تێدا نێژراوە..! سەری خۆی هەڵدەگرێو ڕوودەکاتە کوردستانی ئێران، لە وێش ئۆقرە ناگرێو دەگەڕێتەوە سلێمانی و لەوێ ژن دێنێ، پاشان دەگەڕێتەوە کۆیە. مەلا ئەسعەدی نەمر دەیان بەستەی خۆش و مەقامی ڕەسەنی هەیە، کە بەبەشێکی بەرزی هونەری کوردی ئەژمار دەکرێت، لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا، یادگارە تاڵەکان نوشتاندیانەوەو چیتر خۆی لە بەر لێشاوی خەمو ناخۆشی نەگرت، ئەوەبو لە بەهاری ساڵی ١٩٥٨ کۆچی دوایی کردو لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا لە ئارامگەی سەید جامی بە خاك سپێردرا.

کونی کرۆژ

ئەفسانەو سەرچاوەی ژیان

کاتێك لە کۆیەوە بەسەر سنگی چیای باواجی سەرکەش هەڵدەگەڕێ و دەگەیتە ترۆپکی چیاکەو دەڕوانیتە ئەودیو لوتکەی بەرزو دۆڵی ڕەنگینو هۆبەو هەواری شوانکارەو جوانیو هێمنی ئەو گوندانەی لە ئامێزی ئەو دۆڵانەدا خەوتون سەرەنجت کەمەندکێش دەکرێ لەبەردەم گەورەوی و خۆڕاگری ئاوەگردو سەفینو بەنەباوی، کە ڕۆژگارێك مەتەرێزی پیاوە

گەورەکان بوون، سەرسام دەبی و شریتی ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی بەبیر دێتەوە.. ئینجا هێدی هێدی لەگەڵ نشێوو پێچەکانی ڕێگاکە شۆڕدەبیەوە ناو باوەشی تابلۆ قەشەنگەکانی سروشت و ڕەشماڵی مەردارەکانی بۆڵی و مەنتك و بلباسان.

کونی کرۆژ

ئەم ئەشکەوتە یاخود ئەم کونی کرۆژە، کە لەناو خەڵکی کۆیەو ناوچەکە واناسراوە، دەکەوێتە پێشەوەی زنجیرە چیای بەنەباوێ، هەزارو حەوت سەد مەتر لە رۆژئاوای گوندی کرۆژەوە دوورە، کونەکە لەوێنەی دۆڵێکە درێژەیەکەی کیلۆمەترێك زیاترە.. زارکی کونەکە دوومەتر بەرزەو پانیەکەشی شەش مەتر دەبێت، دوای ئەوەی پێنج مەترێك دەچێتە ناو کونەکە، ئینجا کونەکە دەبێتە دوو بەشەوە، یەکێکیان تەڕو شێدارە، ئەوی تریان ووشکە، بەهۆی تاریکیەوە دەبێت چرا لەگەڵ خۆت هەڵبگری، ئەو کونەیان کە وشکە لەڕاستیدا ئەشکەوتێکە بۆخۆی چونکە درێژیەکەی بیست مەترو پانیشی پانزە مەتر دەبێت، دوای ئەوەی چەند هەنگاوێك دەچیتە پێش پانتاییەك کە دوو سەد مەتر چوارگۆشە دەبێت، لێرە بەدواوە چەند کونێکی بچووکی

لێدەبێتەوە گەر بەو کونەی دەستە ڕاستەوە بڕۆی دەبێت بە سنگە خشکێ بڕۆی، ئینجا دەگەیتە شوێنێکی فراوان ، کە چیتر بواری چوونە پێشەوەت بۆ نامێنێ، چونکە دۆڵ و گەلی دێتە بەردەمت.. هەرچی کونەکەی تریشە شێدارو تەڕە دوای پەنجا مەتر ڕۆیشتن تەسك دەبێتەوە و هەمدیسان فراوان دەبێتەوە، ئینجا دەبێتە کونێکی بچووك. لێرە بە ئاشکرا گوێ بیستی خوڕەی ئاو دەبیت پێدەچێت دەنگی ئەو ئاوەبێت، کە لە ژێرەوە دەڕوات، پاشان لە بەردەمی کونەکەدا بە قەڵبەزو هاشە هاشەوە دێتە دەرەوە.

ئاوی زۆرو بە پیت و شوێنی گەشت و گوزار

بێگومان ئەو شوێنەی ئێمە لێی دەدوێن گەر بایەخی پێبدرێت، ئەوا دەبێتە ناوچەیەکی گەشتیاری جوان.سەرەڕای ئەوە گەر تۆڕی ڕێگاوبان بۆ سەر ئەو ئاوە کانزاییە دروست بکرێت ئە وا ژمارەیەکی زۆری گەشتیار دێتە ئەو شوێنە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی پێست.. لە سەروی کونی کرۆژەوە ئاوێکی سازگارو سارد بەو دۆڵە دێتە خوارەوە، کاتێکیش لەگەڵ ئاوەکەی کرۆژ ئاوێزانی یەکتر دەبن، لە هاژەو خوڕەی دارو ئاوەکەدا سیمفۆنیایەکی سروشتی لێ بەرز دەبێتەوە، کە هەموو دار هەنارو سێوەکانی گوندی کرۆژ

دێنێته سەماوە..! ساڵە های ساڵە ئەم ئاوە بەناخی ئەو خاکە بەپیت و فەڕا ڕۆدەچیٚ ژیانو خۆشەویستو جوانی بەرهەم دێنێت.. دەڵێن لە لوتکەی بەنەباوێوە جارێك یەکێك لە شوانەکان شمشاڵەکەی لێدەکەوێتە ناو کونێکەوە، دوای چەند ساڵێك شمشاڵکەیان لەگەڵ ئاوی کرۆژ دۆزیوەتەوە، ئەم کونی کرۆژە لە ساڵە هەرە سەخنەکانی ڕۆژگاری ئاوارەیی و ئەنفال شوێنی خۆحەشاردانی سەدان خێزانی ئەو ناوچەیە بووە.

تێبینی:-

بۆ نوسینی ئەم بابەتە سوودم لە زانیاریەکانی (مام احمد و کاك ئەمیر) کەدانیشتوی گوندی کرۆژن وەرگرتوە.

(بەر لە پێشهاتەکان چۆن بینای ناخی مرۆڤی کورد دەکەینەوە)

هەرچەندە گەلی کورد یەکێکە لەگەڵە هەرە دێرینەکانی ناوچەکە، بەڵام مێژوو دەریخستووە کە هەستی نەتەوەیی و جوڵانەوە شۆڕشگێڕیەکانی زۆر کۆن نەبێت، بزوتنەوەو شۆڕشەکانیشی کە مۆرکی نەتەوەییان لە خۆ گرتووە لە ژێرکاریگەری بزوتنەوەی گەلانی دیکەی ناوچەکەو جیهان بووە،گەر لەواقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی گەلی کورد وورد ببینەوە دەردەکەوێت کە ئەم گەلە هەمیشە خاوەنی خاك و دانیشتوان بووەو لەگەڵە ڕەسەنەکانی ناوچەکەش بووە.. بەڵام بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی و خۆیەکی تاکو ئەم ڕۆژگارەیەش نەیتوانیوە حوکمڕانی گەل و خاکەکەی خۆی بکات، هەر بۆبەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دەیان شۆرش و ڕاپەڕینی دژی داگیر کەرانی کوردستان بەرپاکردووە.. جەنگی یەکەمی جیهانی﴿١٩١٤-١٩١٨﴾ ئاڵوگۆڕێکی قورسی بەسەر نەخشەی جیهان داهێنا، دەوڵەتی عوسمانی کە نزیکەی پێنج سەدساڵ دەسەڵاتی ڕەشی بەسەر دەیان گەلی ناو ئەو ئیمپڕاتۆریەتە پان و بەرینەدا سەپاندبوو،

له ئاكامی ئەو جەنگەداسنورەكان لێك ترازان و زۆربەی گەلانی ناو ئەو دەوڵەتە لێی ڕاپەرین‌و ئازادیان بەدەست هێنا.. بە هۆی ئەوەی خاكی ویلایەتەكانی بەغداو بەسرا لەو سەردەمەدا مـوژدە بەخـشی دۆزینـەوەی ڕێژەیـەكی زۆری پـەترۆل لێ چاوەروان دەكـراو بـەپێی بەرژەوەندیـە ئـابوری‌و سیاسـی‌و جیۆپۆلەتیكەكانی ئەوسای حكومەتی بەریتانیای مەزن كەلەو ڕۆژگـارەدا گـەورە زلهێـزی جیهـان بـوو و بـەو دەوڵەتـە ناسراوبوو﴿كە خۆر لەسەر خاكەكەی ئاوانابێت﴾ وە بەپێی ڕێكەوتننامە نهێنیەكەی سایكس بیكۆ لەتشرینی دووەمی ساڵی﴿١٩٢٠﴾ لەسەر خاكی نێوان دوو ڕووبارەكە بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتێكی نوێ بەناوی ﴿عێراق﴾ ڕاگەیەنرا.

بۆ ئەم مەبەستە﴿عەبدولڕەحمان ئەل ڕەقیب﴾ كە بەڕەگەز كورد بوو دیاری دەكەن بۆ پێكهێنانی یەكەم كابینەی وەزاری لە﴿٢٣﴾ی ئابی﴿١٩٢١﴾ لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا.. لە بەرئەوەی عەرەبەكان لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا لایەنگری ئینگلیز بوون لە تێكشكاندن‌و دەرپەڕاندنی هێزەكانی عوسمانی، بۆیە دوای كۆتایی هاتنی ئەو جەنگەو لە پاداشتی ئەو هاوكاری كردنە یاندا چەندین دەوڵەتی عەرەبی قووت كردەوە بەسەرۆكایەتی دۆست‌و لایەنگرانی حكومەتی ئینگلیز.

شا فەیسەڵی یەکەم یەکێك بوو لە بنەماڵەی﴿هاشمیەکان﴾ دوای ئەوەی سوریەکان دریان پەڕاند، هێنایان لە عێراق تاجی پاشایەتیان لە سەرنا.. بەڵام کوردستان کە لەلایەن عوسمانیەکانەوە بە ویلایەتی موصڵ ناسراو بوو لە شارەکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانی پێك دەهات و وەڕێژەی هەرە زۆری خەڵکەکەی ئەوسا و ئێستاش هەر لە کورد پێك دێت.. لە بەردۆزینەوەی ڕێژەیەکی زۆری پەترۆڵ و شوێن و ستراتیجیەتەوە، بۆیە هێزەکانی بەریتانیا دوای ئەوەی پرۆسەی گرتنی ویلایەتەکانی بەسراو بوغدایان تەواو کرد هێزەکانی بەرەو باکوور جولاند هەرچەندە ئاگربەست لە نێوان لایەنە بەشەڕهاتوەکان ڕاگەیندرا بوو.. بەڵام بەهۆی ئەوفاکتەرانەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا هێزەکانی بەریتانیا کوردستانی باشووریشیان داگیر کردو کۆتاییان بە ئەڵقەی زنجیرەی داگیرکردن هێنا.

لەسەر ویلایەتی موصڵ﴿کوردستان﴾ کێشەی گەورە کەوتە نێوان ئینگلیزەکان و تورکەکان هەروەها مشت و مڕێکی سەختیش لە نێوان بەرەی هاوپەیمانی هاتە کایەوە، ئەم کێشەو گرفتانە دواتر چارەسەر کران بەڵام کێشەی نێوان کوردو حکومەتی ئینگلیز لە پاشانیش حکومەتی عێراق تاکو ئەمڕۆ بێ چارەسەر ماوەتەوە لە سەرەتا ئینگلیزەکان دەرهەق

بەداخوازیەکانی گەلی کورد تا رادەیەك نەرمیان نواند.. ئەوەبو قەوارەیەکی کوردی لە بەشێکی کوردستان بەسەرۆکایەتی﴿شێخ مەحمود﴾ڕاگەیەنرا..

لە کانوونی دووەمی ساڵی(١٩٢٢) بەرپرسە بریتانیەکان لەگەڵ شا فەیسەڵ لە(٢١)ی تەموزی(١٩٢١) بەیانێکیان دەرکرد لە بەشێکی داهاتووە﴿حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق دان بەمافی ئەوکوردانە دادەنێین کە لە چوار چێوەی سنوری عێراق دا دەژین و خوازیاریشین کە هێزە کوردیەکان هەماهەنگی بکەن بۆ گەیشتن بەدامەزراندنی ئەو حکومەتەو کایەی چالاکیەکانی و نوێنەرانیشی کەخاوەن بڕیارن دەنێرێ بۆ وتووێژکردن لە سەر ئەو مەسەلە ئابووری و سیاسەتە لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو لا (حکومەتی بەریتانی و عێراق)..

دوا بەدوای ئەوە بەخێرایی ئەو حکومەتە دامەزراو شێخ مەحمودیش بوو بە مەلیکی کوردستان، بەلاّم ئەوێ ڕۆژێ چونکە کۆمەڵگەی کوردی نەگەیشتبوە ئاستی بەرزی هۆشیاری کە هەموو تواناکانی خۆی بۆ سەرخستنی پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەت تەرخان بکاتو بەهۆی سەرهەڵدانی هەندێ کەمو کورتی لە عەقلیەتی سیاسی سەرکردایەتی

کــوردو بــاش نەخوێندنــەوەی ئاڕاســتەی ململانـــێ کــانی ناوچەکەو جیهان ئەمانە لە لایەك.

لە لایەکی ترەوە پاشە گەز بوونەوەی حکومەتی بەریتانیا لە پەیمانو بەڵێنەکانی و چاوچنۆکی و چڵێسی بۆرجوازیەتی عەرەبی ئەم هۆکارانە تێکڕا خەونی هاتنە کایەی ئەو دەوڵەتە کوردیــەی بەیــەکجاری لــەگۆرنا.. لــەو ڕۆژەیــەوە کوردســتان بەناڕەواو دوور لە داخوازی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لکێندرا بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە..

هەیکەلی تازە دامەزراوی ڕژێمی عێراقی و پێکهاتە ئاینیو مەزهەبــەکانی هــەر لــە ســەرەتاوە گــەرای شــەڕو ئاشــوب و دووبەرەکی لە خۆگرتبوو عێراق بەو پێکهاتە مۆزایکیەوە کەلە باکوری دا زۆرینەی کورد کەتەواو لە سەرجەم گەلانی تری عێــراق لــە ڕووی زمــانو دابو نــەریتو کــەلتوورو مێــژوو کۆمەڵایەتیەوە جیادەکرێتەوە . هەرچی ناوەڕاستەکەشیتی کە لە بەغداو دەووروبەری پێك دێت ئەوا عەرەبی سونە مەزهەب زۆرینەن و مۆرکێکی مەدەنی و بازرگانی یان هەیە ئەوەتەی ئەم دەوڵــەتی عێراقە دامــەزراوە هەمیــشە جلــەوی دەســەڵاتی عێــراق بەدەســت ئــەو کەمینــە مەزهەبــەوە بــووە بــەڵام باشورەکەی کەزۆرینەی خەڵکی عێراق پێك دەهێنن لەڕووی مەزهەبەوە شیعەن ئەمان مۆرکێکی جوتیاری عەشیرەتگەریان

پۆشیوە ئەمانیش وەکو کورد و مەزهەب و کەمینە نەتەوەکانی دیکەی عێراق هەردەم ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمی مەزهەبی و چینایەتی کەمینەی سوننە مەزهەبی عەرەب بونەتەوە ئەو فرە ڕەنگیە لە ڕووی مەزهەب و ئاینەوە هەمیشە بەدرێژایی تەمەنی هەشتا ساڵەی عێراق کۆسپێکی گەورە بوو لە بەردەم هێنانە کایەی ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی لەم وڵاتەدا ، وێڕای ئەوەی داگیرکەران و زلهێزەکانی ئەوی ڕۆژێ ی جیهان بەناڕەوا نیشتمانەکەیان بەعێراقەوە لکاند . بەهیچ شێوەیەکیش دەرفەتیان نەڕەخساند تا گەلی کورد بەشێوەیەکی هێمنانە داوای ماف و داخوازیەکانی خۆی بکات . بۆیە پاش ئەوی هەموو ڕێگاکانی لەبەردەم داخرا بەناچاری دەستی دایە چەك و ملی شاخە سەرکەشەکانی کوردستانی گرتۆتە بەر کەپێی ی وابوو لەم ڕێگەیەوە دەتوانێ مافە زەوت کراوەکانی بەدەست بێنێتەوە لەوپێناوەدا چەندین شۆڕشی بەرپا کرد هەر لەشۆڕشی شێخ مەحمود و بزوتنەوە چەکداریەکانی بارزان و شۆڕشی ئەیلول تادەگاتە شۆڕشی نوێ کە لە ساڵی ﴿١٩٧٦﴾ بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمان هەڵگیرسا لە سەرجەم ئەو شۆڕشانەدا هێزەکانی کورد هەرگیز لەگەڵ هێزی دوژمنان بەرامبەرو هاوسەنگ نەبووە . کورد بێ پشتیوان و بەچەکی خراپ و هێزی میلیشیاوە ، ئەوانیش بەهێزی تۆکمەو پشت

ئەستووروو بە پشتیوانی هەموو جیهان و ئابووریەکی بەهێزەوە تەنانــەت لــە ســەردەمی دەســەلاَتی نەگریــسی بەعــسیە فاشیستەکان دا کە بە رەشترین دەورانی دەسەلاَتە یەك لەدوا یەکەکانی بۆرجوازی عەرەبی عێراق دەژمێردرێت . چەکی کۆمەڵ کوژ دژ بە رۆڵەکانی گەلی کوردی بەکارهێنا و پەیرەوی لەسیاسەتی قڕکردنی مرۆیی و بەسوتماك کردنی خاکی کوردستان کرد . لە درێژەی ئەو شەرو ململانێ سەختەدا زەرەروو زیانی مادی و مەعنەوی و مرۆیی بەرئەو گەلە ئازادیخوازە کەوتووە . هەڵبەتە ئەو هەموو شۆرش و تێکشکان و هەڵسانەوەو بەرەنگاربوونەوانەدا خاك و جەستەی ئەم گەلە دووچاری (نەزیفی) بەردەوام بووە . گومانی تێدانیە کە داگیر کەرانیش لە پێناو زیاتر داتەپاندن و ڕوخاندنی سایکۆلۆجیەتی مرۆڤی کورد و لاواز کردنی کەسایەتیەکەی پەنایان بردۆتە بەر شێوازە هەرە دڕندەو نامرۆڤانەوە بۆ توانەوەی نەتەوەی کورد لە ناو بۆتەی ئایدۆلۆجیای ڕەگەز پەرستی عەرەبی و ڕاگواستن و دەرپەراندنی مرۆڤی کورد لە زێدی باب و باپیرانی و بەکارهێنانی چەکە هەرە کوشندەکانی سەردەم دژی مرۆڤ و ئاژەڵ ژینگەی کوردستان نموونەی هەرە دیاری ئەو سیاسەتەن.. لە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانەوە مرۆڤی کورد بە هەموو تایبەتمەندیە

نەتەوەیـەکانی خـۆی نـامۆ کـرد.. کاتێـك سـەرەنج دەدەیـن دەبینـنین کەهـەر خـەڵکی نەخوێنـدەوارو ئاسـایی مـل کەچـی سیاسەتی چەوتی داگیرکەران نەبووینە بەڵکو لە هەموو چین و توێژو ئاستە جیاجیاکاندا کەوتنە ناو داوو وپیلان و نەخشەی دوژمنان . سەرەرای ئەوانە دوژمنان هەردەم هەوڵیان داوە گەلی کورد ڕووبەڕووی ترساندن و تۆقانـدن و چاو شـکاندن بکەن.. سـەدان شـارو شارۆچـکەو هـەزاران گونـدی کوردەواریـان خاپوور کردو خەڵکەکەیشی لەچەندین ئۆردوگای زۆرە ملـێ دەسـت بەسـەر کـران.. بۆیـە دەبینـین بەشـێك لـە خـەڵکی ئـەو ئۆردوگایانـە لـە بـەر بـێ کـاری و خراپـی گـوزەران چـەکی خیانـەتیان هـەڵگرت و چـەندین نەخۆشـی کۆمەڵایـەتی و دیاردەی دزێو لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا تەشەنەی کرد.

کاریگـەری ئـەو سیاسـەتەو دیـاردە ناشیرنانە بەشێوەیەکی بەرچاو لەدوای ڕاپەرینی مەزنی ساڵی﴿١٩٩١﴾ بەدەر کەوت.. ئەوکاتـە دیـاردەی هەڵکوتانـە سـەر دامو دەزگاکـانی مـیریو ئـاودیو کردنـی کـەلو پـەلو ئـامێرو دەزگاکـان بۆئـەو دیـو سـنورەوە لەبـەر یـەك هەڵوەشـانەوەی بینـاو پـڕۆژە خزمـەت گوزاریەکان بەدەر کەوت ... ئەو دیـاردە ناشیرینانە کەدوورن لە ڕەوشتو ڕەفتاری مرۆڤی کورد لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاگری شـەڕی کـورد بـەکورد بەکوشـت دانـدا ئەوەنـدەی دیکـە زەقترو

قـــوڵتر بوونـــەوە..پرۆســـەی هەڵـــسانەوە بوژانـــەوەو گـــورج کردنـــەوزەی کەســـایەتی مرۆڤـــی کـــورد بەشـــێوەیەك بـــڕوای بـــەخۆی و ئاینـــدەی نەتەوەکـــەی هـــەبی و ببێتـــە مرۆڤێکـــی هۆشـــیاری نیـــشتمان پـــەروەر.. پێویـــستی بەچـــاك ســـازی و بزوتنەوەیـــەکی نوێکـــار هەیـــە.. کۆبونـــەوەکانی پەرلـــەمان لـــە هەولێرو سلێمانی لە ڕۆژەکانی چوارو هەشتی مانگی ئەیلول وێنەیەکی جوان و بێگەردی نیشتمان پەروەری لە زەین و بیری هـەموو کوردێکـدا نەخـشاند.. هەڵوێـستی نیـشتمانی دەبێـت بەشـێوەیەکی سەرانـسەری لـە نـاخ و عـەقڵ و هۆشـی سـەرجەم خەڵکی کوردستان ڕەنگ بداتەوە.

واتە بیر کردنەوە لە ئەرکی نیشتمان ئەمڕۆ و باری دواڕۆژ ببێتـە بەشـێك لەشـێوازی پراکتیکـی ژیـانی ڕۆژانـەی هـەموو کوردێك.. بۆ ئـەوەی بڕواو دڵنیایی خەڵك بەئاینـدەی خۆیـان و گەلەکەیان بگەڕێنێتـەوە دەبێـت بڕوامـان بەبەشـداری پێکردنـی زیاتری خەڵکی بی لایـەنیش هـەبێت لـە پرۆسـەی بـەڕێوەبردنی دەسـەلأت و ئیـدارەدا هـەڵی جـی بـەجی کردنـی ئەرکـەکلن و سەرخـــستنی تاقیکردنەوەکـــەش بـــدەین جومگـــەکانی ئیدارەوحوکم ڕانی لـە کەم و کورتی خـاوێن بکەینـەوە بەگیانی ڕەخنـەی بنیاتنەرانـە.. دەکـری بـواری زیـاتر پەرەخـسێنری بـۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی گەل سەربەستانە ڕای خۆیان لەسەر مەسەلە

چـارەنوس سـازەکان دەر بـڕن و دەرگاشـیان والأبێـت تـا بەشداربن لەبڕیارو دەسەلأت بۆ ئەوەی بەشداری ڕاستەقینە بن لە قوربانییان‌و خۆ بەخت کردندا.. تاکو ئێساتش مرۆڤی کورد هەست دەکات ئایندەی دیارنیە کارەسات‌و ڕووداوی ترسناك چاوەروانیەتی بۆیە بەتاك و بەکۆمەڵ ڕوو لە هەندەران دەکەن.. واچـاکە ئـەو هەسـتە بکـوژین.. چـونکە ئـەوەی وای کـردووە هەمیشە لە پەراویزو دا بژین‌و لەدڵە ڕاوکێدا بین.. چاومان لـە دەستی ئەم‌و ئەو بێت‌و کەسیەتیمان لاواز بێت ڕەواندنـەوەی ئـەو مەتلرسیانە بەپلـەی یەکـەم دەکەوێتـە ئەسـتۆی سـەرکردە سیاسـیەکانمان‌و ئـەو لایانەنانـەی بایـەخ بەسـتراتیج‌و بـوارە رۆشـنبیریی‌و پـەرەردەیی‌و کەلتوریـەکانی کـورد دەدەن.. ئەوهەڵمەتـەی ئاوەدنکردنـەوەو بوژاندنـەوەی کوردسـتان ئـەو پێـشکەوتن‌و بـەرەو پێـشەوە چـوونەی ڕەوڕەوەی ئاشـتی تاڕادەیەکی باش هاوکێشەی ڕەشبینی بەرەوواژ کردۆتەوە.

ئێـستا پێـچەوانەی جـاران سـتایش‌و شـانازی بـە کـارو چـالاکیەکانی ئیـدارەو حکومـەت دەکرێـت.. کێرفـی متمانـەی جـەماوەری گـەلی کوردسـتان بەرامبـەر حکومەتەکـەی رۆژ لـە دوای رۆژ لـە هەڵکـشان دایـە بـەلأم هێـشتا ڕێگایـەکی دوورو سـەختمان لـە بـەردەم دایـە تـا دەگەینـە ئامـانج.. ئەگـەر بـەراوردیکی ڕەوشـی کـورد لەسـەر ئاسـتی دەرەوە بکـەین

لەمیانی ساڵانی جەنگی ساردو دوای بڕانەوەی ئەم جەنگە دەبینین پێشتر نەك هەر دۆزی گەلەکەمان بووە بەقوربانی ململانێ ی بەرژەوەندیەکانی ئەم لاو ئەو لابەڵکو چەندین گەلی ستەم دیدەو زوڵم لێکراوی وەکو گەلی کورد لە پێناوی ئەو جەنگەدا پلیشابوونەوە.. بەڵام دوای بڕانەوەی ئەو جەنگەو هاتنە کایەی کەش و هەوای دیموکراسیی و مافی مرۆڤ و ئازادیە مەدەنیەکان لە سەرتاسەری جیهاندا چەندین وڵاتی نوێ لە سەر نەخشەی سیاسی.

جیهان دەرکەوتن جگە لەوەی ئەم هەل و مەرجە لەبارەی قۆناغی جیهانگیری و نەزمی نوێی جیهان کە هەرگیز باوەڕی بەپیرۆزی و پارێزراوی سنوورە جوگرافیەکان نیە سنوری نێوان گەلان و میللەتانی جیهانی لێك ترازاند ئیدی کێشەی نەتەوایەتی و ئەتنی و ئاینی زەقتر بوونەوە وەکو کێشەکانی.. بۆسنیاو هێرەزگوڤینیا و کۆسۆڤۆو ناگۆرنۆ کەرەباخ و کێشەی کوردو ئەرمەنەکان و هەرێمە ئاڵۆزەکانی باشوری سودان و بیابانی خۆرئاوا و کیوبیك و تیبت و کشمیرو تامیل مۆرۆی فلیپین و باسکی ئیسپانی و ئەمازیغیە بەربەرەکان و قیبتیەکان و ئەسکیمۆکانی کەنەدا.

بەدەرکەوتنی تروسکەی شەبەنگی سیستەمی نوێ ی جیهان.. وردە وردە زەنگی مەترسی نەمانی سیستەمە

کلاسیکیە چەق بەستوەکانی زەمانی کۆن لێدرا . هاوکات لەگەڵ ئەوگۆرانکاریانەدا کۆفی ئەنانی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە خولی پەنجاو چوارەمیدا لە ساڵی ١٩٩٩ پرۆژەی دەست تێوەردانی مرۆیی نێو دەوڵەتی ﴿التدخل الانسانی الدولی﴾ خستە بەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە..

ئەم بیرۆکەیە مەودای چەمکی کارپێکراوی سەروەی نیشتمانی﴿السیادة الوطنیة﴾ زۆر تەسك کردەوەو تەنانەت خستیە پەراوێزەوە.. هەمووشمان ئەو ڕاستیە دەزانین کە لەژێر پاساوی﴿سەروەری نیشتمانی﴾ دا جاران بواری بەدەیان دەوڵەتی دیکتاتۆریو تۆلیتاری دەدا تا بێ باکانە مافی کەمینە ئاینیو ئەتنیکیەکانی ناو سنووری ولاتەکەیان پێشێل بکەن.

دیارترین نمونەی پراکتیکی مەبدەئی دەست تێوەردانی مرۆیی لەم چەند ساڵەی دوایدا لە هەرێمەکانی کۆسۆڤۆو تەیموری خۆرهەلات ڕەنگی دایەوە.. مایەی سەرەنجیشە پشتگیری کردنی نێو دەوڵەتی لەبریاری﴿٦٨٨﴾ی ئەنجومەنی ئاسایش وپێکهێنانی﴿نوای ئارام﴾ لە پرۆسەی پرۆڤاید کۆمفۆرد ڕچەشکاندنێکی ئەزموونی پرۆژەی دەست تێوەردانی مرۆیی نێو دەوڵەتی بو لە کوردستان مووژدە

بەخشینە بۆ ئایندەی گەلی کورد لە عێراق دا تاچیتر لە تاریکستانی چەمکی سەروەری نیشتمانی و بڕو بیانووی ناوەخۆی دەولەت و سیستەمی ئایدۆلۆجیا کورد هاوشێوەی نەچەوسێنەوە..

بەدرێژای مێژوو هەرگیز هۆکاری دەرەکی بەقەد قۆناغی ئێستا لە بەرژەوەندی دۆزی کورد نەبووە ئەمڕۆ کوردستانی عێراق جوان ترو چاکتر لە جاران کەوتۆتە ناو شاشەی بەرژەوەندیە سیاسی و جیۆ ئیکۆنۆمیکەکانی ئەمریکاوە کەلەسێ ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرن..

١- بواری هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی کوردستان دەکەوێتە هەرێمێکی بایەخ داری جیۆئیکۆنۆمیکەوە بەتایبەتی ﴿نەوت – ئاو – کانزاکان﴾ ئەم بوارانەش لە دوای جەنگی ساردەوە بونەتە تەوەری سەرەکی ململانێکان.

٢- بواری ململانێی شارستانیەت ﴿صراع الحضارات﴾ هەڵکەوتەی کوردستان لەم بوارەدا شوێنێکی زۆر گرینگەو لەدەروازەی جیۆپۆلەتیکەوە دەکەوێتە نێوان هەریەك لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات.

٣- گەلی کورد دەمێکە گیرۆدەی کاری تیرۆرستی بۆتەوە، بەلام لە دوای ڕوداوەکەی نیویۆرك و واشنگتۆن گەلی کورد بووە بەشێك لەو بەرەیەی کەدژی تیرۆری نێو دەولەتی پێك هاتووە..

ئێستا ئەمریکییەکان بەدیقەتەوە ئەو ڕۆڵەی کورد هەڵدەسەنگێنن.. تەئکید کردنەوەی کۆڵن پاولْ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بروسکەی پیرۆزبایدا بەبۆنەی بەستنی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کاتێک دەڵێ﴿شانازی بەوەوە دەکەم کەئێوە لە شەریکەکانی ئەمریکان لە شەری دژی تیرۆریزمداو لە تێڕوانینمان بۆ ئایندەی عێراق بەشداریمان دەکەن﴾ هەڵبەتە ئەم قسانەی کۆڵن پاولی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گەورەترین‌و قورسترین وولاتی جیهان ئەوە دەگەیەنێت کە کورد لەبەرەی دژە تیرۆریزمدایە وهەرزیانێک لە ئێمە بکەوێت دەکاتە زیان گەیاندن بەشەریکەکانی ئەمریکاو ئەمریکاش لە وە بێدەنگ نابێت.

ئەمیر دڵبەند

سەربازێکی نەناسراوی ئەم شارە

بەهاری ساڵی ١٩٨٥ بوو، هەورە خۆلەمێشیەکان لە ئەوینێکی شێتانەدا، ئامێزیان بەچیاکانی ماکۆک‌و هەوریْ داکردبوو، ترپەی باران‌و خوڕەی جۆگە پێچاو پێچەکان سەدای سیمفۆنیایەکی سروشتیان لە دۆلەڕەشپۆشەکەی بالیسان بلاْو دەکردەوە.

ئێمە دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی تیپی(٩٣)ی کۆیە، لە دەست تووڕەیی باران، خۆمان لەژێر گۆێسەبانەیماڵە جوتیارەکانی گوندی(زیخان) حەشاردابوو، کتوپڕ چەند پێشمەرگەیەك کە هەموو جەستەیان بە هۆی بارانەوە تەڕ ببوو، خۆیان گەیاندە ژێر ئەو نوایەی ئێمەی لەباران پاراستنوو، دوای چاكو چۆنیو سلاّو لێککردن.. بۆم دەرکەوت یەکێك لەو پێشمەرگانە کاك(ئەمیر مستەفا) بوو، کە برای شەهیدی قارەمان(مشیر مستەفا)یە ئیدی لەو ساتە وەختەوە تا ئەو ڕۆژەی بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد بالأنسی پەیوەندی دۆستانەمان هەر لە هەڵکشاندابوو،بەهۆی ڕوح سوکیو ڕەفتاری جوانو قسە خۆشەکانیەوە، هەر زوو سەرەنجی دەورو بەرەکەی بەلای خۆیدا کەمەندکێش کرد.

لە ڕۆژانی سەختو دژواردا کە ڕژێم نەخشەی لە ناوبردنی گەلی کوردی جێبەجێ دەکرد، بنەماڵەی کاك (ئەمیر) دوو برای تری بە ناوەکانی(زرار و مشیر) لە سەنگەری بەرگری دا بوون، لە دژی ڕژێمی کۆنە پەرستی بەغدا، کاك(مشیر) فەرماندەی مەفرەزەیەك بوو لە تیپی ٩٣ی کۆیە. لە شەڕە بەناوبانگەکەی (بەنەباوێ) تا دوا فیشەك بەرگری لە مەترێزەکەی خۆی کرد.. ئینجا گلا.کاك (ئەمیر دڵبەند) سەرەڕای ئەوەی ڕۆحە پەپولەیەکەی تەژی بوو لە وورەو بروا بوون بە مافی کوردان..

دەستی شیعر نوسینی هەبوو، بەهۆی دژواری هەلومەرجی نیشتمانەکەمانەوە، زۆربەی شیعرەکانی لەناو چوون، چەند پارچە شیعرێکی لە پاش بەجێ ماون، کەهی سەردەمی دوای راپەرینە. ئەمانەی خوارەوە نموونەیەکی لەو شیعرانەیە:-

ڕێبوارەکان
بەم تاریکیە
بۆ کوێ ئەچن ؟
بوخچەی.......زامی منداڵەکان
بۆکوێ ئەبەن؟
ڕێبوارەکان
گەر ئەتانەوێ
بە دەروازەی سنوور بگەن
مشتێ لە خۆڵی کوردستان
هەڵگرنەوە.....
ماچی بکەن
ئەوسا ئەتوانن تێبگەن
بۆ کوێ ئەچن...؟

ئاشەکانی کۆیە

زوو کۆیــە مەڵبەنــدێکی ســەنگینی بازرگــانیو کــشتوکاڵی ناوچــەکە بــوو، جوتیــارانی دەشــتی کۆیــەو کاروانــچی شــارە گونــدە دوورو نزیکــەکانی ئــەم ناوچــەیە، کــاڵاو بەرهەمــەکانیان لێرە ساغ دەکردەوە پێداویستیەکانیشیان هــەر لێرە بەدەست دەهێنــا، بــۆ حەوانــەوی ئــەم ڕێبــوارو کاروانــچیانەش چــەندین خــانی گــەورە گــەورە لــە جیــاتی ئوتێــلو مــۆتێلی ئــەم ســەردەمە دروست کرابوون وەکو: خــانی مەحمود ئاغاو زبێدەو چەلەبیو خــانی قــادر یاســین هتــد... لــە پانتــایی بازارەکــانی کۆیــەدا جۆرەهــا پیــشەی دەســتی بــڵاو ببــۆوە وەکــو:- دارتاشــی - زەڕەنگەری - خمچێتی - لبادچێتی - دەباغچێتی - جۆڵایی - ســۆڵ دوری و لێــف دوری - ئاشــەوانی هتــد... بــەهۆی گرینگی پیشەی ئاشەوانی و پەیوەست بوونی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە، لێرە ڕووناکی دەخەینە سەر ئەو بابەتە، کە ئاشەکانی کۆیەیە:

ئاشە ئاویەکان

ئێستا مەگەر ئاسەواریان مابێ، ئەگینا بڕواناکەم ئەم جۆرە ئاشانە نەك هەر لە کۆیە، بەڵکو لە کوردستانیش مابن ..! ئاشی ئاوی هەمیشە لە ڕۆخ چەم و جۆگە و ڕووبارەکان دامەزراون، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەم جۆرە ئاشانە هەبووە، سەرەتا شوێنێکی گونجاویان دیاری دەکرد بەتایبەت لە شوێنێکدا کە ئاو بەسانایی بیگەیشتبایە، ئەو کەرەستانەی خوارەوە بەشە سەرەکیەکانی ئاشی ئاوی بوون:- بەردی ئاش(بەرداش)- بستە - خوانگە - خەردار - چەقەنە - چەرمەخۆرە - پەڕەکە - تەنووری ئاش - ئاردکێش - ئاوبڕ. هەموومان دەزانین لە هەموو وەرزێکی ساڵ ئاوێکی زۆر لە حەماملۆکەوە دەهاتە خوارەوە، بۆیە سەرەنج دەدەین هەر لە کۆنەوە ژمارەیەکی زۆر ئاشی ئاوی لەسەر ئەو چەمە دروستکرابوو، لە سەرچاوەکەوە تا دەگاتە گەڕەکی ئاشان لە ڕۆژهەڵاتی کۆیە. ئەوانەی خوارەوەش بەشێکن لەو ئاشانە:-

١- ئاشی حەماملۆك.

٢- ئاشی گێوژۆك.

٣- ئاشی ئاغەڵی.

٤- ئاشی کەندە کۆخ.

٥- ئاشی قادر حسێن.

٦- ئاشی شانشکای.

٧- ئاشی ساغه.

٨- ئاشی مەلابەکر.

٩- ئاشی خنه.

١٠- ئاشی گەڕەکی ئاشان.

١١-ئاشی دەباخان.

١٢- ئاشی شیلکه.

١٣- ئاشی پیسکان.

ئاشەکانی تۆبزاواو و هەرمۆته:-

١- ئاشی مام برایم.

٢- ئاشی کۆن.

٣- ئاشی حاجی جەلیل.

٤- ئاشی کەریم ئاغا.

٥- ئاشی چوارباغ.

٦- ئاشی مەلاموسا.

٧- ئاشی ناو زەوی خواجه کەریم.

٨- ئاشی دیانان.

٩-ئاشی مزه.

ئاشی ئاگر

وەکـە ئاشـکرایە تەمـەنی ئاشـە ئاویـەکان زۆر کـۆنترە لـە تەمـەنی ئاشـە ئاگرینـەکان، سـاڵی ١٩٢٨ز حـاجی کاکـەمین کەبازرگانێکی ناسراوی کۆیە بوو، لە موسڵەوە یەکەمین ئاشـی ئـاگری هێنایـە کۆیـەو لـە خـوار قشڵە دایمەزرانـد ئـەو ئاشـە ئاگرینە لەو ساڵەوە بێوچان لە کارکردن دایە. خـەڵکی کۆیـەوە دەوروبەریـشی بـەردەوام سـاوەر و بـرۆێش و گەنمـە کوتـاوو چەڵتوکیان پـێ لێکـردووە. سـاڵەهای سـاڵە ئـەو ئاشـە لەلایـەن (مام خدر)ەوە بەڕێوە دەچێت، خەڵکەکەی ئێرە ئاردی ئاشـی ئاویـان پـێ چاکترو باشـترو جوانتر بـوو لـە چاو ئاردی ئاشـی ئاگر.

خانوە قوڕەکان

گومـانی تێدانیـە ژیـانی مـرۆڤ لـەم سـەردەمە زۆر گـۆڕاوە لـە چاو ژیـانی دوێنـێ.. بـە تایبـەتی لـە ڕووی پۆشـاکو خـۆراکو نیشتەجێبوونەوە کە هەمیشە بایەخێکی زۆری پێدراوە.. هـەر ئـەو بایـەخ پێدانەیـە مرۆڤـی لـە ژیـانی نـاو ئەشـکەوتو دارسـتانەکانەوە گواسـتەوە نـاو باڵەخانـەو تـاوەرە هەوربڕەکانەوە..! گەر لاپەڕەکانی مێژووی دوێنێی ئەم شارە

بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت لە چەند گەڕەکێکی بچووك پێك هاتبوو: قەلاَتو هەوارو بەفری قەندی و بایزاغا بوون..!
جۆرو شێوازی خانوەکانیش کۆنو لە خشتو قوڕ دروستکرا بوون.. کۆلاَنەکانیشی تەسكو نارێك بوون ، مەرجی تەندروستیشیان کەمترتێدا نەبوو.

خانوو دروستکردن:-

هەرکەسێك خانووی دروستبکردایە، وەستای کارامە هەبوون، سەرەتا بناغەیان لێدەداو ئینجا بەکوتەکێکی قایمو پتەو، کە لە دارگوێز پێك هاتبوو، بەدەستی چەند کرێکارێکی مەچەك ئەستوور بۆ ماوەی چەند رۆژێك بناغەیان دەکوتاو دەیان پەستایەوە، ئینجا دیوارەکانیان بەخشت و قوڕ بەرز دەکردەوە، پاشان بەدارو پووش قامیش سەریان دەگرت، دوایی قوڕەبانیان کردووە، لە پایزدا بەچینە قوڕێکی ئەستوور سەریان سواغ داوە، هەموو ساڵێکیش پێش باران بارین سەرلە نوێ ئەو بانانەیان سواغ داوەتەوە.

ئەو دەم لە ژوورەکاندا تاقچەیان دروست دەکرد، خەڵکانی زەنگین بنمیچی ژوورەکانیان بە تەختە رێك دەخست، ئینجا کاریتەیان دادەنا، سەربانەکانیشیان بەقوڕێکی تێکەڵ بە(کا) بە ئەستوورایی(٥-١٠سم) سواغ دەدا، بەدەگمەن گەرماو لە

ماڵان دا هەبوو، خەڵك بۆ خۆشۆرین دەچونە گەرماوەکانی شار وەکو: گەرماوی پیسکان و حەسەن ئاغاو ناوەندی .

لە ماڵەکانیش تاکو تەرائاو دەست هەبوو.. لە کاتی پێویست پیاوان دەچوون بۆسەر ڕووباریاخود مزگەوتەکان، ئافرەتانیش دەچوونە قولەتێنەکانی شار وەکو: قولەتێنی شێخ سمایلی مەلا خالید، قولەتێنی سیسە، قولەتێنی ماڵی مستەفا ئاغا، قولەتێنی خەلیفەی عەودالآن، شار لە هاویندا نیمچە چۆڵ دەبوو، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی خەڵك دەچوونە گوندەکان، یاخود سەر ڕەزو باخەکانیان. لە وشارەدا سیستەمی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە ئێجگار سەرەتایی بوو، ئاو لە حەمامۆکەوە بە جۆگە دەهاتە خوارەوەو بەبەردەمی ماڵی مامەند ئاغا ڕەت دەبوو، پاشان بە چەندین جۆگەی لاوەکی بەسەر گەڕەکەکان دابەشکراوە.. ئەوکات شار بەشورەیەك دەور درابوو، کە بەگەچ و بەرد هەڵچنرابوو، چەند دەرگایەکی گەورەی هەبوو، بۆ هاتوچۆی خەڵك و کاروانچییەکان، دەرگاکانیش ئەمانە بوون:-

١- دەرکی گەروێ یاخود سورکێ لە گەڕەکی بەفری قەندی دەیڕوانیە دەشتی کۆیە.

٢- دەرکی قۆنگرە، لە گەڕەکی هەواوان بەرامبەر هەیبەت سوڵتان

٣- دەرکـی خۆشـناوان، لـە گـەڕەکی بایزاغـا دەیروانیـە ناوچەی خۆشناوەتی.

٤- لـە گـەڕەکی قـەڵاتیش دەرگایـەك بەئاراسـتەی هـەولێر هەبوو.

سێوە دەنگێکی خەماوی و ئاوازێکی نەمر

کۆنفۆشـیۆس دەڵـێ((گـەر دەتـەوێ پلـەی پیـشکەوتن و شارسـتانیەتی هـەر گـەلێك بزانیـت، گـوێ لـە موزیـك و گۆرانیەکانی بگرە)).

کۆیە یەکێکە لەو شارانەی کوردستان، کە لە ڕۆژگارێکی زووەوە، جوڵانەوەیەکی هونەری ئاوازو گۆرانی تێدا درووست بووە، بە بیرو بۆچونی ئێمـە، سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی ئـەو شـێوازەی هونەر،بەپلـەی یەکـەم دەگەڕێتـەوە بـۆ هانـدان و پشتیوانکردنی چینە دەست ڕۆیشتووەکەی ئەوسای شارەکە بۆ هونەر..!

مـرۆڤ کـە سـەرەنج دەداتـە پیـاوێکی وەك(ئـەمین ئاغـای ئەختـەر)ی شـاعیرو هونەرمەنـد، ئـەو ڕاسـتیەی بـەجوانی بـۆ بەدیار دەکەوێت، (ئەختەر) کەسایەتیەکی دیاری شارەکە بوو، سـەروەت و سـامانێکی زۆری لـە کـۆڕی ئـەدەب و ئاهەنگـدا سـەرف کـرد، لـە دیوەخانەکەیـدا هـەرگیز چـرای ئـەدەب و

چریکەی گۆرانی و سەدای مۆسیقا خامۆش نەدەبوو..! گەرچی ئەو بزوتنەوە هونەرییە بەر لە ئەختەر هەر هەبووە، بەلأم لە ڕۆژگاری ئەودا ئەدەب و هونەر هەڕمێنیان زیاتر پەیداکرد، دواتریش دەیان شاعیرو هونەرمەند درێژەیان بەو کاروانە پیرۆزە داو بەرەو پێشیان برد.

گومانی تێدا نیە، سێوەی هونەرمەند درێژە پێدەری ڕێبازو ڕێچکە هونەریەکەی ئەختەرو نەشئەتی ڕەشید ئاغای حەویزیە.. کاتێك سێوە باوکی دەمرێت.. بۆ دابین کردنی ژیان و گوزەرانی.. دەبێتە شاگردی(خواجە یوسف)ی جۆلأ.. لە میانەی کارکردنیدا گیرۆدەی ئەوینی(واریێ)ی شۆخ و شەنگ دەبێت، کە کچی وەستا یوسفی جۆلأیە، لێرە بەدواوە وەچەرخانێك لە ژیانی ئەو گەنجە هەست ناسکە ڕوودەدا.. بەوەی گڕی ئەو ئەوینە دەبێتە مایەی تەقینەوەی سەرچاوەی بەهرەی هونەری سێوە ، کە لە ڕێگەی مەقام و گۆرانیەوە دەری دەبڕی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سۆزی ئەو خۆشەویستیە ئەو دوو عاشقە لە یەکتر نزیك دەکاتەوە..! ئەوەش وا لە سێوە دەکات، داخوازی واریێ لە باوکی بکات، بەلأم داب و نەریتی دواکەوتوی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە بووە بە کۆسپ لەبەردەم بەیەکگەیشتنی ئەو دڵدارو دولبەرەدا.. ئیدی لە داخان سێوەی هەژارو نەدار ماڵی وەستاکەی جێدێڵێ، ساڵ دەسوڕێتەوە

واریّ بەکەسەری دابڕان و جودایی سەردەنێتەوەو سێوەی سەرگەدانیش ، شێوەی واریّ ی لیّ دەبێتە سەراب و بێهودە بەدوایدا دەگەڕێت.

زۆر جار لێکدابڕان و جودایی ئەویندار بەسودی ژانرێکی ئەدەبی یان هونەری تەواو بووە، ئەمە ڕێک لە ئاکامی ئەو دابڕانەی سێوەو واریّڕوویداوە، هەناسەساردی سێوەو دڵشکانی لەو ڕووداوەدا، سەراپای ژیانی ئەو گەنجەی بە ڕەشبینی و خەم و بێزاری ڕەنگرێژ کرد.

خالە سێوە لە کاتی دانیشتنی تایبەتی ماڵان و ناو ڕەزان، وە لە ئاهەنگە جەماوەریەکاندا یاخودلە دیوەخانەی مەلا حەویز ئاغاو کاکە زیادو مەحمود ئاغادا، مەقامی بەسۆزو بەستەی ئەوینێکی ڕاست و دروستیان لە قوڕگە زێڕینەکەیەوە هەڵدەقولاّ..! بەهۆی دەنگە خۆشەکەی و دەست پاکی و دڵپاکیەوە، متمانەوە باوەری بازرگان و دەوڵەمەندەکانی بۆخۆی راکێشابوو ، لەبەر ئەو هۆکارانە بازرگانەکان کردیان بەحسابگری کاروبارەکانی خۆیان..! جگە لەوەی دەنگ خۆش و مەقام زان بوو، قسەی خۆش و نوکتەزانیش بووە.

هەر بەهۆی دەنگ خۆشی و سیفەتە جوانەکانیەوە دۆست و هاوڕێی زەکی ئەحمەد هەناری و شەفیق سابیر و تایەر تۆفیق و حەمە گەمحان و بیلال بەهادین و مامۆستا ئەحمەد

دلـزارو كـريم شـارەزابوو بـە بۆچـونی ئەوكەسـانەی سـێوەیان ناسیوە، ژمارەیەكی زیاتری بەرهەمی هونەری هەبوە، بەلاَم لەو ڕۆژگـارەدا تاكـە سەرچـاوەی تۆمـاركردنی كـارە هونەریـەكانی سێوە لە ڕێگەی ڕیكۆردەرەكەی خوالێخۆشبو﴿حەمە گەمحان﴾ وە بـووە، كـەزۆر شـەیدای بیـستنی گۆرانیـەكانی هونرمەنـدی میـسری﴿ام كلثـوم﴾ بـووە، هـەركاتێكیش گۆرانیـەكی ئـەو هونەرمەمدە پێشكەش بكرایە.

حەمـە گـەمحان هەركاسـێتێكی لەبـەر دەسـت بوایـە، ئـەو گۆرانیەی تۆمار دەكرد، گومانیش دەكرێت پێشتر ئەو كاسێتە مـەقام یـاخود گۆرانیـەكی سـێوەی لـە سـەر تۆمـار كرابـێ.. گـۆرانی و ئاوازەكـانی سـێوە سـتایلێكی تایبـەتیان هەیـە كـە ڕەنگدانـەوەی بێگـەردی كۆمـەڵگای ئەوسـاو ئاوێنـەی ژیـانی سێوەو ژێیەكانی قوڕگی زێڕینی ئەو بوون.. هەر لەبەر ئەوەشە كەسـێكمان نـەبینیوە تـوانیبێتی بـەجوانی لاسـایی ئـەوی كردبێتەوە.. هەروەكو چۆن مەقامو گۆرانیەكانی كۆیە مۆركو شـەقڵێكی جیاوازیـان بەبـەراورد لەگـەڵ هونـەری گـۆرانی ناوچەكانی دیكـەی كوردسـتان هەیە.. بەهـەمان شێوە ئـاوازو گۆرانیەكانی سێوە بەو بەرهەمـە كەمـەی ژیـانی كـەژمارەیان لـە پەنجـەكانی هـەردوو دەسـت تێپـەڕ ناكـەن جیاوازیـان لەگـەڵ بەستەو گۆرانیەكانی دیكەی هونەرمەندانی كۆیـە هەیـە بەهۆی

ڕەسەنایەتیانەوە خۆی لە قەرەی هونەرمەندانی ڕیزی پێشەوەی گۆرانی و میوزیك دەدا.. بەڵام بەداخەوە وەکو چۆن هونەرمەندانی نەوەکانی دوێنێی گەلەکەمان هەمیشە گیرۆدەی هەژاریو بەربەرەکانی کۆنەپەرستان دەبوونەوە.. دەبینین سێوەی لوتکەش لەئاخرو ئۆخری ژیانیدا هەژاریو نەخۆشی برستیان لێ بڕی، ئەوە بو لە تەمەنی حەفتاو سێ ساڵیدا بۆیەکجاری ماڵئاوای لێ کردین.

وڵاتی خۆر

لەگەڵ ئەوەی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان دایە، ئەندامیشە لە کۆمەڵەی هەشت وڵاتە پیشەسازیەکانی جیهان، لە گەڵ ئەوەشدا لە ڕابردووی خۆی دانەبڕاوەو پابەندە بەداب و نەریتەکانی باب و باپیرانیان. بەشێوەیەکی دیکە، جیهانگیری نەبۆتە هۆی تێکدانو شێواندنی کەلتوورو ژیانی کۆمەڵایەتی وولاتی ژاپۆن.

لەرووی گەشەسەندنی ئابووری پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا پێی ناوەتە قۆناغی شۆرشە زانیارییەکان، ئەم پێشکەوتنە مەزنەی ژاپۆن سەرەنجی هەموو جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، ئێمە ئەگەر پلانو نەخشەوهەولی جدیمان هەبێ

دەتـوانین سـوود لـە ئـەزموونی ژاپـۆن وەربگـرین.. زانیاریـەکی چـەوت لـەناو خـەڵك بلاّوبۆتـەوە ، گوایـە ئەوگەشەسـەندنو پێشکەوتنە ئابوریـە مەزنـەی وولاّتـی ژاپـۆن دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتـایی جـەنگی دووەمـی جیهـان، بـەلاّم کاتێـك لاپەڕەیـەکی مێژووی ئەم گەلە زیندووە هەڵدەدەینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ژاپۆنیەکان هـەر لـە نیوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە دەستیان کـردووە بـە شـکاندنی کـۆتو بەنـدی دواکـەوتنو وا بەسـتەیی و هـەنگاو هـەڵهێنان بـەرەو جیهـانی شارسـتانیو دیموکراسی و پێشکەوتنەوە

گەڕانەوە بۆ سەرەتاکان

ساڵی ١٨٢٥(پیری) کە ژەنـەڕاڵێکی گـەورەی ئـەمریکی بوو، بۆ یەکـەم جار پێـی خستە سـەر کـەنارەکانی ژاپـۆن، هـەنگینیٚ ژاپـۆن بەدەسـت ڕژێمـی(تۆکوغـاوا) دەینالاّنـد، ئـەو ڕژێمـە لـە ساڵی ١٦٠٣تا سـاڵی ١٨٦٧ جلـەوی دەسـەلاّتی ئـەو وولاّتـەی بەدەستەوە بـوو، ئـەو ژەنەڕاڵـە ئەمریکییـە ڕژێمـی تۆکوغـاوای ناچـار کـرد، تـا دەسـت بـەرداری گۆشـەگیری بـیٚو دەرگـای بازرگانی ئازاد بە ڕووی ڕۆژئاوا بخاتە سەرپشت، پیری لەگـەڵ خۆیدا ژمارەیەکی زۆر کتێبو چاپەمەنیەکانی بواری بیرکـاری و زانستە مرۆییەکانی هێنابوو.

سیاسەتی کرانەوەی بازاڕی ئازادو هێنانی ئەو ژمارە زۆرەی کتێبو چاپەمەنی لەگەڵ ئەم فاکتەرانی خوارەوە ئاوێتەی یەکتر بوونو زەمینەیەکی لە باریان ڕەخساند بۆ ئەوەی ژاپۆن لەو گۆشەگیریەی بێتە دەرەوە و لەئەنجامدابگاتە ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەوتن ، کەهەمووما‌ن ئاگادارین.

١- کاریگەری ئاینی کۆنفۆشیۆسی شوێنەواری قوڵی لەسەر ڕەفتارو ڕەوشتو هەڵسوکەوتی ژاپۆنیەکان نەخشاندبوو، بەتایبەتی بۆ هاندانی خەڵك لە بواری پسپۆڕیو وردبینیو بنیادنانەوەی کۆمەڵگەی ئوستۆکراسی.

٢- مرۆڤی ژاپۆن کارکردنی زۆر بەلاوە گرنگو پیرۆزە، بۆیە ئەو دڵسۆزیەیان لە بواری بنیاتنانەوەدا گەلێك ئەنجامی باشی لێهاتە دی .

٣- هەموو ژاپۆنیەك بەچاوی باوك(سەرەك خێزان) سەیری (ئیمپراتۆر) دەکەن، هەڵبەتە ئەم هۆکارەش بووە مایەی پابەند بوونی مرۆڤی ژاپۆنی بە کۆمەڵگەکەیەوە و پتەوە بوونی گیانی هەرەوەزی و هاوکاریی لەنێوان گەلی ژاپۆنی.

٤- جگە لەوە بوونی پەیوەندیەکی ڕۆحی دەگمەن لە نێولن چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە .

٥- گواستنەوەی ئەزموونو شارەزاییەکانی ئەوروپا، کەپاشان چەندین میتۆدو بیرو ڕای جۆراو جۆری لێکەوتەوە

٦- بڵاوبوونەوەی زانستو زانیاری و هۆشیاری میللی

سەردەمی زێڕین

لە ئاکامی بڵاوبونەوەی هۆشیاری ڕۆشنبیریەوە، ژاپۆنەکان گەیشتنە ئەو ڕاستیەی کە شەڕکردن بە کەسێك ناکرێت، کە شیری پۆڵاین و گورزی گەورەی هەڵگرتبێ، بەرامبەر ئەو کەسەی چەکی پێشکەوتوو زانستی ڕۆژئاوای هەبێ، لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەی سەرەوەڕیفۆرمخوازەکان تەنیا لە میانەی بیست ساڵدا، توانیان تەپ و تۆزی چەندین ساڵەی دواکەوتن و کۆشەگیری لە جەستەی شەکەتی ژاپۆن دابتەکێنن.

سەرەنجام توانیان دیدو بۆ چوون و ئەجینددای خۆیان بسەپێنن، دوای زیاتر لە سەدەو نیوێك(گۆربا چۆف)ی سەرۆکی پێشوتری ڕوسیا لە سەر هەمان ڕێبازی گەشەسەندنی ژاپۆن ڕۆیشت، بەڵام دیارە هەرگیز مێژوو کتومت خۆی دوبارە ناکاتەوە، ئەگەر دووبارەیش بێتەوە ئەوا بەشێوەیەکی کاریکاتێری دەبێت بۆیە دەبینین هەڵکەوتنی(گۆربا چۆف) نەك هەر نوشستی هێنا، بەڵکو پەیکەری یەکێتی سۆڤیەتیش لەباریەکیش هەڵوەشایەوە..

مرۆڤ لە ئاست تاقیکردنەوەی ژاپۆنیەکان دەستەوەستان دەبێ و نیشانەیەکی گەورەی سەرسورمان لە بەر دەما زەق

دەبێتەوە.. تۆ دیقەت بدە وولآتێك بەبێ پێشینەیەكی سیاسی دیاری كراو و پلانێكی ئابووری و هاوكاری كردنی وولآتان، بێ ئەو پشتیوانیە چۆن توانی ئەم ئاڵوگۆڕە قوڵە ئەنجام بدات..!!!

(ڕامان لە چەند وێستگەیەكدا)

دوای تێپەڕبوونی چەنجا ساڵ بەسەر جەنگی دوەمی جیهانیدا، كە ژاپۆنیەكان قورسترین زەبریان بەركەوت ، كەچی چەند ساڵێك دوای ئەو جەنگە كاولكاریە، وردە وردە ژاپۆنیەكان برینەكانیان سارێژكرد.. هەر بەوەش نەوەستان، بەڵكو ئەمڕۆ ژاپۆن لە ڕیزی هەرە پێشەوەی وولآتە پێشكووتوەكانی جیهاندایە.. لە ئێستادا كۆمپانیای(تۆیۆتا مۆتۆرز)ی ژاپۆنی لە ساڵی پاردا ژمارەی پێوانەی تۆماركرد، بەوەی فرۆشیەكانی ئەو كۆمپانیایە لە ئۆتۆمبیلی جۆری(الگوس الفاریە) لە بازارەكانی ڕۆژئاوا بەڕێژەی(٢٥٪) زیادی كردو قازانجەكەشی گەیشت(٨٠٨) ملیار دۆلار، هەروەها داهاتی كۆمپانیای(تی تی ئین) بۆ تۆری تەلەفزیۆنی بێتەل لە هەمان ساڵدا گەیشتە ترلیۆنێك دۆلار لە ساڵی ١٩٨٤ دا ئەمریكا هەشت ملیۆن ئۆتۆمبێلی بەرهەم هێنا، بەلآم تەنیا

دوو ملیۆنی فرۆشرا، کەچی ژاپۆن لە هەمان ساڵدا هەمان ژمارەی بەرهەم هێنا، کەچی چوار ملیۆنی لێفرۆشت.

ئەمڕۆ ژاپۆن٣٠٪ هەموو بەرهەمی ئۆتۆمبیلی جیهان پێك دەهێنێت.. بەپێی ئامارێك کەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەنجامی داوە.. دەرکەوتوە هەرماڵێکی سەر ئەم زەویە لانی کەم پێنج ئامێری کارەبایی ژاپۆنی تێدایە، جگە لەوە٨٤٪ بەرهەمی جیهانی کامێراو ٨٣٪ بەرهەمی سەعاتو ٦٦٪ بەرهەمی تەلەفزیۆنی هەموو جیهان بەرهەم دێنێت.. بەڕاستی پێشکەوتن و داهێنانەکانی ژاپۆن هەموو جیهانی سەرسام کردووە.

کلاّو ڕۆژنەیەك لە سەر تیپی موزیکی باواجی

لە دێرینەوە گەلی کورد موزیكو گۆرانی و هەڵپەڕکێی خۆی هەبووە، لە سەردەمی زەردەشتەوە، موزیك لە پەرستگاو سرووتە ئاینیەکان لەگەڵ سروودی ئاینی دەژەنرا، ئامێرە موزیکە ڕەسەنەکانی ئەو ڕۆژگارە.. نای تەنبوورو دەهۆڵو زورنا بوون ، دواتر ئاینەکانی ئێزیدی.. ئەهلی هەقو ئاوازو موزیکیان ئاوێتەی ستایشو شیعر کرد، بۆ دەربڕینی سۆزو نیازە ئاینیەکان، لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی موزیك، ئاوازی کوردی بە هەنگاوی خێرا چووە پێشەوە، تەنانەت

دوای بڵاوبونەوەی ئیسلامیش موزیك لە شێوازی پیاهەڵدانو ستایش هەر بەردەوام بووە ، نوسەری فەرەنسی(بلاو) کە بەشێکی زۆری کوردستان گەڕاوە، دەربارەی موزیك و گۆرانی کوردی دەڵێت (هەژارترین هۆزی کورد لە ئاواز و ئاهەنگی دڵنەوازدا دەوڵەمەندە، گەلێك داستانو بەسەرهاتی قارەمانیەتی بەرزو چیرۆکی ئەویندارى لە نلوچە دڵگیرو جوانەکانی کوردستان سەداو ئاوازەکانیان دەنگ دەداتەوە، جگە لەوە چەندین پسپۆر و شارەزای بوارەکانی هونەر ئامێرەکانی تەنبوورو عودو کەمانجە بۆ کورد دەگەڕێتەوە.

پێشکەوتنی بەهرەی هونەرمەندێك

دەمێکە جولانەوەیەکی هونەری لە ناخی ئەم شارە جۆشی داوە، لەگەڵ بەرەو پێش چوونی ڕۆژگار ئەو بزافەش نەشونمای کردووە، بەشێوەیەك ئاوازو هونەر مەقاماتی سنوری ناوچەی کۆیە مۆرکێکی تایبەت بەخۆی ڕەنگ ڕێژکردووە گەلێك مەقامزانی گەورە وەك، مەربینو نەشئەتی رەشید ئاغاو پوتیو حاجیە گەورەو عەبەی چایچیو مەلائەسعەدو سیوەو تایەر تۆفیق لێپەیدا بووە، هەرکاتێك بمانەوێ قسە لەسەر ئاواز و موزیکی کوردی بکەین، دەبێ ئاوڕێك لەڕۆڵەی ئەختەری هونەرمەند بدەینەوە، چونکە ئەو

ڕۆڵێکی مەزنی لە سەرهەڵدانو ئاشناکردنی هاوولاتیانی شارەکە بەهونەری کوردی گێڕاوە، دیوەخانەکەی هەمیشە گەشاوەبوو، لە سەردەمی ئەودا گۆرانیو مەقام بە هەنگاوێکی خێرا چووە پێشەوە بەستەو ئاوازی کۆنی کۆیە ژیاندەوە، ئەو کۆڕو ئاهەنگانەی لە دیوەخانەکەیدا سازدەکرا، وەکو وانەی ڕاهێنان وابوون.. سەرەڕای ئەوەی سەلیقەی ئاوازدانانی هەبوو، شاعیرێکی بەئەزموونیش بوو ، بۆیە دەبینین هەندێك لە شیعرەکانی خۆی دەکرد بە مەقام ، یاخود بەستە ، گۆرانی(شلە و خان) نمونەیەکی هەرە بەرزی داهێنانی ئەو هونەرمەندە شاعیرەیە، ئەو بناغە پتەوەی ئەم هونەرمەندە دایڕێژا ئەنجامو بەرهەمێکی گەورەی بەدەستەوە دا، ئەویش (تیپی موزیکی باواجی کۆیە) بوو، لێرەدا بە بۆنەی تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر دامەزراندنی دا، تیشکێك دەخەینە سەر قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی.

((گەڕانەوە بۆبنچینە))

لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە، تا ئەم ساتە وەختەش تیپی موزیکی باواجی خزمەتێکی بێوچانی بە هونەری کوردی بەگشتیو ناوچەی کۆیە بەتایبەتی کردووە، لە دوای تیپی موزیکی مەولەوی بەدوەم تیپی موزیکی کوردی دێت لە

کوردستانی عێراق، لە زۆر ڤیستیڤاڵو بۆنە نەتەوەیەکاندا حوزووریان هەبووە، دەیان تێکستی فۆلکلۆری دوای پوختەکردنو بەهارمۆنیو دابەشکردنی نوێوە خستەسەر خەرمانەی هونەری کوردیەوە، دوای ئەوەی مامۆستا باکوری لە ساڵی ١٩٥٧(دار المعلمین)ی تەواوکرد، لە ناوەندی کۆیە دامەزرا ، ئەوە دەرفەتێکی زێرینی بۆ نابراو ڕەخساند بۆ دامەزراندنی تیپی موزیك لە کۆیە، ئەو بیرۆکەیە چووە بواری پراکتیکەوە کاتێك ژمارەیەك لە وقوتابیانەی خولیاو ئارەزوی موزیکیان هەبوو، دوای دەوام ڕاهێنانیان دەکرد، لە سەر دەستی مامۆستا باکوری بە ئامێرەکانی عودو کەمانجەو نەی

هەر سەبارەت بەدامەزراندنی تیپی موزیکی باواجی مامۆستا زاهیر محمەد لە گۆشە نیگای خۆیەوە دەڕوانێتە ئەو ڕووداوە، بەبۆچوونی ئەوبێ ، ئەو تیپە موزیکیەی مامۆستا باکوری دایمەزراند، هیچ سیفەتێکی ڕەسمی نەبوو، چونکە دوای ساڵێك پرۆڤە کردنو هەوڵدان هەموو قوتابیەکانپەرتەوازە بوون، کە لە ئەنجامدا تیپەکە هیچ وجودێکی نەماو کۆتای هات، دوای دوانزە ساڵ لەو ڕووداوە ئینجا تیپی موزیکی باواجی نویو سەردەم پاشان ناوبانگی دەرکرد دامەزرا، بە بۆچونی مامۆستا زاهیر دوبارە ناولێنانی تیپە موزیکیەکە بەناوی(باواجی) هەڵەیەکی مێژوویی بوو،

ئەگەر دەوکات هەرناوێکی ترمان بۆ تیپەکە هەڵبژاردایە وەکو ..چناروك، حەمامۆك، دڵدار.. یا هەر ناوێکی تر ئەوکاتە ناوی باواجی لە ئارادا نەدەما، تەنانەت هەرباسیش نەدەکرا، جێی خۆیەتی لەم دەرفەتەدا ناوی ئەو کەسایەتیانە تۆمار بکەین، کەبۆ یەکەم جار شەرەفی بەشداریبونیان لە دامەزرانیدا هەبووە.

١-مامۆستا زاهیر ٢- سەردار ئەحمەد عەبدوڵلا ٣- ئەنوەر تیر خدر ٤- جانا تۆماس جانا ٥- وریا ئەحمەد عەبدوڵلا ٦- سیامەند عزەت تاهیر ٧- فواد سەعید ئەحمەد ٨- عەتەڵلا حەنا عبدالکریم

٩- ئسماعیل مستەفا قادر.

بە درێژای تەمەنی پرشکۆی ئەو تیپە بەرهەمی ئێجگار خۆش و ئاوازەی پێشکەشی بینەر و گوێگری کورد کردووە ، زۆر بەدڵسۆزیەوە بەڕوحێکی تەژی کوردانەوە پەیامی ڕەسەنی کوردیان بە خەڵك گەیاندووە، لە یەکەم ڤیستیڤاڵی هونەری کوردی کە لە شوباتی ١٩٧٤ لە بەغدا بەسترا، لە ناو سەرجەم تیپە موزیکەکانی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەستهێنا هەر لەبەر ئەو ئاستە بەرزە تیپەکە بوو، مامۆستای مەقاماتی کوردی (عەلە مەردان) لە یەکێك لە دیدارەکانی کە لەگەڵ ڕادیۆی دوردی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٦ ئەنجامی دابوو، ئەو تیپە

بە چاكترین تیپ لە كوردستان لە قەڵەم دا، ئێستا دوای بەسەرچوونی ئەو تەمەنە پڕ بەخشش و دوورو درێژەدا بەچاوێكی ڕەخنەگرانە سەرەنج لە چالاكی و كارەكانی ئەو تیپە بدەینەوە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بەتایبەتی لەم دەساڵە دواییەدا، ئەو تیپە دەكەوێتە بەردەم پرسیارو تێڕامانەوە؟ دەبینین تیپەكە ئەوكات درەوششاوەتر بوو لە چاو ئەمڕۆدا، دەتوانم بڵێم ئیزافەو داهێنانێكی ئەوتۆی دروست نەكردووە، چونكە ئێستا بەشی هەرە زۆری جموجۆڵەكانی تیپەكە خۆی لە بەشداریكردن لە ئاهەنگ و بۆنە حیزبیەكاندا دەبینێتەوە، كە ئەوەش هەرگیز لەگەڵ سەنگ و شكۆی ڕابردویدا ناگونجێ.

كورتەیەك لە بارەی ژیانی فەقێیاتی كۆیە

پێش بڵاو بوونەوەی قوتابخانە هاوچەرخەكان، تاكە سەرچاوەی فێربوونی خوێندنەوەو نوسین لە كوردستاندا حوجرەی مزگەوتەكان بوو، لەو ڕۆژەوە ئاینی ئیسلام لەڕێگەی(فتوحاتەوە) هەژموونی بەسەر نیشتمانەكەماندا كرد، گەلی كورد بەدڵو بەگیانو باوڕەوە ئاینە نوێكەی كردە میتۆدو ئەجندای ژیانی خۆیو پارێزگاری لێكردوو قوربانی زۆری لە پێناو داوە، هەموو گوندو شارەكانی ئەم نیشتمانە مزگەوتی

لێدروست کراو مەلای بۆ دانرا، زۆرێك لەماڵەکانی کوردەواری لە ڕووی پێداویستیەوە، کەم و کورتیان هەبوو، بەڵام بەدەگمەن مزگەوتەکان ئەو کێشەیان هەبوو، لەو مزگەوتانەوە دەیان مەلای بەناوبانگ و نوسەرو سەرکردەی لێوەشاوە پێگەیشتن و خزمەتی ئاینی ئیسلامیان کرد. هەر لەم مزگەوتانەی کۆیەوە چەندین مەلاو فەقێ و میرزاو شاعیرو هونەرمەند سەریان هەڵدا لەو ڕوانگەی سەرەوە دەشێ بڵێین مزگەوتو مەلای کورد لە ڕۆژگارێکدا، ڕۆڵی مێژوویان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری و سیاسی گەلەکەمان گێراوە، بەتایبەتی لە سەدەی بیست و یەك بەولاوە..! خوێندن لە مزگەوتەکان یاخود فەقێیاتی کارێکی هەروا هەرەمەکی و ئاسان نەبوو، گەیشتن بەپلەی مەلایەتی، دەیان کۆسپ و تەگەرەی لە بەردەمدا بوو، بەشێوەیەك فەقێ بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی لە ورێگایەدا بەسەر دەبرد، سەرەنج لەبلیمەتێکی وەکو(حاجی قادری کۆیی) بدە ئەو لەساڵی ١٨١٦ لە دایك بووە، دوای ئەوەی دەگاتە قۆناغی فەقێیاتی لە هاوینی ساڵی ١٨٥٣ لەگەڵ(مەلا عەبوڵلای جەلی زادە) وەك دوو فەقێ بۆ خوێندن ڕوو لەگوندی شێخ وەتمانی ناوچەی باڵەکایەتی دەکەن، دوای ماوەیەك(حاجی) لە (مەلا عەبوڵلا)ی هاوڕێی جودا دەبێتەوە پاشان بۆ تەواو کردنی خوێندنی مەلایەتی

بەتاقی تەنها بەرەو شارەکانی(سەردەشت و سابلاغ و شنۆ) دەچێت بۆماوەی حەوت ساڵان لەو شارانە بەفەقێییاتی دەسوڕێتەوە..! ئەو کاتە پروگرامەکانی حوجرە تەواو دەکات و قۆناغی فەقێیاتی بەسەرکەوتویەتی دەبڕێ، ئینجا ئیجازەی مەلای دوانزە عیلم وەردەگرێ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە(حاجی قادر) چل و شەش ساڵی رەبەق لەتەمەنی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئیجازەی مەلایەتی تەرخان کردوە !!ئەوە بۆپیاوێکی زیرەك و بەتوانای وەکو(حاجی) بەزەمەنێکی قیاسی حساب دەکرێ، ئەی ئەگەر فەقێیەکی تەمبەڵ بیەوێ ئیجازەی مەلایەتی بەدەست بێنێ، چەند ساڵی پێدەچێ!؟ بۆ بەدەست هێنانی ئیجازەی مەلایەتی، زۆربەی فەقێکانی کورد سنووری گوندو شارانیان دەبری، تەنانەت هەندێکیان دەگەیشتنە(سابلاغ و سەمەرقەندو قەندەهارو شام)، بەهۆی ئەو گەران و سورانەوە، ژمارەیەك شارەزای زمانەکانی فارسی توركی دەبوون، سەرەڕای زمانی عەرەبی، کەزمانی خوێندنەکەیان بوو.. کاتێك بە مێژوو دا دەچینەوە، دەبینین ڕەگ و ڕیشەی زۆربەی رابەرو سەرکردەکانی کورد، لە مەلا یاخود شێخەکان بوون. سەرەڕای باگراوندی گەلێك لە ڕوناکبیران و شاعیرانی کورد لە وێنەی (قانع و ئەدیب و نالی و بێخود و حاجی و خانی و مەلای گەورەو مەحوی و هەژارو

هێمن) و دەیانی تر لە حوجرەی مزگەوتەکان بوون..(حاجی) لە نامەیکدا بۆ مەلاعەبوڵڵای هاورێی نوسیوە دەڵێ: (بەبیرت دێ، کەهەر دووکامان فەقێ بووین چوینە باڵەك ، بە پێخواسی نە کەوشمان بوو، نە کاڵەك).

ڕۆژگارێك نزیکەی سێ سەد فەقێ لە مزگەوتەکانی (مەلا جامی و سەرباغ و حەتك و ڕەشەو مەلا ئەسعەد مزگەوتی گەورە) دەرسیان خوێندووە، لەسەر دەستی مامۆستایان(جەنابی مەلای گەورە مەلا قادر گۆپتەپەو مەلا عومەری خدرانی و مەلا مەعسوم هەورامی و مەلاحمەدامین چۆم حەیدەری) هەروەها لە گوندەکانی دەشتی کۆیە، سەدان فەقێ لە مزگەوتەکانی (ئیلنجاغ و گۆمەشین سێگرتکان و ئۆمەر گومبەت و خرابەو بۆگدو دۆندارو پێبازۆك و کانی کوردە) دەرسی فەقێیاتیان دەخوێند.. خوێندنی فەقێیاتی لە سەردەمی(مەلای گەورە) گەیشتە ئاستێکی بەرز، ئەو زاتە جگە لەوەی پیاوێکی ئاینی پایە بەرز بوو، لە هەمانکاتدا ڕیفۆرمخوازێکی ئاینی و کۆمەڵایەتیش بوو، ئەو لە ڕیزی (محمەد عەبدەو جمال لادین الافغانی) دا بوو، بەڵام داخەکەم کورد بوو، بۆیە جیهانی ئیسلام و عەرەب فەرامۆشیان کرد. هەروەکو چۆن قوتابی لەم ڕۆژگارەدا، تا خوێندن تەواو دەکات، بە چەند قۆناغ تێپەر دەبێت، بەهەمان شێوەش فەقێش تا

دەبوو بە مەلا بە چەند وێستگەدا ڕەت بووە، بە جیاوازی خوێندنی پڕۆگرامەکان:-

١- سوختە:

منداڵ لەتەمەنی دەساڵیەوە دەچوە حوجرە، لەوێ تەسلیمی فەقێیەکیان دەکرد، لەم قۆناغەدا فێری هەندێ شتی سەرەتایی دەبوو، لە بابەت: هەڵسوکەوت و ڕەفتارو ڕاهاتن لەسەر ژیانی فەقێیاتی.. سوختە ناخۆشترین قۆناغەکانی خوێندن بوو، چونکە ئەرکی زۆری لەسەر بوو دەبوو پانزە کتێب دەربارەی(نحو صرف وبلاغە) بخوێنێ و ئەزبەریان بکات، جگە لەم خوێندنەسوختە دەبوایە(راتبە) بۆ خۆی و فەقێکان کۆبکاتەوە و سەراپی ئاوهێنان و چالێنان و ڕێکخستنی ژووری موستەعیدو ئاوبەدەست داکردنی، یەکێك گێڕایەوە: جارێکیان بۆ راتبە کۆکردنەوە چوومە ماڵێکەوە لەدەرگام دا کچێکی باڵابەرزو جوان دەرگای کردەوە، پێی گووتوە تف لەو بەژنە بۆ ناچی کاسبیەکی تر بکەی، دەڵێ: ئیستاش کەسەیری ئەو ماڵە دەکەم هەست بەشەرمەزاری دەکەم.

٢- ناسکە موستەعید:

کاتێك فەقێ کتێبی جامی تەواو دەکرد، دەچوو بۆلای مەلایەکی تر لە گوندێکی دیکە لەم قۆناغەدا سوختەیەکی بۆخۆی دیاری دەکردو دەیهێنایە لای خۆی، لەم قۆناغە

پێویست بوو فەقێ ژمارەیەك كتێب لەسەر فەلسەفەو ئاداب‌و ئیعراب‌و ئیستیقامە بخوێنێ‌و لە بەریان بكات

٣- موستەعیدی ئاخر مادە:

لێرەدا فەقێ دەگەیشتە ئاست‌و پلەیەكی بەرز ، خۆی لە مەلا بەكەمتر دانەدەنا، بابەتی خوێندنەكەی لەسەر زانستی كەلام‌و حیكمەت‌و فەلەكیات‌و ریازیات بوو.. بۆ ئیجازە وەرگرتن دەچووە لای مەلایەكی بەناوبانگ دوو ساڵی دەخایاند، لە هەمان ئەو گوندەی بڕوانامەكەی پێدەبەخشرا، یەكێك لە ئامادەبوانی مەجلیسەكە كچێكی خۆی پێشكەش دەكرد، هەرلەوێش گوندێكی بۆ دەستنیشان دەكرا، تا مەلای ئەو گوندە بێت.

٤- مەلای دوانزە عیلم

كەس نیە ئەم ڕستەیەی سەرەوەی نەبیستبێ، كەواتای ئەوەیە ، مەلا لەملوەی خوێندنیدا بە چاكی ئەم زانستانەی خوارەوەی خوێندووەوە پراكتیكی كردووە ، زانستەكانیش ئەمانەن (علم الاداب والمناضرة، علم المعاني والبلاغة، علم الوضع، علم صرف والاشتقاق، علم النحو والاعراب، علم البديع ، علم البيان والا ستيعارات و المجاز، علم اصول الفقة، علم الحديث، علم التفسير، علم الكلام والعقائد، علم الميراث والشريعة).

جۆرەکانی مەلا

لە بواری پەروەردەدا ئەمڕۆ مامۆستیان ئاستی زانستی و پەروەدەیان وەك یەك نیە، زۆرجار گوتویانە ئەم مامۆستایە زۆر زیرەکە، فلانە مامۆستا وەك پێویست نیە، مەلاکانیش هەر لە کۆنەوە ئاستی زیرەکی و شارەزاییان چۆن یەك نەبووە مەلاکانیش دابەش بوون بەسەر :—

یەکەم مەلای هەرە چاك.. دووەم: مەلای چاك.. سێیەم: کۆلکە مەلا.. چوارەم: گۆلکە مەلا.

وەلآمێکی هێمن بۆ مەلا عوبێد

لە ژمارە (٢٤) مانگنامەی کۆیەی ئازیز بابەتێکم بلآوکردەوە بەناونیشانی (کورتەیەك لە بارەی فەقێیاتی لە کۆیە) هەر لە هەمان مانگنامەدا ، ئەمما لە ژمارەیەکی دواتر کاك مەلا عوبێد نوسینێکی ڕەخنە ئامێزی لەسەر نوسینەکەی ئێمە بلآوکردەوە. پێدەچێت کاك مەلا عوبێد بە جوانی نوسینەکەی ئێمەی نەخوێندبێتەوە، بۆیە لێرەدا ڕونکردنەوەو باری سەرەنجەکانم سەبارەت بە وەلآمەکەی ناوبراو بەم شێوەیە دەخەمە بەردیدی ئەو بەڕێزەو خوێنەران.

سەرەتا لە خاڵی سێیەمی ڕەخنەکانیەوە دەست پێدەکەین ، چـونکە وەکـو دیـارە زیـاتر لـە شـتەکانی دیکـە نیگـەرانی کردوون..!!

١- پێم خۆشە مەلا عوبێد بزانێ من زانیاریەکانی بابەتەکەم بەهەوەنتە نەنووسیوە ، بەڵکو لە ئامادەکردن و نوسینەوەیاندا پشتم بەچەندین کتێب و سەرچاوە بەستووە ، کە پێدەچێت مـەلا عوبێـد هـەر نـەیبینیون ، ئـەگینا هـەرگیز بـەم شـێوەیە نەدەپەشـۆکا، واتـا بابەتەکـەی ئێمـە دەرئـەنجامی کۆشـش و ئـەزموونی دەیـان ساڵەی ژمارەیـەك مامۆسـتای هەڵکـەوتووی گەلەکەمانــە ، کــە هــەموو تەمــەنیان لــە حوجرەکــان و خزمــەتکردنی مزگەوتــەکان بەســەر بــردووە ، یــەکێك لــەو بەرێزانـە:(مـەلا مەعسوموەمەلامحمد عەلیاوەییە)کەلە چلەکانی سـەدەی ڕابـردوو لـەم شـارە فـەقێ بـووەو لەسـەر دەسـتی(مـەلا مەعـسوم هـەورامی) خوێندویـەتی و پێگەیـشتوە ، ئـەو زاتـە بەسـەرهات و ڕووداوەکـانی ڕۆژانـی فـەقێیاتی خـۆی کردۆتـە کتێبێك بەناونیشانی (ژیانی فەقێیاتی لە کوردستان لە سەدەی (١٣و١٤)ی کۆچیدا کتێبەکە (دکتۆر فوئادمعسوم) پێشەکیەکی جـوان و پـوختی بـۆ نووسـیوە ، کەتێیـدا زۆر ستایـشی کتێبەکـەی کـردووە ، مامۆسـتا عـەلیاوەیی سـەبارەت

بەجۆرەکانی مەلا لە لاپەڕە (٩٣) ی کتێبەکەیدا مەلاکانی بەم جۆرە پۆلێنکردووە:-

١- مەلای هەرەچاك.

٢- مەلای چاك.

٣- مەلای زیرەك و تێگەیشتوو.

٤- کۆلکەمەلا.

٥- گۆلکە مەلا.

هەر لەهەمان ڕوانگەوە مامۆستا (عومەر شێخ لەتیف بەرزنجی) سەبارەت بە پلەو پایەی زانایانی ئاینی لە ڕووی زانستیەوە لە کتێبی (ڕەوشی حوجرە) بەم جۆرەی خوارەوە ئەژماریان دەکات:-

١-زانای چاك.

٢- زانای موفتی.

٣- زانای مودەریس.

٤-زانای تەواو.

٥-کۆلکە مەلا

كۆلكە مەلا.

جگە لەو راستیانەی سەرەوە من ڕووی پرسیارم ئاراستەی (مەلا عوبێد) دەکەم ئایا ئاستی زانیاری هەموو مەلاکان چون یەکە؟ ئایا ئاستی زانیاری و لێوەشاوەیی مامۆستایان مەلا بەشیرو عومەر چنگیانی وەك ئاستی هەندێ مامۆستای ترن ؟!! جگەلەوە ئێمە گەر تەسنیفەکەی مامۆستا عەلیاوەیمیان بەلاوەنا، ئایا ئەو گووتەو دەربڕینانە لە ناو خەڵکدا هەیە ، یاخود نیە ؟ بێگومان هەموومان بە ئەرێ وەڵام دەدەینەوە.. بۆیە نەدەبوو کاك عوبێد نوسینەکەی هەڵچون و دەمار گرژی پێوە بوایە!!!؟ بۆ وەڵام دانەوەی خاڵی دووەمی ڕەخنەکانی کاك عوبێد هەمدیسان پەنا دەبەمەبەر کتێبەکەی مامۆستا(محمەد عەلیاوەی) جەنابی لەلاپەڕە (٢٤) ی کتێبی ناوبراودا دەڵێ: (ئیشی سوختە لە مەدرسە جگە لە خوێندن ئەمانە بوون(چالێنان سوتەمەنی دابینکردن، ئاوهێنان، جێی مامۆستاکەی ڕادەخست و دەقی دەکرد، راتبە هێنان، گۆزە پرکردن بۆ مامۆستاکەی و ئاو بەدەست داکردنی)ئەگەر مەلای گوندی کاری هەبوایە ، دەبوو سوختە بیکات ، لە هەندێك شوێندا دەبوایە سوختە ئاو بۆ ماڵی مامۆستاکەشی بهێنێت و نەدەبوایە بخەوێ ، تامامۆستاکەی دەخەوت و جێی پێدەدا، زۆر جاریش وابوو جوان قاچ و پەنجەکانی مامۆستای دەشێلا،

نەدەبا لە حوجرەی مامۆستاکەیدا بەدەنگی بەرز قسان بکاتو بـە دەنـگ پێبکـەنێت، هـەر لـەبارەی ئەرکـەکانی سـوختە، مامۆستا(حەمە کەریم هەورامی) کەپتر لە چل کتێبی هەمە جۆری داناوە ، سەبارەت بەکارو ئەرکەکانی سوختە لە حوجرە لە لاپـەڕە (٣٧٩)ی کتێبـی(مێـژووی پـەروەردەو خوێنـدن لـە حوجرەکـانی کوردسـتان) دا دەڵـێ: ئـەو سـوختەیە ووردە ئیشەکانی جێ ڕاخستنو پاكو خاوێنی حوجرەو راتبـە هێنـان نـان ئامـادەکردنو جاروبـاریش ئیـشەکانی مـاڵی مامۆسـتای پێدەکرا، ئێستا داوا لە خودی مەلا عوبێدو خوێنەری ئازیز دەکەم چاو بەو پەڕەگرافەی مەلا عوبێد بخشێنن، کە دەڵێ (ئێمە خۆمان سووختەش بوینو موستەعیدیش بووین، شتی وامـان نـەکردووەو نـەدیوەو نەبیـستووە) کەواتـە مامۆسـتایان عەلیاوەییو هەورامی بوختانیان بۆ فەقێ هەڵبەستووە من لێرەدا لەبەرڕۆشنایی زانیاریـەکانی ئـەو دوو مامۆسـتایە پایـە بڵندە ، گومان لە مەلایەتی کاك عوبێد دەکەم ، چونکە بێگومان قـسەکانی مامۆسـتایان (محەمـەد عـەلیاوەیی و حەمەکـەریم هەورامی) ڕاستیان پێکاوەو هیچ گەردێکیان لەسەر نیە .... لە وەڵامی خاڵی سێیەمی ڕەخنەکاندا گووتومە (مزگەوت و مەلای کـورد لـە ڕۆژگارێکـدا ڕۆڵـی مێـژوویان گێـڕاوە ، لـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـەنبیری و سیاسـی گەلەکەمان بەتایبـەت لـە

سەدەی بیست و یەك بەولاوە ، کاتێك بەمێژووشدا دەچینەوە ، دەبینین ڕەگ و ڕیشەی زۆربەی ڕابەرو سەرکردەکانی کورد لە مەلا یاخود لە شێخەکان بوون). ئەگەر بەوردی و بەدیقەت ئەو پەیڤە چڕوپڕانەی سەرەوە بخوێنیتەوە . چ پێویستی دەکرد مەلا عوبێد بڵێ: (حوجرە تاکە سەرچاوە بووە بۆ بیری نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و وولات پارێزی ، پێشەواو سەرکردەی شۆرشەکانی کوردستانی گەورە مەلاو شێخ و هەڵگرانی پەیامی حوجرە بوون). باشە ئەوە جوینەوە و دوپاتکردنەوەی قسەکانی ئێمەی نیە؟. کاتێك مەلا عوبێدلە نوسینەکەیدا خوێندن و لە حەجرەکان بە خوێندنی زانکۆ دەچوێنێ ، من لێرەدا ئەو قسەیە دەخەمە ژێر پرسیارەوە ؟ هەمموومان دەزانین خوێندن لە مزگەوتەکان ، ئەو پەڕی مەلایەکی باشی لێهاتۆتە دی ، کەچی خوێندن لە قوتابخانەو زانکۆ هاوچەرخەکاندا دەیان زاناو سەدان بلیمەتی وەکو (ئەنەشتاین و ئەدیسۆن) ی پێگەیاندووە، کە لە سایەی ئەواندا مرۆڤایەتی بەم ڕۆژگارەی ئێستا گەیشتووە ، وانەکانی ناو حوجرە و مزگەوتەکان پەیوەست بوون بە (قورئان و ژیانی پێغەمبەر(د.خ) و فەرمودەکانی نەحو و صرف و بەلاغەو ئیعراب و میرات و تەفسیرو شەرع و عەقیدەو هتد...) کەچی خوێندن لە زانکۆکاندا بریتە لە فیزیاو کیمیاو ئەندازەو

بایەلۆجی و نوژداری و کۆمپیوتەرو هونەرو وەرزش و هەموو زانستە هاوچەرخەکان ، ئێستا دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی هەردوو بابەتەکە بووینەوە دوا لە کاك عوبێد دەکەم بەهێمنی حوکم لەسەر هەردوو بابەتەکە بدات ، کامەیان ڕاستی پێکاوە ، ئایا ئەو سنووری بەزاندووە، یاخود نووسینە بە بەڵگەو زانستیەکەی من؟.

مەربێنە قەدیشە(شێم حەمەدی دێریٚ)و شەڕی هەرمۆتە

ئەم کوردستانە خاکی جوانیو دارستانەکانە.. مێژووەکەی بە فرمێسكو خوێن نوسراوەتەوە، (خانیو گۆرانو هێمن) جوانترین هەڵبەستەیان لە بەرۆکی ئەم نیشتمانە بێنازە داوە.

لە سەردەمی تۆفانەکەدا ئەو دەمەی حەزرەتی نوح خۆیو هاوپەیڕەوانی لەسەر پشتی کەشتیەکە گیریان خواردبوو.. لە خودا پاڕایەوەو گوتی﴿ربي إنزلني منزلاً مباركاً﴾ واتا.. خوایا وابکە لە شوێنێکی پیرۆز کەشتیەکەم ئارام بگریٚ.. پێدەچێت خوای گەورە لە کوردستانی بە پیرۆزتر دەست نەکوتبیٚ، بۆیە چیای(ئارارات)ی پێنیشاندا بۆ گیرسانەوەی کەشتیەکە.

ئەم نیشتمانەی کوردان بە درێژایی رۆژگار جێی تەماعی گەلانی دەرو دراوسیٚ بووە.. هەر جارەی لە بەرگێکدا پەلاماریان داوەو داگیری کردووە، هەر لە هێرشی رۆمو فارسو تورکەکانەوە تا دەگاتە پەلاماری عەرەبەکان.. هاتنی ئەوان زنجیرەیەك شەڕی خوێناوی لە نێوان سوپای داگیرکەرو دانیشتووانی گوندو شارەکان بەرپابوو.

شەڕی هەرمۆتە ئەلقەیەکە لە زنجیرەی ئەو شەڕو پێکدادانانەی ئەو سەردەمە، دیانەکان هاوڵاتی رەسەنی ئەم نیشتمانەن بە درێژایی مێژوو خۆشیو ناخۆشیەکانی گەلی کورد بوون، گیرو کێشە بوون.

دوای ئەوەی سوپای عەرەبان گەیشتە کوردستان بەشێك لە هێزەکەیان رووی لە هەرمۆتەو کۆیە کرد.. بە هۆی ئەوەی

ئـەوان ئامـادە نـەبوون دەسـتبەرداری ئاینەکـەی خۆیـان بـن، عەرەبە موسڵمانەکان پەلاماریان داونو شەڕێکی خوێناوی لـە نێوان هەردوو لا هەڵگیرساوە.

شێخ حەمەدی دێریٚ کە پیاوێکی ناسراوی ناوچەکە بووە، هـەوڵی زۆری داوە ئـاگری جەنگ لـەم ناوچەیە دووربخاتـەوە.. بەڵام بە داخەوە لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزە سەر تێدا چوو و ئاواتەکەی نەهاتەدی.. دوای کوژرانی ئەو شەڕێکی سەخت هەڵگیرسا، کە تێیدا سیٚ هەزار کەس لە دانیشتووانی هەرمۆتە بوونە قوربانیو حەوت سەدیشیان لیٚ بەدیل گیراوە، پاشان ئەوانیشیان تیربارانکردوەو دەستیان بەسەر ماڵو حاڵیشیان داگرتووە.

لـەو بارەیـەوە(مـەلا رەئـوف حـەوێزی) بـە پارچـە شـیعرێك وێنای لایەنێکی بچووکی ئەو شەڕەمان بۆ دەکات:

لەولاش کوردان زۆر بە تەدارەك
هاتنە روو بە ڕووی یارانی دڵپاك
سەحابان دەستیان کرد بە هەڵمەت بردن
لەم لاو لەولا بوو بە تالان کردن
لەناو ئەو دێیە دەنگ بەرز بۆوە
عالەمێکی زۆر خێرا کۆبۆوە
پاش شەڕێکی زۆر تیپی ئەرمەنیان
زۆریان شەهید کرا لە سوپای ئەسحابان
تالانەکەیان هەموو ساندەوە

لەولاش عەبدوڵلا بە تاك مایەوە
دوای جوهدێکی زۆر، مەردی بە ئخلاس
جا شەهیدیان کرد، کوردی خوانەناس

لەو رۆژەوە مەزاری شێم حەمەدی دێریێ بۆتە هێمای ئاشتی و سونبولی برایەتی نێوان هەردوو ئاینی ئاسمانی(مەسیحی و ئیسلام) ، مەزارگەی لە ساڵی(١٩٨٨) وەکو هەموو شوێنە مێژوویی و پیرۆزەکانی کوردستان کەوتە بەر رقی رەشی بەعسیەکان و وێرانیان کرد.. بەلام خۆشبەختانە دوای راپەرینی ئەم شوێنە چەندین جار چاککراوەتەوە و نویێ کراوەتەوە.

خەوتنی سەربانان لە هاویندا

رۆژگاری زوو هێشتا دەستی مرۆڤ.. جوانی خاوێنی سروشتی نەشێواندبوو، مرۆڤیش بەدەست گەرماوە وەکو ئێستا هەراسان نەببوو.. شەپۆلی خۆڵبارینی عەربستان کوردستانی نەدۆزیبۆوە.. ئەو دەم خەوی سەربان خۆشی و تام و بۆیەکی تایبەتی هەبوو.

هەر لە وەرزی بەهارەوە خەڵك دەچوون بە کەرو بار لە چیاکانی دەوروبەر داریان دەبڕیەوە و دەیان هێنایەوە ماڵەوە.. کاتێکیش ئاوو هەوا گەرم دەهات و خەوی ژوورەکان قورس دەبوو.. خەڵکەکە پەیتا پەیتا سەردەکەوتنە سەربانەکانەوە،

دوای ئەوەی دارو چرۆ بڕاوەکانیان بە ڕێك و پێکی ڕادەخست، ئینجا ڕووەکی شیواشینك کە بە ڕێکی هەیە بەقەد بادەمچەیە.. بەڵام تاڵە، لە کرۆژو فەقێیان و سێنانەوە دەیان هێنا و لەسەر دارو چرۆکان ڕایاندەخست تا شوێنی خەوتنەکە نەرم بێ، دوایی بە(بەرچیغ) چیغیان لە ئەتراف ئەو دارانە قایم دەکرد هەرچی ماڵە ئاغاو دەوڵەمەندەکانیش بوو، ئەوا تەختەبەندیان دروست دەکردو بە ئەڵقە ڕیز بە یەکیان دەبەستاوە، بۆ ئەوەی بانەکان فێنك ببنەوە هەر لە ئێوارەوە بە ئاو دەیان پرژاند.. بەرلەوەی تیشکە زێڕینەکانی خۆر ماڵئاوایی لە شار بکەن، ژنان شەربە یا خود گۆزەیان پڕ لە ئاو دەکردو لە ئێوارەوە لەسەر ستارەی ماڵانیان دادەنا، بە هۆی کزەبای شەوانەوە ئاوەکە ئەوەندەیتر ساردو سازگار تر دەبوو.. لەزەت و خۆشی ئاو خواردنەوەی درەنگانی شەوان هەرگیز لە شاشەی بیرەوەریەکان ناسڕێتەوە.. کاتێك دەستێکت بە ملی شەربەکەوە دەگرت و بە دەستەکەی تر شەربەکەت هەڵدەگرت.. لەگەڵ قرپە قرپەی هاتنە خوارەوە ئاوەکە بە گەرووی شەربەکەوە ئەو دەم زەنگوڵەی ئاو ڕێچکەی دەبەست بەلامل و سینگدا شۆڕ دەبووەو تێرو پڕ ئاوت دەخواردەوە.

گەلێك جار تابلۆی ئەو دۆشەگ و لێفە قەد کراوانەی سەر ستارەی ماڵان کە ژنان دایاندەنا تا فێنك ببنەوە بەر لە ڕاخستنیان سەرنجی ئەوسا و یادەوەریەکانی دوێنێ ئەوڕۆژێنێ بە تایبەت لەنجەو نیگای کچانی شۆخ و شەنگ کە

لەگــەڵ ســەرکەوتن و هاتنــە خوارەوەیــان حــەزی گــەنجانی گەڕەکیان بەلای خۆیاندا رادەکێشا.

پێم وایە خەوتنی شەوانی ئەو سەردەمە گەلێك خۆشترو تەندروستی تر بوو لە خەوتنی بەر موبەریدەو سپلیت و هتد... کە زۆربەمان بە هۆی ئەو هەوا ناسازەوە لەشمان دوچاری بێتاقەتی و قورسی و تەنانەت هەندێك نەخۆشیش دەبێتەوە.

ئەفسوس بۆ ئەو کاتانەی کە هەر هێندە لەسەر جێگا رادەکــشاین.. ئیــدی شــنە بــای شــیوی رەزان و کزەبــای هەیبەسوڵتان دەیبردینە خەوێکی قوڵ و ئەفسوناویەوە.

یەك پۆشی لە زانکۆکان و هەندێ مەسەلەی تر

هەمووومان باوەڕمان بەوە هەیە کە زانکۆ ناوەندێکە رۆڵی مەزن دەگێڕێ لە گشت ئاڵ و گۆڕە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگادا.

ئــەوەی چــوبێتە قوتابخانــە هەمیــشە ئــاواتی بــەو رۆژە خواســتووە رۆژێــك دابــێ بڕوانامــەی یــەکێك لــە کۆلیــژەکان بەدەســت بــێنێ.. لــە رابوردوشــدا واتــا لــەو رۆژگارانــەدا کــە دکتاتۆریــەت وەکــو شــیرەکەی دیموکراســی هەمیــشە بەســەر سەری گەلەکەمانەوە بوو.. ئەو دەم زانکۆ بۆ خوێندکاری کورد وێرای ئەوەی وێستگەیەك بوو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی زانستی.. لە هەمان کاتیش دا شوێنێك بوو بۆ خۆگۆش کردن

به بیری نەتەوایەتی و نیشتمانی و ئاشنا بوون بە رۆشنبیری گشتی و هزری مرۆڤایەتی.

نمونە هەرە زیندووش لەم بوارەدا بڵاوبوونەوەی بیری شۆرشگێڕی و کوردایەتی لە ناو ریزەکانی بەشێکی زۆری خوێنکارانی کورد لە زانکۆکانی بەغداو موسڵ و سەلاحەدین.. دواتر بەرجەستە بوون و رەنگدانەوەی ئەو بیرو هەستە لە ریزەکانی(ه.پ.ك) کە لە ئەنجامدا ئاڵوگۆرێکی چۆنایەتی لە ناو شۆڕشدا هێنا کایەوە، لەو رۆژە سەختانەدا وێرای جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی رۆژانەیان، خوێندکاران بەدوای سەرچاوەکانی رۆشنبیری دا دەگەران، هەر کاتێك رۆمانێك، یاخود دیوانی شاعیرێك تەنانەت کە قەسیدەیەکی جوانیشیان پێدەگەیشت، چەندین جار ئەم دەست و ئەودەستی پێدەکرا، ئەگەرچی ئەودەم ئاستی بژێوی زۆربەی خێزانەکانی کوردستان نزم بوو، بەڵام بەشی هەرە زۆری قوتابیان و گەنجان، رێژەیەکی زۆری ئەو پارانەی کە وەریان دەگرت لەکەس و کاریان تەرخانیان دەکرد بۆ کرینی کتێب، هەر لەبەر ئەو هۆکارە بوو ئاستی رۆشنبیری و زانستی قوتابیان بەرزتر بوو بە بەراورد لەگەڵ ئاست و جۆری رۆشنبیری نەوەی ئەمرۆ، ئەگەر چیش رەگەزەکانی خۆ رۆشنبیرکردن و پێگەیاندن لەم سەردەمەدا زۆر بەرینترو ئاسانترن لەچاو هەل و مەرجی ئەوێ رۆژێ . لە ئێستادا ئەوەی سەرنجی لە رەوشتی خوێندنی زانکۆکان دابێ بۆی دەردەکەوێت کە کۆمەڵێك کێشەو گرفت رێگرن لەبەر دەم پێشکەوتنی کاروانی پەروەردەو فێرکردن لەو

زانکۆیانەدا یەکێك لەو گرفتانە کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە تیشکێکی بخەینەسەر مەسەلەی (بالاپۆشی) خوێندارانی زانکۆیە.

هەرکەسێك لە ئێمەومانان لەکاتی دەوامی فەرمی دا سەردانی زانکۆی کردبێت، بەر لەهەموو شتێك پۆشینی جلو بەرگی خویچندکاران بەتایبەتی هی کچان سەرنجی راکێشاون ئێستا بەهۆی پەیرەو نەکردنی سیستمی یەکپۆشی (زی موحد) لەلایەن خوێندکارانەوە گۆرەپانی زانکۆو هۆلەکانی خوێندنیان زۆر لەسالۆنی نمایشی شێوازەکانی جلو بەرگی بێگانە دەچێ

رەنگبێ هەندێ خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەوپەیڤانەی سەرەوە بەکۆنە پەرستم بدەنە قەلەم، بە پێچەوانەوە من لەگەلْ ئەو پەری پێشکەوتنی زانکۆ دام لە هەموو رووەکانەوە، چونکە ئایندەی گەلەکەمان بەندە بە ئاستی پێشکەوتنی زانکۆکانمانەوە، بەلام پێشکەوتن لەرووی ناوەرۆکو گەوهەرەوە بێت نەك لەرووی فۆرمو مەسەلە لاوەکیەکانەوە

مانەوەی ئەو دیاردە نێگەتیفە بەو شێوەیەی ئێستا جگە لەوەی زەرەرو زیان بە پرۆسەی پەروەردە دەگەیەنێ کاریگەری‌خراپیشی لەسەر سایکۆلۆجیەتو بژێوی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران بەجێ دێلێ !

هەمووشمان ئەو راستیە دەزانن کە زانکۆ شوێنێکی پیرۆزە خویچندکار تێیدا فێری رۆشنبیری هاوچەرخو ژیانی نوێ و میتۆدەکانی ئازادی‌و دیموکراسی‌و ...هتد دەبێ نەك وەکو

ئـەوەی لــە ئێــستادا هەیــە کــە ژمارەیــەکی بەرچــاو لــە خوێــچندکاران کێبرکێیانـــە لەســـەر بەدەســـت هێــچنانی پێـشکەوتوو تـرین مۆبایـل و نوێترین جۆرەکانی جل‌و بـەرگی بێگانەو تازەترین ستایلەکانی قژبرین‌و ماکیاژکردن

نووسەر لەچەند دێڕێکدا

* لەساڵی ١٩٥٦ لە دایك بووە

* لەساڵی ١٩٧٨ قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە

* لەساڵی ١٩٨٠ بووە بەفەرمانبەرو هەر لەوساڵەشدا پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە

* لەساڵی ١٩٨١ وە تا ساڵی ١٩٨٩ پێشمەرگە بووە لە تیپەکانی ٩٣ ی کۆیە و ٨٦ ی دەشتی هەولێر

* لەدوای راپەرینەوە تاکو ئەمرۆ درێژەی بەخەباتی سیاسی داوە لەریزەکانی ی ن ك

* لەساڵی ١٩٨٩ وە خێزانی پێك هێناوە سێ منداڵی هەیە بە ناوەکانی فرمێسك و بیزا و باهۆز

ئێستا بەرێوەبەری رۆشنبیری منداڵانی کۆیەیە

چوارتاقان

پاشماوەی قەڵای شیلە

دیمەنێك لەمزگەوتی گەورەی كۆیە

پاشماوەی دیوەخانی مەحمود ئاغا

شاری كۆیە كە لەدوورەوە
قشڵە بەجوانی دیارە

لاوك بێژی بەناوبانگ (كاوێس ئاغا)

جولەکەکانی کۆیە سالّی ١٩٤٢
لەچەپەوە (ئاحومی صالّح ،
شەلکەی زێرنگر، بنیامین مۆشکە
شەمتۆی زێرنگر،زەریفە هاروون
بولبول کراوە بەبورك کچی (شەمتۆ)
شەزرە مۆردخای، رەحمین زەریفە حایە
سەمحە سالّحۆك، لەیلا هاروون
سیمان سالّحۆك .

خوالێخۆشبوان : حەمەد ئەمین
عەباس و حەمە گەمحان

شەهید قاسملو- بێرنارد کۆشنەر
بەرێز مام جەلال

سێوە لەناو ستۆدیۆی ئێزگەی بەغدا ..
بەشی کوردی لەمانگی نیسانی ١٩٥٣ لەکاتی
تۆمارکردنی مەقامەکانی بەیارمەتی
مۆسیقاژەنەکانی ئێزگە (احمد الخليل) بەعود
(ئایڤن بەهنام) بەنای ، (قادر دیلان) بە کلارنێت
(نازم نەعیم) بە کەمانجە
(عبدالاحد جرجيس) بە قانون

لەمەر کوییەك کورد هەبێ تەزبیحی لێیە

یەکێك لە پیشەگەرەکان

قەسری کاکە زیاد

دەبێ ئەم خونچەیە بیر لەچی بکاتەوە !؟

ڕۆژگارو ڕەشەباو پشتگوێی خستە دارەکانی
جوانترین دەروازەی ئەم شارەیان ڕەنگ زەردو کەنەفت کرد

کاتێك وێنە دەدوێ

لەراستەوە: ڕێبوار سلێنگی، مام هەژار، مەلا دلشاد، سەلین هومەر / گوندی ئیلنجاغ ساڵی ١٩٨٦

ڕۆژگارێك (کورتان دروو) یی لەبەرەوداهوو

تیپی مۆسیقای باراجی

منداڵان لەسەر شانۆ

ئاشی دێرین

ئارامگەی هەیبەسوڵتان لەدامێنی ئەوزنجیرە
چیایەی کە هەر بەناوی ئەم کەسایەتیەوەیە

یەکێک لە چایخانەکانی کۆیە

سەردەمانێک پیشەی ئاسنگەری لەمەڕمێندا بوو

دیمەنێکی یەکێک لە گەرماوەکانی دەرەوەی کۆیە

ژووری یەکێک لە گەرماوەکانی کۆیە

بەرێز(حاجی کریم سلیم) خاوەنی ئەوچاپخانەیەی
کە هەر بەناوی خۆی بەناو بانگ بوو

گرتەیەك لە ئاهەنگی نەورۆزی کۆیە لە ساڵی ١٩٦١

مستەفائیبراهیم ناسراو بە (مچە سوسکە)

مەلیکە گچکە، فەیصەڵی دووەم کەلە شۆرشی
ساڵی ١٩٥٨ بەخۆی و بنەماڵەکەیەوە کوژران



وێنەی پردی (دەروێش خدر) لە ساڵی ١٩٥٢

دیمەنێکی شاری کۆیە لە ساڵی ١٩٥٨

(دڵدار) خاوەنی شیعری
مارسیلیزی کوردن (ئەی ڕەقیب)

خوالێخۆشبوو (مەعروف چیاوك)

کەنیسەیەکی کۆیە

یەکێك لەپیشەگەریەکانی کۆیە

خانی شاعیر

پیشەی (جۆلاّ)

شاعیری نەتەوەی کورد (حاجی قادر)

مێژوو نوس (مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی)

سیاسەتمەدارو مامۆستای پارتیزانی شۆڕش
(شەهید دکتۆر خالید)



زانای کۆمەڵ ناس و دۆستی
گەلەکەمان بەڕێز (ئسماعیل بیشکچی)

(خان) کە کاتی خۆی کاروان
سەرای بازرگانی بووە

پاشماوەی ئاشی ئاو

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com


لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە